# کابینەی نۆیەم

## سەروەریی یاسا .. حکومەتێکی خزمەتگوزار

لەناو پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا، حکومەت، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بڕبڕەی پشتی سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمڕانی و پەرەپێدانی بەردەوامە، هەر بۆیە کاتێك دوو دەسەڵاتەکەی دیکە (یاسادانان و دادوەری) دەبنە هاوکار و هەماهەنگی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەوا پرۆسەی پەرەپێدان بە شێوەیەکی خێرای ئەوتۆ هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵدەگرێت کە زۆر جار نازانرێت سیحری ئەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرایە لەناو کۆمەڵگە چۆن ڕوودەدات.

حکومەتی چالاك و کاریگەر، هەموو کات لە پرۆسەی حوکمڕانیدا، سیاسەتی ئابووری لەسەر بنەمای ئابووریی بازاڕ پیادە دەکات، ئەمەش بەو مانایەی، هاوکات لەگەڵ حکومەتێکی چالاکی قەوارە بچووکدا، کەرتێکی تایبەتی بەهێز، دەکات بە هاوبەشی پرۆسەی حوکمڕانی و جیا لەوەی ئەرکەکانی حوکمڕانی لەگەڵدا بەش دەکات، لە هەمانکاتدا لە چوارچێوەی سەروەریی یاسادا چاودێرییەکی توندی کێبڕکێی بازاڕ و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ وەبەرهێنەران و بزنسمانەکان دەکات و، میکانیزمی هەمانگیی بەشداریی هاووڵاتیانیش لەناو پرۆسەی سیاسیدا ڕێکدەخات.

ئەم ژێرخانە کە مەرجێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی حکومەت و حوکمڕانی لە هەر دەوڵەتێکدا، ئێستا لە کوردستاندا تا ڕاددەیەکی بەرچاو بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتۆتەئاراوە و زەمینەی پرۆسەی سیاسی بەو ئاراستەیە کە هاوکاری و هەمانگییەکی گەورە لە نێوان حکومەت و هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری دێتە ئاراوە.

لایەنێکی دیکە لە شێوازی هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە لە وڵاتانی نیمچە سەرۆکایەتیدا، لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆك وەزیرانەوە بە هاوبەشی پیادەکردێت، مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمڕانی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆك وەزیرانە، ئەم شێوازە بۆ هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی زۆر هاوشێوەیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری کوردستاندا، سیستمی سیاسی وەك (سیستمێکی پەرلەمانی) پێناسە کراوە، ئەوجا وەك زۆربەی پسپۆڕان و سیاستمەدارانی

کوردستان و بیانییش پێشبینییان کردووە، کاری پێکەوەیی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی کوردستان تەنیا هەماهەنگی و هاوکاری نابێت و بەس، بەڵکو هەردوو دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە وەك یەك تیم ئەم ئەرکە قورسە دەگرنەئەستۆ بۆ ئەوەی بیسەلمێنن لە ئاستی ئەو متمانە گەورەیەن کە خەڵکی کوردستان پێی بەخشیون.

ئاشکرایە نێچیرڤان بارزانی لەو ماوەیەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بووە، بە کردەوە سەلماندوویەتی کە ئەو دەوڵەتمەدارەیە، هێزی دەوڵەت لە پێکەوە کارکردن و پێکەوەگونجان بەرجستە دەبێت، بەهەمان شێوە مسرور بارزانی لەو ماوەیەی کە راوێژکاری ئەنجومەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بووە، ئەویش بە کردەوە سەلماندوویەتی بەبێ هەمەهانگی و کاری پێکەوەیی، ئاسایش و تەناهی لە وڵاتدا دروست نابێت، ئەو بە حوکمی کارەکەی کە پێشتر هاوکاری راستەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی کوردستان بووە، هەموو کات جێگەی متمانە و رەزامەندیی هەردوولایان بووە و بە کردەوەش ئاسایش و تەناهی کوردستانی فەراهەم کردووە، ئەمەش فاکتەرێکی هەرە گرنگ و هاوکار بووە بۆ ئەوەی کۆمپانیا گەورەکانی جێهان متمانە بە ئاسایش و تەناهی کوردستان پەیدا بکەن و رووبکەنە کوردستان و سەرمایەکانیان تێدا بخەنەگەڕ.

خاڵی گرنگ لە پرۆسەی حوکمڕانیی ئەمجارەی کوردستاندا ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتمەدارانەی رۆڵی کاریگەر لەناو پرۆسەکە دەگێڕن، دەوڵەتمەداری بەئەزموون و سەرکەوتوون و توانیویانە لە رۆژە سەختەکاندا پەنجەرەی ئومێد بە رووی گەل و نیشتماندا بکەنەوە، هەر بۆیە کاتێك خەڵکی کوردستان بە چاوی ئومێدەوە سەیری دەست بەکابوونی کابینەی نۆیەمی کوردستان دەکەن، دڵنیان لەوەی ئەم کابینەیە لەو ئاستەدا دەبێت کە وەڵامی خواست و داواکاریی هاووڵاتیان بداتەوە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەش کە زەمینەی سیاسی بەو ئاستە لەبارە کە سەرۆك وەزیرانی کابینەی نۆیەم بتوانێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات کە لە رۆژی یەکەمی دەست بەکاربوونی لە رێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەشی گەلی کوردستانی دەکات.

# گواستنەوەی گشتی و ئابووریی وڵات


گواستنەوەی گشتی بە واتای بەکارهێنانی کەرەستەکانی گواستنەوەی وەك پاس، ترام، قیتار، فرۆکە، لەو وڵاتانەش کە لە سەر ئاون، بەلەم و کەشتیش دەگرێتەوە. گشتی بە واتای گشت خەڵك دێت، نەك بەتایبەت کەرتی گشتی. گواستنەوەی گشتی بەشێکی زۆر گرنگی ئابووریی وڵاتانی پێشکەوتووە، چونکە نەك هەر خەڵکی وڵات دەگوێزێتەوە لە ناو شارەکاندا، بەڵکو لە نێوان شارەکان و لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەشدا پەیوەندی پتەو دەکات. گواستنەوەی گشتی لە هەمان کاتدا پێداویستییەکی ئابووریی زۆر گرنگە بۆ وڵات، چونکە پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئاسان دەکات و بەمەش پێچکەی پەیوەندی مرۆیی و ئابووری خێراتر دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا، دابڕان و کەمیی هاتوچۆ نیشانەی دواکەوتوویی ئابووری و نەبوونی پەیوەندیی بازرگانی و ئابوورییە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا.

سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، گواستنەوەی گشتی سیمای پێشکەوتن و شارستانیەتە. لە راستیدا یەکێك لە نیشانەکانی خۆشی و لەباریی وڵات لای گەشتیاران هەرزانی و باش بەڕێوەبردنی گواستنەوەی گشتییە. هەر بۆیە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان خاوەنی گواستنەوەی گشتیی مۆدێرنن و بایەخی زۆر گرنگ بە باش بەڕێوەبردنی دەدەن.

**دابڕان و کەمیی هاتوچۆ نیشانەی دواکەوتوویی ئابووری و نەبوونی پەیوەندیی بازرگانی و ئابوورییە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا**

## ● کاریگەرییەکانی بوونی گواستنەوەی گشتی

گواستنەوە گشتییەکان سوود و کاریگەرییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆریان هەیە و لە تیۆری ئابووریدا بە کاڵای شیاو، یا بایەخدار (Merit Good) ناودەبرێن. لێکدانەوەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سوودی گشتیی بەکارهێنانی ئەم کاڵایە لە سوودی بەکارهێنانی تایبەتی بەرزترە. راستە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە ئەم شێوەی گواستنەوەیە کارئاسانی پەیوەندییەکان دەکات و لە هەمان کاتدا لە رووی پارە سەرفکردنەوە دەبێتە مایەی پاشەکەوتکردن، بەڵام سوودەکانی کۆمەڵگە لە بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی سوودە تایبەتییەکان تێدەپەڕێنێت. بۆ نموونە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیلی تایبەت و کەمکردنەوەی هاتوچۆ و رووداوەکانی، کەمتر پیسکردنی ژینگە و خێراکردنی پەیوەندییەکانی ناوشار و دەرەوەی شار هەموو سوودن بۆ کۆمەڵگە کە لە سوودە تاکەکەسییەکان زۆر زیاترن. لە بەر ئەو هۆیانە ئابووریناسان لەو بڕوایەدان کە ئەم کاڵایە هێندە گرنگە بۆ کۆمەڵگە شایانی ئەوەیە کە حکومەت پاڵپشتی دارایی بکات، یا ئەگەر کەرتی تایبەت نەیتوانی دابینی بکات، ئەوا ئەرکی حکومەتە کە دایبمەزرێنێت و بەڕێوەی ببات. پێویستە لێرەدا ئەوەش باس بکەین کە دامەزراندنی گواستنەوە گشتییەکان لە دەستپێکدا سەرمایەیەکی زۆری دەوێت. چونکە داهات و سوودەکانی ئەم گواستنەوەیە زۆر درێژخایەنن، بۆیە سەرمایەداری تایبەت خۆی لە قەرە نادات. بۆ نموونە، هیچ سەرمایەدارێك ئامادە نییە (٢٠٠) ملیۆن دۆلار لە گواستنەوەی گشتی شاری هەولێری پایتەختدا بەکار بهێنێت



**پرۆفیسۆر د. لەتیف کەریم واحید**
بۆ گوڵان نووسیویەتی

و پارەکەی خۆی بە (٢٥٠) یا (٥٠٠) دیناری عێراقی وەربگرێتەوە. بۆیە سروشتی ئەم کاڵایە وا دەهێنێت کە پێویستە حکومەت دایبمەزرێنێت و یەکەم گوژمەی سەرمایەی بۆ دابین بکات.

بە شێوەیەکی گشتی هاتوچۆی گشتی یارمەتی جووڵان و پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەدەن، بە مەش خێرایی گەیشتن بە کار و جێگەی مەبەست ئاسان دەکەن و لەو رێگەیەشەوە ئەنجامدان و کاراکردنی کارکردن بەرزدەکەنەوە. لە هەمان کاتدا یارمەتی حکومەت دەدەن کە شێوازی بەکارهێنانی وزەو سیاسەتەکانی حکومەت لەو بارەیەوە چوارچێوەی پێ بدەن. هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە لەگەڵ دروستکردنی کاری هەمیشەیی بۆ کرێکارانی کەرتی هاتوچۆ یارمەتی گەشەکردنی ئابووری دەدەن.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر هاتوچۆی گشتی بە کارایی بەڕێوەببرێت، ئەم سوودانەی خوارەوەی بۆ بەکاربەر هەیە:

١) گێڕانەوەی کات: بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی لەبری ئۆتۆمبێلی تایبەت کاتی زۆر دەگێڕێتەوە بۆ بەکاربەر، چونکە بەکاربەر بیر لە پارکینگی ئۆتۆمبێل و جێگە دۆزینەوە ناکات و لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا حکومەتەکان هێڵی تایبەت بۆ هاتوچۆی پاسەکان تەرخان دەکەن و ناهێڵن لە کاتی چوون بۆ دەوام و گەڕانەوە لە کار ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکاریان بهێنێت، بەمەش خێرایی پاسەکان بەرزدەبێتەوە و تووشی ئەوقبوونەوەی هاتوچۆ نابن. کات پاشەکەوتکردن سوودی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. لە کاتی خۆیدا گەیشتن بۆ سەر کار بەرهەمهێنان و خێرایی کار بەرزدەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە کەمتێچوونی کات بۆ چوون و هاتنەوە لە کار کات بۆ چالاکییە کۆمەڵەیەتییەکانی دیکە دەهێڵێتەوە. لێرەدا، کات بۆ خۆ لە چاو کات بۆ کار بەرزتر دەبێت و دەتوانرێ سوودی دیکە لە کات وەربگیردرێت.

٢) ئاسوودەیی هاتوچۆکەر: بەکاربەری هاتوچۆی گشتی ئاسوودەیی مێشکی زیاترە لە بەکاربەری ئۆتۆمبێلی تایبەت لە بەر ئەوەی خۆی لێناخورێت و دەزانێت کە خۆی تووشی رووداو نابێت و هەروەها لە کاتی دیاریکراودا دەگاتە سەرکار و تووشی دڵەڕاوکێ و تەنانەت دەمەقاڵێی خراپ لێخوڕینی شۆفێرانی دیکەش نابێت. لە هەمان کاتدا بەکاربەر بیر لە بەنزین و باشی و خراپی ناکاتەوە و بەیانی زوو کە دەیەوێت بڕواتە سەرکار بە هێچ شێوەیەك بیر لەوە ناکاتەوە کە ئایا ئۆتۆمبێلەکەی کار دەکات، یا نایکات. هەموو ئەمانە هێمنیی دەروونی بەرزدەکاتەوە و شێوازی کارکردنی باشتر دەکات.

٣) کەمکردنەوەی تێچووی هاتوچۆ: ئاشکرایە کە لە هەموو ئەو شارانەی هاتوچۆی گشتی بەباشی و کارایی بەڕێوەدەبرێت، کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت کەم دەبێتەوە، بەمەش پارە پاشەکەوت دەکرێت کە دەبێت لە جێگەی باشتردا خەرج بکرێت. تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە ئۆتۆمبێلی تایبەتیشیان هەیە، بەکارهێنانی

**لە هەموو ئەو شارانەی هاتوچۆی گشتی بە بەباشی و کارایی بەڕێوەدەبرێت، کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت کەم دەبێتەوە، بەمەش پارە پاشەکەوت دەکرێت کە دەبێت لە جێگەی باشتردا خەرج بکرێت**

هاتوچۆی گشتی خەرجیان لە سەر بەنزین و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل کەم دەکاتەوە و خەڵك دەتوانن ئەو پارەیەی لێرە پاشەکەوتی دەکەن، لە جێگەی باشتردا بەکاری ببەن.

٤) ژینگەپارێزی: کەمکردنەوەی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە سەر جادە دەبێتە هۆی پاکبوونی ئاو و هەوای شار، بەمەش هەموو دانیشتووانی شار سوودمەند دەبن. لە راستیدا بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تاکەکەسی زیان بەو کەسانەش دەگەیەنێت کە ئۆتۆمبێل بەکارناهێنن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی کەسێك کە سوودمەند نییە لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی کەسێکی دیکە زیانمەند بێت لە بەکارهێنانی. ئایا ئەمە کردارێکی رەوایە؟ بۆیە کەمکردنەوەی هاتوچۆ لە سەر جادەکان بە بەکارهێنانی پاس و قیتار و ترام، سوودی ژینگەی بۆ گشت هاووڵاتیان هەیە بە بێ جیاوازی. پێویستە هەر بیر لەوە بکەینەوە کە لە بری ٥٠ ئۆتۆمبێلی تاکەکەسی یەك پاس دەتوانێت هەموو سوودەکانی ئەو هەموو ئۆتۆمبێلانە بگەیەنێت بە تەنیا بە بەکارهێنانی مەکینەیەکی دوو قەبارەی ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی.

**کەمکردنەوەی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە سەر جادە دەبێتە هۆی پاکبوونی ئاو و هەوای شار، بەمەش هەموو دانیشتووانی شار سوودمەند دەبن**

٥) سەلامەتیی هاتوچۆ: لە تەواوی جیهاندا هاتوچۆی گشتی بە کەمترین هۆکاری رووداوی سەرجادە دەژمێردرێت. بۆیە کەمکردنەوەی ئۆتۆمبێلی تاکەکەسی و بەکارهێنانی پاس و قیتار، کوشتن و کەمئەندامبوونی رووداوەکانی سەرجادە کەم دەکەنەوە و بەمەش هەموو کۆمەڵگە سوودمەند دەبێت. راستە هەموو خەڵکی کوردستان ئامارەکانی کوشتار و بریندارەکانی هاتوچۆ بە کەم دەزانن و بە تەواوی ئاگایان لە ئامارەکان نییە، بەڵام ئەگەر بزانن کە ساڵانە رووداوەکانی هاتوچۆ هێندەی شەڕی داعش، یا زیاتر خەڵك دەکوژێت و بریندار دەکات، ئەو کات دەزانن کە ئۆتۆمبێل شەڕێکی نهێنی لە گەڵ کۆمەڵگەدا دەکات و دەبێت کارێکی لەبارەوە بکرێت. بۆ ئەمەش دامەزراندنی هاتوچۆی گشتی یەکێکە لە وەڵامە گونجاوەکان.

**کەمکردنەوەی ئۆتۆمبێلی تاکەکەسی و بەکارهێنانی پاس و قیتار، کوشتن و کەمئەندامبوونی رووداوەکانی سەرجادە کەم دەکەنەوە و بەمەش هەموو کۆمەڵگە سوودمەند دەبێت**

٦) ئاشتیی کۆمەڵایەتی: هاتوچۆی گشتی بەپێی سروشتی خۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا توندو تۆڵ دەکات، چونکە پێگەی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەکات، بەوەی هەزارەها کەس هەمان خزمەتگوزاری بەکاردەهێنن. لە لایەکی دیکەوە، چونکە هاتوچۆی گشتی رووداوەکان کەم دەکەنەوە، ئەو دوژمنایەتییانەی کە لە ئەنجامی رووداوەکانی هاتوچۆدا دروست دەبن، کەم دەبنەوە و بەمەش ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەرزدەبێتەوە. هەموو دەزانین کە لە تەواوی کوردستاندا کەم رووداوی هاتوچۆ هەیە کە دوژمنایەتی و ناسۆری درێژخایەن لە نێوان خەڵکدا دروست نەکات. لە کۆمەڵگەی دواکەوتووشدا و لە کاتی ناکاراییی دادگا و یاسادا، ئەو دوژمنایەتییانە زۆر بە گران لەسەر کۆمەڵگە تەواو دەبن. بۆیە دامەزراندنی هاتوچۆی گشتی یارمەتی ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەدات.

٧) بەرزکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: هاتوچۆی گشتی رێگە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خۆش دەکات. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا تکتی هاتوچۆی گشتی بێ بەرامبەر (بەلاش) دەدرێت بە بەساڵاچووان و کەمئەندامان و تەنانەت قوتابیانی قوتابخانەکانیش. بەمەش بەتایبەت ئەو تاکانەی کە توانای داراییان نییە، زیاتر هاندەدرێن سەردانی کەسوکار و دۆست و برادەرانیان بکەن. بۆیە کاراییی و هەرزانیی هاتوچۆی گشتی یارمەتی باری دەروونیی کۆمەڵگە دەدات و دابڕان و تەنیایی بێکەسان کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی باری خەمۆکیی کۆمەڵگە.

٨) هاندانی گەشتیاران: هەبوونی هاتوچۆیەکی سەردەمیانە لە وڵاتدا هانی هاتنی گەشتیاران دەدات و ئاسوودەیی و پاراستنی حکومەتیان پێ دەبەخشێت لە بری بەکارهێنانی تەکسی و ئۆتۆمبێلی تاکەکەسی. لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، نەخشەی پاس و قیتار بەشێکی گرنگن لە بڕۆشەی روونکردنەوەی شارەکان و گەشتیاران پشت بەو نەخشانە دەبەستن. بۆیە هاتوچۆیەکی گشتیی کارا و مۆدێرن هانی گەشتیاران دەدات و باشتر رایان دەکێشێت کە سەردانی وڵات بکەن، بەمەش کەرتی گەشتوگوزار دەبووژێتەوەو هەموو ئابووریی وڵات سوودمەند دەبێت.

### ● هاتوچۆی گشتی لە شارەکانی کوردستان

سیستەمی هاتوچۆی گشتی شتێکی نوێ نییە لە عێراق و شارەکانی کوردستاندا. هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە هەتا هەڵگیرسانی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق لە تەواوی شارەکانی

عێراقدا بە کوردستانیشەوە سیستەمی پاسی ناوشار بەڕێوە دەچوو و بە نەزمێکی تا رادەیەك مۆدێرن و پارەیەکی زۆر کەم گەڕەکەکانی بە ناوەندی شارەوە دەبەستەوە و پاس هەتا شەوانێکی درەنگ کاریان دەکرد. لە هەمان کاتدا لە کۆتاییەکانی هەفتاکانی سەدەی پێشوودا بناغەی هاتوچۆی نێوان شارەکانیش دامەزرا، بەڵام بەداخەوە، شەڕ لەگەڵ ئێراندا هەموو ئەوانەی لە باربرد و بۆ دواجار هاتوچۆی گشتی لە بیری خەڵك بردەوە. لە ناچاریدا و بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕبکرێتەوە لە شارەکانی کوردستاندا هاتوچۆیەکی سەرەتایی (Primitive) دواکەوتوو دەست بەکاربووە. ئەویش بەگەڕخستنی پاسی کۆستەر لە نێوان گەڕەکەکان و ناوەندی شاردا. هەرچەندە ئەم هاتوچۆ بەناو گشتییە جێگەی سیستەمی مۆدێرنی نەگرتووەتەوە بەڵام هێشتا خەڵکێکی زۆری کەمدەرامەت بەکاریدەهێنن. کەموکوڕییەکانی ئەم سیستەمە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە:

١) خەتەکانی کۆستەر خشتەی کاتی هاتوچۆیان نییە و شۆفێرەکان بە ئارەزووی خۆیان دێن و دەڕۆن، یا هەر ناڕۆن،

٢) خەتەکان وێستگەی راوەستانی تایبەتیان نییە، بۆیە هەموو شتێك هەڕەمەکی و بێ پرۆگرامە.

٣) پاسەکان هەموویان مۆدێلی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوون، بۆیە هیندەی چەندەها پاسی نوێ ژینگە پیسکەرن و ئەو سوودمەندییەی هاتوچۆی گشتیی مۆدێرنیان لە دەست داوە،

٤) پاسەکان دۆستی بەکاربەر نین. سواربوون و دابەزین، لێیان زۆر زەحمەتە بە تایبەت بۆ ساڵمەندان و ئافرەتی دووگیان و منداڵ و نەخۆشەکان. لە هەمان کاتدا کورسییەکانیان زۆر تەسك و تێکسمڕاون و بۆ ئافرەتان کە نایانەوێت خەڵکی تر شانیان پێوەبدەن، زۆر ناحەزن و زۆر جار ئافرەتان رەنگە بە هۆکاری بێزاریکردنی سێکسیشی بزانن.

٥) خەتەکانی کۆستەر پابەند نین بە پێویستیی بەکاربەرانەوە. بۆیە لە ئێوارەیەکی زوو بەدواوە کارناکەن، یا بە کەڵکی ئەوانە نایەن کە بەیانیانی زوو دەبێت بچنە سەرکار. بۆیە مەبەستی سەرەکیی ئەو پاسانە رەچاوکردنی ئەو پێویستییانەی خەڵکی نین کە لە بنەڕەتدا هاتوچۆی گشتی بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێندرێت.

٦) چونکە مەبەستی ئەو پاسانە وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکی نین، بۆیە بەکەڵکی هەموو کەس نایەن. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بارێکی بچووك، یا جانتایەکی پێ بێت، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت ئەو پاسانە بەکار بهێنێت. هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئەو خاسیەتەی کە هاتوچۆی گشتی هەیەتی لە هاندانی گەشتیاراندا ئەم پاسانە بە هیچ شێوەیەك نییانە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو سیستەمی پاسی کۆستەرانە هێندە دواکەوتوو و نالەبارن کە نابێت بە سیستەمی هاتوچۆی گشتی هەژماربکرێن. لە راستیدا پاسەکان هێندە کۆن و نەگونجاون بۆ مەبەست لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئێستا بە شایانی ئەوەیان نازانن کە ئاژەڵیشیان پێ بگوێزرێتەوە.

**● بەرەو دامەزراندنی هاتوچۆیەکی سەردەمیانە لە کوردستاندا**

لە ماوەی سەردەمی نیمچە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا فرسەتی دامەزراندنی سیستەمێکی هاتوچۆی گشتی هەڵکەوتبوو، بەڵام سیاسەتمەدارانی کوردستان هێندە خەمی مانەوەی خۆیانیان هەبوو، ئەوەندە خەمی دامەزرادنی دەوڵەتێکی سەردەمیانەیان نەبووە، کە سیستەمی هاتوچۆ بەشێکی نەبچڕاوی ئەو شێوە دەوڵەتەیە. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە سیاسەتمەدارانی شارەوانی بەتایبەت لە پایتەختدا باسی ماستەرپلانی ترام و قیتار و سیستەمی تەلیفریك دەکەن، بەڵام ناتوانن دە پاسی نوی بۆ پاکوخاوێنی شار و خۆشگوزەرانی خەڵکی دابین بکەن. ئێستاش لە وڵاتێکدا کە لەسەر گۆمێکی زەبەلاحی نەوت و گازە، کارمەندانی پایتەخت باسی سواڵکردنی پاسە کۆنەکانی شارەکانی ئەوروپا دەکەن، کە لەبەر پیسی ئەو وڵاتانە لە کاریان دەخەن (تکایە بڕوانە راپۆرتی رووداو لە ٢٠١٨/٩/١٢). ئەگەر بە وردی ئەو راپۆرتە بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە کارمەندانی بەناو هاتوچۆی گشتیی هەولێر چەند شیاوی ئەو جیگەیە نین کە ناتوانن سیستەمێکی پاسی ناو شار بەڕێوەبەرن، بەڵام بەبێ شەرم ناوی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گشتیی پایتەختیان لە خۆیان ناوە. لە هەمان کاتدا بۆ شاردنەوەی

**ئەگەر بزانن کە ساڵانە ڕووداوەکانی هاتوچۆ هێندەی شەڕی داعش، یا زیاتر خەڵک دەکوژێت و بریندار دەکات، ئەو کات دەزانن کە ئۆتۆمبێل شەڕێکی نهێنی لە گەڵ کۆمەڵگەدا دەکات**

**لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، نەخشەی پاس و قیتار بەشێکی گرنگن لە برۆشەی ڕوونکردنەوەی شارەکان و گەشتیاران پشت بەو نەخشانە دەبەستن**

**سیاسەتمەدارنی شارەوانی بەتایبەت لە پایتاختدا باسی ماستەرپلانی ترام و قیتار و سیستەمی تەلیفریک دەکەن، بەڵام ناتوانن دە پاسی نوی بۆ پاکوخاوێنی شار و خۆشگوزەرانی خەڵکی دابین بکەن**

نالێهاتوویی خۆیان و چاوبەستکردنی خەڵکی باس لەوە دەکەن کە سیستەمی «سیتی پاسیان» هەیە (دیارە پێیان شەرمە ناوی «پاسی شاری» لێ بنێن، چونکە زمانی کوردی بە زمانێکی دواکەوتوو دەزانن و هەر ناوی «سیتی» لای ئەوان خۆی لە خۆیدا مەزنی و ئارامبەخشی دەگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر داشنەمزرێندرێ، هێشتا هەر ناوێکی زۆر خۆشە!!!) کە (٤٠٠$m) چوارسەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکیان تێدەچێت، بەڵام دەڵێن حکومەت ئامادە نییە ئەو سەرمایە دابین بکات. وەك ئەوەی پرۆژەکەی جەنابیان تاکە پرۆژە بێت و ناکرێت لە سەرەتاوە بە (٥٠m$) پەنجا ملیۆن دۆلار دەستپێبکرێت و هەموو ساڵێك پەنجا پاسی بۆ زیاد بکرێت، هەتا لە دە ساڵدا سیستەمێکی شیاو بۆ پایتەخت و شارە گەورەکان دابمەزرێندرێت، چونکە ئەمان بە فیل بچووکتر رازی نابن!!! (لە ئەدەبیاتی ئابووریدا زۆر بەناوبانگە کە سیاسەتمەدارە شکستخواردووەکانی وڵاتە هەژارەکان تەنیا ئارەزوویان لە پرۆژەی فیلی سپی هەیە، چونکە لە هەموو جێگەیەکەوە دیارە با ئەو پرۆژەیەش بێکەڵك بێت).

بێگومان کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە کوردستان قەیرانی دارایی و ئابووری هەیە و حکومەتی بەغداش پێی باشترە ئەم ئەزموونەی کوردستان شکست بخوات، بۆ ئەوەی هەژمونی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێتەوە. بەڵام ئەگەر بەوردی تەماشای پارە بە زایەدان بکەین لە کوردستاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە بە پێچەوانەی قسەکانی کاربەدەستانەوە دەتوانرێت سیستەمی هاتوچۆی گشتی بە شێوەیەکی لە سەرخۆ دابمەزرێندرێت. بۆ نموونە، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو کاربەدەستان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پیاوەکانی وەزیرەکان و سەرۆك بەشەکانی دەوڵەت ئۆتۆمبێلی شەخسی خۆیانیان هەیە، هەموو بە ئۆتۆمبێلی لاندکروزەری (٤/٤)ی دەوڵەتی هاتوچۆ دەکەن و کاری شەخسیی خۆیانی پێ رادەپەڕێنن. لە کاتێکدا بە نرخی دوو لەو ئۆتۆمبێلانە پاسێکی مۆدێرن بۆ هاتوچۆی گشتی دابین دەکرێت. بۆیە ئەگەر بە ئاقڵانە پارەکە خەرج بکرێت، دامەزراندنی سیستەمی هاتوچۆی گشتی، نە ماحاڵە و نە نەکردەنیشە. نموونەیەکی دیکە ئەوەیە ئەگەر بڕیاردەرانی دەوڵەت مەبەستیان بوایە لە بری جادەی ١٢٠ مەتری کە هانی ئۆتۆمبێلکڕین دەدات، دەیانتوانی



بەو پارەیە بناغەی هاتوچۆی گشتی پایتەختیان دابمەزراندایە. لە کاتێکدا کە جادەی ١٢٠ مەتری خاك داگیردەکات و خەڵك فێری خێرا لێخوڕین دەکات و ژینگەی هەموو شار پیستر دەکات.

لایەنێکی نەرێنی بیرکردنەوەی سیاسەتمەدارانی کوردستان ئەوەیە هەر وا دەزانن تەنیا کەرتی تایبەت دەتوانێ کار بکات و خۆیان (کەرتی گشتی) هیچیان لێ بەدەست نایەت. بەڵام هیچ کات ئەزیەت ناخەنە سەرشانی خۆیان تا بزانن کە هاتوچۆی گشتی لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا بە کەرتی گشتی دامەزراوە، لە بەر ئەو هۆکارەی لە سەرەوە باسکرا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە باشە ئەگەر ئەوان هیچیان پێ ناکرێت، بۆچی لەسەر حیسابی خەڵکی جیگەیان گرتووە و مووچەی بەلاش بە خۆیان ڕەوا دەبینن؟

لە بەر ئەو هۆیانەی لە سەرەوە باسکران، پێویستە کابینەی نوێ دامەزراندنی هاتوچۆی گشتی بە کارێکی گرنگی خۆی بزانێت و وەك گەورە ئابووریناسی بە ڕەچەڵەك نەمساوی شومپیتەر (Schumpeter 1883-1950) باسیکردووە با بە پرۆژەیەکی بچووك دەستپێبکەن، چونکە پرۆژەی بچووك بۆ وڵاتی هەژار جوانە، لە بەر ئەوەی لە سەرەتاوە سەرمایەیەکی زۆری ناوێت و بە ئاسانی بەڕێوە دەبرێت. لە هەمان کاتدا، لە پرۆسەی گەورەکردنی پرۆژەکەدا ئەگەر کاربەدەستان گەندەڵ نەبن و مەبەستیان بێت فێری باشتر بەڕێوەبردنیشی دەبن. ئەمەش لە زانستی ئابووریدا پێی دەگوترێت: فێربوون بە کردەنی (Learning by doing). بۆیە پێشنیاری ئەم وتارە ئەوەیە بە یارمەتی وڵاتێکی دۆستی وەك کۆریای باشوور با بە (١٠٠) سەد پاس دەستپێبکرێت و هەر کات توانای دارایی هەبوو هەر جارەی (٥٠) پەنجا پاسی دیکەی بۆ زیادبکرێت و لە سەرەتاوە هەوڵی بەڕێوەبردنێکی سەردەمیانە بدرێت. دەبێت لە سەرەتاوە بە هیچ جۆرێك بیر لە تێوەگلانی کەرتی تایبەت نەکرێت لە بەر ئەو هۆیانەی لە سەرەوە باسکران. لە کۆتاییدا ئەو ڕاستییە دووبارە بە بیر دەخەینەوە کە بۆ لە سەردەمی پاشایەتیدا بەو هەموو دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە دەیانتوانی سیستەمێکی هاتوچۆی گشتیی ڕێکوپێك بەڕێوەببەن، بۆچی ئێستا لە سەدەی بیست و یەکدا ئەم کارە بۆ بڕیاربەدەستانی کوردستان نەکردەنی بێت؟!!!

**کوردستان قەیرانی دارایی و ئابووری هەیە و حکومەتی بەغداش پێی باشترە ئەم ئەزموونەی کوردستان شکست بخوات، بۆ ئەوەی هەژمونی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێتەوە**



ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بۆتە هیوای هەر کوردێك لە هەر چوار پارچەی کوردستان و تێکڕای رەوەندی کوردستان لە هەندەران، هەر بۆیە کاتێك هێزێکی وەك پەکەکە بە ئاشکرا هەوڵدەدات کێشە و ئاستەنگ بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە دروست بکات و باری ئاسایش و سەقامگیری تێك بدات و ئاژاوە و ناسەقامگیری بنێتەوە، ئەوا ئاشکرایە ئەم رەفتارەی پەکەکە تەنیا دژی لایەنێکی دیاریکراوی سیاسی نییە، بەڵکو دژی ئامانجی هەر کوردێکە لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بێت. ماوەیەکە سەرانی پەکەکە لە قەندیلەوە هەڕەشە لەم ئەزموونە سەرکەوتووەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دەکەن و هەوڵیانداوە هێزێك لە ناو خاکی هەرێمدا بۆ ئاژاوەنانەوە دروست بکەن و زەمینەیەك بێننەئاراوە کە شەڕی کورد- کورد دروست بکەن، هەرێمی کوردستان کە هەموو کات هەوڵیداوە یەکڕیزیی ناوماڵی کوردستان پتەو بێت و دووبەرەکی نەکەوێتە نێوان ریزەکانی و لە هەمان کاتدا وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆش پەیوەندیی باشی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت، بەردەوام هەوڵیداوە شەڕ و گێچەڵی پەکەکە بە شێوازێکی دوور لە شەڕ چارەسەر بکات، بەڵام دیارە پەکەکە بە دەست لە پشتدانی ناحەزانی گەلی کوردستان ناتوانێت واز لەو ئاراستە هەڵەیە بهێنێت، بۆیە گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان زۆر راشکاوانە لە ئامانج و شەڕفرۆشتنی بە هەرێمی کوردستان تێبگەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ رۆژهات ئامەدی سیاسەتمەداری باکووری کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

## رۆژهات ئامەدی
### سیاسەتمەداری باکووری کوردستان بۆ گوڵان:

# دژایەتیکردنی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان پلانی تێکڕای ناحەزانی کوردستانە و پەکەکە بەوەکالەت بۆیان جێبەجێ دەکات



# دوای ئەوەی سەرۆک بارزانی بانگەشەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت ڕاگەیاند، پەکەکە دژایەتی خۆی بۆ دەوڵەتی کوردستان ئاشکرا کرد

**لەبەر ئەوەی هزری نیشتمانی و نەتەوەیی رەنگدانەوەی خەباتی رێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و هەر ئەوان نوێنەرایەتی ئەو ئاراستەیەیان کردووە، بۆیە پەکەکە هەمیشە دوژمنایەتی پارتی و رێبازی بارزانی کردووە**

**ئێستا ئەمریکا و رۆژئاوا خەریکی ئەوەن کە پەیەدە لە بیری پەکەکە دووربخەنەوە، هەر بۆیە لە ئێستادا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین پەیەدە وەک پێشان لە ژێر کاریگەریی پەکەکە نەماوە**

**دوای ئەوەی پەکەکە لەسەر ئاستی کوردی تورکیا قبووڵ نەکرا و لە رۆژئاواش لێی دوور کەوتنەوە، ئێستا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کێشە دروست بکات**

*** پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەکرد، بەڵام ئێستا خۆی دژایەتی بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات، ئایا هەر لەسەرەتاوە شتێك لای پەکەکە هەبووە بە ناوی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی کوردستانەوە؟**

- هەر لەساڵی ١٩٧٩وە کە پەکەکە دامەزراوە، ئامانجی زوڵاڵ بووە و دژی ستراتیژیەتی پێشکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بووە و هەوڵیداوە کە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی سەرنەکەوێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی هزری نیشتمانی و نەتەوەیی رەنگدانەوەی خەباتی رێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و هەر ئەوان نوێنەرایەتی ئەو ئاراستەیەیان کردووە، بۆیە پەکەکە هەمیشە دوژمنایەتی پارتی و رێبازی بارزانی کردووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە بەم ساڵانەی دوایی یەکێك لەوانەی ماوەی چەندین ساڵ خۆی بە مامۆستای پەکەکە دەزانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، ئەویش پرۆفیسۆر (یەڵچین کوچان) کە بە رەچەڵەك تورکە، ئەم کابرایە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان گەڕایەوە تورکیا و وتی: کاری من تەواو بوو. واتە ئەوەی مەبەستم بوو ئەنجامم دا، پاشان (یەڵچین) لەسەر پرسی (ئەرگەنەکۆن) دەستگیرکرا و لەبەردەم دادگا باسی رابردووی خۆی کردو لێیانی پرسی: «ئێوە چیتان لەمن دەوێت؟ من ئەوەی لەدەستم هات بۆ تورکیا کردم و توانیم گەنجی کوردی تورکیا لە خەتی بارزانی دووربخەمەوە و لە پێناوی دیموکراسیی تورکیا گیانی خۆی لە دەست بدات، لەم کارەدا سەرکەوتووش بووم.» ئەوجا لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەستپێکی پەکەکە کە باسی ئەوەی دەکرد، خەبات بۆ رزگارکردنی کوردستانی گەورە دەکات، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ ئەو راستییە دەرکەوت کە ستراتیژیەتی پەکەکە خزمەتی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ناکات، هەر بۆیە دوای ئەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بانگهێشتی دەوڵەتبوونی بۆ کوردان کرد و بووە ئەمری واقیع، ئەوجا پەکەکە دوچاری ئیحراجییەکی گەروە بوو و ناچار بوو ئامانجە راستەقینەکەی خۆی ئاشکرا بکات و رایگەیاند: ئامانجی ئێمە دژی ئەوەیە دەوڵەت بۆ کورد دروست بێت و کورد پێویستی بە دەوڵەت نییە، کورد پێویستی بە نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەریی نییە، هەروەها ئەوا وەك ئەو واقیعەی ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان هەیە، ئەوا وەك دەبینین (پەیەدە) کە جۆرێك پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە هەیە، لە سەرەتادا کە ئەوان لەژێر کاریگەری پەکەکە بوون، ئەوانیش دژی دروستبوونی دەوڵەت و کوردپەروەری بوون، هەر بۆیەش لە سەرەتادا سیستمی (کانتۆنیان) دامەزراند، ئاشکراشە ( کانتۆن) نە ( ناوچەیەکی ئۆتۆنومی )یە، نە (هەرێمێکی فیدراڵی) بەڵکو سیستمی ئەیالەتە کە کاتی خۆی (پۆل بریمەر) ی حاکمی مەدەنی عێراقیش سیستمی (فیدراڵیی پارێزگاکان)ی بۆ عێراق پێشنیار کرد، تەنانەت خوالیخۆشبوو مام جەلالیش کە ئەوکات سەرۆك کۆماری عێراق بوو، ئیمزای کردبوو، بەڵام سەرۆك مسعود بارزانی رەتیکردەوە و سیستمی (فیدراڵیی پارێزگاکان)ی قبووڵ نەکرد، ئەوجا کاتێك ئێران و رووسیا و تورکیا لە سووریا شکستیان هێنا، خەریك (پەیەدە)ش شکستێکی گەورە بخوات، بەڵام ئەوە بوو رۆژئاوا و ئەمریکا بە هانای کوردەوە هاتن نەك پەیەدە، بە هۆی ئەوەوە پەیەدە رزگاری بوو. ئێستا ئەمریکا و رۆژئاوا خەریکی ئەوەن کە پەیەدە لە بیری پەکەکە دووربخەنەوە، هەر بۆیە لە ئێستادا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین پەیەدە وەك پێشان لە ژێر کاریگەریی پەکەکە نەماوە، هەر بۆیە سیستمی کانتۆنیان کۆتایی پێ هێنا و، ئێستا فیدراسیۆنێکیان دامەزراندووە بە ناوی (فیدراسیۆنی باکووری سووریا)، کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین دوای ئەوەی پەکەکە لەسەر ئاستی کوردی تورکیا قبووڵ نەکرا و لە رۆژئاواش لێی دوور کەوتنەوە، ئێستا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کێشە دروست بکات.

*** لایەنێکی دیکە لە ژیانی سیاسیی پەکەکە ئەو ئایدیۆلۆژییە چەپە رادیکاڵییە کە هەموو حزبێکی سیاسی لە کوردستان رەتدەکاتەوە و رای دەگەیەنێت کە لەگەڵ بوونی ئەو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دەست پێ دەکات، ئایا هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا پەکەکە چەند دژایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی کردووە؟**

- راشکاوانە دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە سەرانسەری هەر چوار پارچەی کوردستان (باکوور، باشوور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات) هیچ پارت و تەڤگەرێك نەماوە کە تووشی شەڕی پەکەکە نەهاتبن و پەکەکە شەڕی پێ نەفرۆشتبن، لە هەندێك کاتدا پەکەکە وا خۆی پیشانداوە کە لەگەڵ بەشێك لە (یەنەك) پەیوەندی هەبووە، بەڵام خودی (یەنەك)یش لەشەڕ و گێچەڵی پەکەکە بەدوور نەبووە، ئەم ئاراستەیەی پەکەکە لەگەڵ ستراتیژیەتی دروستبوونی پەکەکە یەك دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەیاننامەیەکیان دەرکرد و تیایدا رایانگەیاندبوو «بۆ سەرکەوتنی پەکەکە دەبێت هێزە فیوداڵەکان (ئاغا و دەرەبەگەکان) نەمێنێت.» ئەوجا لەو بەیاننامەیەدا ناوی هێزە فیوداڵەکانی هێنابوو کە بریتی بوون لە پارتەکانی (رزگاری، کاوە، پارتی، تیکۆشین، حەسەکە و...هتد). هەر دوای دەرکردنی ئەم بەیاننامەیەش لە باکووری کوردستان دەستیکرد بە شەڕ و تەسفیەی حزبەکان و، تەنیا لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠ زیاتر لە ٢٠٠ گەنجی کورد لە باکوور هاتنە کوشتن، لەگەڵ ئەوەی ئەوکات هیچ یەك لەو حزبانە هێزی چەکداریان نەبوو، بەڵام وێرای ئەوەش زیاتر لە ٢٠٠ گەنجی کوردیان کوشت، خۆ ئەگەر ئەو حزبانە هێزی چەکداریان هەبوایە، ئەوا لەوانە بوو بە هەزاران گەنجی کورد بکوژرێن و ببن بە قوربانیی ستراتیژە هەڵەکەی پەکەکە.

*** لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ی تورکیا، زەمینەیەك هاتبووە پێشەوە کە کوردانی تورکیا توانییان زیاتر لە ٨٠ کورسی بە دەست بهێنن، بەڵام پەکەکە شەڕی بردە ناو تورکیا و لە دەوروبەری ئامەد شەڕی خەندەقی دەست پێکرد، بەمەش گورزێکی کوشندەی لە مافەکانی کوردی تورکیا وەشاند، ئایا ئەگەر پەکەکە مەبەستی ئەوەیە مافی کوردی تورکیا بەدەست بهێنێت، بۆ وڵاتەکە وێران دەکات؟**

- بێگومان هەدەپە کە وەك باڵی سیاسیی پەکەکە ناسراوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥ی تورکیا توانی ٨١ کورسیی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هەدەپە، لەبەر ئەوەی بەربەستی رێژەی ١٠٪ی تێپەڕاندبوو و دەیتوانی وەك فراکسیۆنێکی پەرلەمانی و خاوەن ٨١ کورسی لە پەرلەمانی تورکیا رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، لەمەش زیاتر لەو کاتەدا (ئاك پارتی) ئامادە بوو کە وتووێژ لەگەڵ کورد بکات، لەبەر ئەوەی بە نیازی ئەوە بوو سیستمی سیاسیی تورکیا بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی و خۆی سەرۆك کۆماری تورکیا بێت، هەر بۆیە ئەگەر لەو کاتەدا (هەدەپە) ئامادە بوایە گفتوگۆ لەگەڵ (ئاك پارتی) بکات و پێی بڵێت: ئێمە ئامادەین پشتگیریتان بکەین بۆ ئەوەی سیستمی تورکیا ببێت بە سەرۆکایەتی، بەڵام ئێوە لەبەرامبەر ئەمە چی بۆ کورد دەکەن؟ من پێموایە ئەمە کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبوو، راستە ناتوانین بڵێین کوالیس یلنێکی راستەقینە دروست بوو، بەڵام ئاکامەکەی زۆر زۆر لە شەڕی خەندەق باشتر دەبوو، لە بەرامبەر ئەمەدا (هەدەپە) بە بڕیاری سەرانی پەکەکە لە (قەندیل) دیالۆگی لەگەڵ ( ئاك پارتی) رەتکردەوە و رایانگەیاند: ئێمە نامانەوێت سیستمی تورکیا ببێتە سەرۆکایەتی و ئەردۆگان ببێتە سەرۆك کۆماری تورکیا، ئەم دروشمە لە بنەڕەتدا دروشمی هەدەپە نەبوو، بەڵکو دروشمی (جەهەپە) بوو کە ئێستا خەریکە دەبێتە خۆشەویستی کورد، هەروەها دروشمی ئێران بوو، کە ئەوکات لەگەڵ تورکیا ناکۆکییان هەبوو، هەروەها دروشمی گرووپەکەی فەتحوڵلا گولەن-یش بوو، سەرەنجام قەندیل بڕیاری دا شەڕ بکەن، ئەوە بوو شەڕی خەندەق دەستی پێکرد، لەم شەڕەدا جیا لەوەی ماڵی کوردانی باکوور وێران بوو، لە

**لە هەر چوار پارچەی کوردستان (باکوور، باشوور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات) هیچ پارت و تەڤگەرێک نەماوە کە تووشی شەڕی پەکەکە نەهاتبن و پەکەکە شەڕی پێ نەفرۆشتبن**

**دوای ئەو سیاسەتە هەڵەی شەڕی خەندەقی پێ کرا و ئەو کارەسات وماڵوێرانییەی بەسەر کوردانی باکوور هات، ئاستی جەماوەری هەدەپە لە ١١٪ بۆ ٥٪دابەزی**

**کاتی خۆی (پەیەدە) وەک دەزگایەکی ئێرانی و مالیکی و رووسی رەفتاری دەکرد و زوڵمێکی زۆری لە کوردی رۆژئاوا کرد، هەر بۆیە بەشی هەرە زۆری کوردانی رۆژئاوا وڵاتی خۆیان چۆڵ کرد**

**ئێستا (پەیەدە) فەرمان لە سەرانی پەکەکە لە قەندیلەوە وەرناگرێت، بۆیە خەرێکە ژێرخانێک بۆ قەوارەیەکی کوردی لە رۆژئاوا دروست دەبێت**

**ئەگەر پەیەدە خۆی لەژێر کاریگەریی سەرانی قەندیل رزگار بکات، وەک ئێستا بە کاریگەری فەرەنسا و ئەمریکا کردوویەتی، ئەوا شەڕ و گێچەڵی پەکەکە لە رۆژئاوا کۆتایی دێت و ئاشتی دەگەڕێتەوە ئەو پارچەیەی کوردستانیش**

**ئەو خەڵکانەی پەیوەندی بە پەکەکەوە دەکەن، دوای ماوەیەکی کورت تێدەگەن پەکەکە ستراتیژیەتی چییە، بۆیە لێی دوور دەکەونەوە**



هەمانکاتدا زیاتر لە ٧هەزار گەنجی کورد لەو شەڕەدا کوژران، نزیکەی نیو ملیۆن کورد لە ناوچەکانی (سلۆپی و شرناخ و جزیرە و ئامەد) دەربەدەر بوون و روویان کردە ئەستەنبووڵ و شارە تورکنیشەکانی دیکەی تورکیا، شەڕەکە گورزێکی ئەوتۆی لە کوردی باکوور وەشاند، هەر ماوەیەك دوای شەڕی خەندەق یەكێك لە سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل گوتبووی: «شەڕی خەندەق شەڕێکی هەڵە بوو»، بەڵام ئێستا هەمان هەڵە و تاوان، پەکەکە دەیەوێت لە هەرێمی کوردستان دووبارە بکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی هێزێکی دروست کردووە بۆ ئەوەی هەمان شەڕ لە دژی هەرێمی کوردستان دروست بکات، بە راستی ئەمە زۆر ترسناکە بۆ هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکە چۆن شەڕی خەندەق لە ناو تورکیا بە پیلان و دەستی هێزەکانی دیکەشی لەپشت بوو، ئەمەی کوردستانیش پیلانێکی دیکەیە کە هێزی دیکەی لە پشتەوەیە و پەکەکە بۆیان جێبەجێ دەکات، بۆیە گرنگە ئەم هەنگاوانەی پەکەکە دژی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعییەکانی بە جددی سەیر بکرێت و خەڵکی کوردستان لەوە تێبگەن کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە.

*** باس لەوە دەکرێت کە ئێستا پەکەکە لەناو کوردانی تورکیا جەماوەری کەم بۆتەوە و ئەوانیش بۆیان دەرکەوتووە کە پەکەکە خەبات بۆ کوردانی تورکیا ناکات، ئایا تاچەند ئێستا لە ناو کوردانی باکووردا پەکەکە رەتدەکرێتەوە؟**

- دوای ئەو سیاسەتە هەڵەی شەڕی خەندەقی پێ کرا و ئەو کارەسات و ماڵوێرانییەی بەسەر کوردانی باکوور هات، ئاستی جەماوەری هەدەپە لە ١١٪ بۆ ٥٪دابەزی، بەڵام سیاسەتی شکستخواردووی ئەردۆگان و ئاك پارتی بە رێککەوتنیان لەگەڵ حەشدی شەعبی بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووك و هەروەها داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە، کوردی باکووری تووڕە کرد، بۆیە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا دەنگی خۆیان دایەوە بە هەدەپە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دەنگدانە لە خۆشەویستیی پەکەکە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کورد لە ئاك پارتی و ئەردۆگان تووڕە بوو، ئێستاش وەك دەبینین تەنیا لە شاری ئەستەنبووڵ شەش ملیۆن کورد دەژین، ئەمجارەش لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی شارەوانی ئەستەنبوولدا دەنگیان بە کاندیدەکەی (جەهەپە) دا، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە جەهەپە لای کورد خۆشەویست بێت، بەڵکو پەیامێك بوو لەلایەن کوردەوە بۆ ئەردۆگان و پێیان گوت، لەبەر ئەوەی تۆ زوڵمت لە ئێمە کرد، هەر بۆیە ئەگەر ئەو هۆکارانە نەبوایە، کوردی باکوور دەنگی خۆی نەدەدا نە بە هەدەپە، نە بە جەهەپە لە هەڵبژاردنی شارەوانیی ئەستەنبوولدا.

*** کوردانی رۆژئاوا بەشێکی زۆری کە بە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس مەزندە دەکرێن لە ترسی رەفتارە ناشیرینەکانی پەکەکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و ئێستا و دوای تەواوبوونی مەترسیی داعش ناوێرن بگەڕێنەوە رۆژئاوا، پرسیار ئەوەیە پەکەکە زیاتر لە هەزاران گەنجی کوردی لە شەڕەکانی داعش بە کوشت دا، ئێستاش کورد ناوێرێت لە ترسی پەکەکە بگەڕێتەوە، ئایا ئەمە تاچەند خزمەتی داگیرکارانی کوردستان دەکات؟**



پەکەکە بە گواستنەوەی شەڕ بۆ نێو شارەکان، کوردستانی باکووری بەرەو وێرانییەکی زیاتر بردووە

- بە بڕوای من، بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە، کاتی خۆی (پەیەدە) وەك دەزگایەکی ئێرانی و مالیکی و رووسی رەفتاری دەکرد و زوڵمێکی زۆری لە کوردی ڕۆژئاوا کرد، هەر بۆیە بەشی هەرە زۆری کوردانی ڕۆژئاوا وڵاتی خۆیان چۆڵ کرد و ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر و هەرێمی کوردستان و بەشێکیشیان ئاوارەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بوون. هەر بۆ نموونە: زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کوردی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستانن، زیاتر لە ٣٠٠ هەزاری دیکەش لە تورکیان و ئەوەندەی دیکەشیان روویان لە وڵاتانی ئەورووپا کردووە، هەموو ئەم خەڵکەش لەبەر بێزاربوونیان لە سیاسەتی پەکەکە کە لەناو پەیەدە رەنگدانەوەی هەبوو، وڵاتی خۆیان بەجێهێشت، بەڵام واقیعی ئێستای ڕۆژئاوا واقیعێکی دیکەیە و قۆناخێکی دیکە لە ڕۆژئاوا دروست بووە کە تیایدا فەرمانڕەوای ڕۆژئاوا نە (پەیەدە و نە ئێران و نە رووسیا) نین، بەڵکو فەرمانڕەوای راستەقینە (ئەمریکا و فەرەنسا)ن، ئامانجی بنەڕەتیی ئەمریکا و ئەورووپاش لە ڕۆژئاوای کوردستان، تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بوو، کە ئێستا ٩٠٪ی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە کۆتایی هاتووە، لەم شەڕەدا نزیکەی ١٥ هەزار گەنجی کورد شەهید بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا (پەیەدە) فەرمان لە سەرانی پەکەکە لە قەندیلەوە وەرناگرێت، خەریکە ژێرخانێك بۆ قەوارەیەکی کوردی لە ڕۆژئاوا دروست دەبێت و هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان کوردانی ڕۆژئاوا بێتەئاراوە، هەروەها دەرفەتێك دروست بووە بۆ ئەوەی زەمینەیەك دروست بکەن، کوردانی ڕۆژئاوا بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، لە ئێستادا سەرانی پەکەکە لە قەندیل چەندین جار داوایان لە سەرکردایەتی ئێستای پەیەدە کردووە، بەتایبەتی (مەزلووم کۆبانی) کە سەردانی قەندیل بکات، بەڵام ئەو داوایەکەی رەتکردووەتەوە و، زۆر بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە دەکات و تەنانەت لەناو ڕۆژئاواش بۆ هەموو شوێنێك ناچێت، بۆیە لێرەدا دەکرێت بڵێین، ئەگەر پەیەدە خۆی لەژێر کاریگەریی سەرانی قەندیل رزگار بکات، وەك ئێستا بە کاریگەری فەرەنسا و ئەمریکا کردوویەتی، ئەوا شەڕ و گێچەڵی پەکەکە لە ڕۆژئاوا کۆتایی دێت و ئاشتی دەگەڕێتەوە ئەو پارچەیەی کوردستانیش.

**تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ٣٠٠٠ کچ و زیاتر لە ٥٠٠٠ پیاو کە پێشتر چەکداری پەکەکە بوون، وازیان هێناوە و ئێستا لە هەرێمی کوردستانن**

**دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆچوون و ئاراستەی پەکەکە نییە، بەڵکو ئاراستەی دەوڵەتانی ئیقلیمی و خەڵکانێکی داخ لەدڵ و فاشیلی باشووری کوردستانیشە کە ئامانجیان ئەوەیە ئەم حکومەتە نەمێنێت**

**سیاسەتی شکستخواردووی ئەردۆگان و ئاک پارتی بە رێککەوتنیان لەگەڵ حەشدی شەعبی بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووک و هەورەها داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە، کوردی باکووری تووڕە کرد، بۆیە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا دەنگی خۆیان دایەوە بە هەدەپە**

*** شێوازێکی دیکەی پەکەکە لە دروستکردنی چەکدارەکانی رفاندنی کوڕ و کچی مێرمنداڵی خوار تەمەن ١٨ساڵانە لە کوردستان و پاشان رێگەیان لێ دەگرێت پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن، هەروەها بڕواشیان بە پرۆسەی هاوسەرگیری نییە، ئایا تاچەند رەفتارەکانی پەکەکە شیرازەی خێزان و دابونەریتی کوردانەی تێکداوە؟**

- پێویستە راستییەك هەیە، راشکاوانە پەنجەی بخەینەسەر، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بزانین کەس لەبەر برسێتی رووی نەکردۆتە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵکو جۆرێك لە گۆشەگیری ئازادی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمە تەنیا کێشەی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی هەر چوار پارچەی کوردستانە، بۆیە رێکخراوێکی وەك پەکەکە کە خۆی هەست دەکات کەس بە ئارەزوومەندانە ناچێتە ریزەکانی، ئەم دەرفەتەی قۆستۆتەوە و دەڵێت وەرن من (ئەو ئازادییەتان بۆ فەراهەم دەکەم). بۆیە گەنجانی باکوور و رۆژئاوا بەو ئامانجە روو لە پەکەکە دەکەن، بەشێك لە گەنجانی باشووری کوردستانیش دەچنە ناو پەکەکە بۆ ئەوەی بەو رێگەیە بگەنە ئەوروپا، ئەمەش مانای ئەوەیە پەکەکە هەوڵیداوە سوود لە هەستی ناخۆشی ئەو خەڵکانە وەربگرێت و هەڵیانبخەڵەتێنێت. ئەمەش رەفتارێکی زۆر خراپە و بێجگە لە پەکەکە هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی کوردستان پەنای بۆ ئەم کارە ناشیرینە نەبردووە، لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، ئەو خەڵکانەشی پەیوەندی بە پەکەکەوە دەکەن، دوای ماوەیەکی کورت تێدەگەن پەکەکە ستراتیژیەتی چییە، بۆیە لێی دوور دەکەونەوە، هەر بۆ نموونە تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ٣٠٠٠ کچ و زیاتر لە ٥٠٠٠ پیاو کە پێشتر چەکداری پەکەکە بوون، وازیان هێناوە و ئێستا لە هەرێمی کوردستانن، ئەمە بێجگە لەوانەی گەڕاونەتەوە تورکیا، یان چوونەتە هەندەران، ئەگەر لەسەر ئەم ئامارە سەیر بکەین، هیچ رێکخراوێکی سیاسی نییە کە بەو ئاستە ئەندامەکانی وازی لێ بهێنن، بۆیە لەم حاڵەتەدا پەکەکە ناچارە پەنا بۆ هەر رێگەیەك بەرێت بۆ ئەوەی چەکداری تازە بۆ خۆی پەیدا بکات، بەتایبەتی گەنجانی کوڕ و کچی تەمەن ١٤- ١٥ ساڵ، بەڵام وەك لە چەند رۆژی رابردوو بینیمان، پەیەدە ئێستا دژی ئەوەیە کە ئەو گەنجە هەرزەکارانە بکاتە چەکدار، بۆیە رێککەوتنێکی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمزا کردووە، کە نابێت کەسێك تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوە بێت، لەناو لەشکری پەیەدە بمێنێت.

*** لە کاتیکدا پەکەکە هەتا ئێستا نەیتوانیوە گوندێکی کوردستانی تورکیا ئازاد بکات، بەڵام شەڕ بە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەفرۆشێت و ئامانجی ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێنێت، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگەی ئومێدی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانە، ئایا پەکەکە بۆ خزمەتی کێ دژایەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

- پێشتر لەسەر ئەم پرسە قسەم کردو جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە، دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆچوون و ئاراستەی پەکەکە نییە، بەڵکو ئەمە ئاراستەی دەوڵەتانی ئیقلیمی و خەڵکانێکی داخ لەدڵ و فاشیلی باشووری کوردستانیشە کە ئامانجیان ئەوەیە ئەم حکومەتەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت. راستە لەناو سەرکردایەتیی ئێستای پەکەکە لە قەندیل کۆمەڵێك سەرکردەی چەپی رادیکاڵی ستالینی بوونیان هەیە و ئەگەر بۆیان بکرایە لە ٢٤ کاتژمێردا هەوڵیاندەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەهێڵن، بەڵام ئەمەیان بۆ ناکرێت، بۆیە لەگەڵ هێزەکانی تارانیش هەوڵیاندا هاوکاری بکەن و پێکەوە کاردەکەن، ئەزموونی حوکمڕانیی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆتە هیوا و ئومید بۆ کوردانی هەر چوار پارچە و هەروەها تێکڕای رەوەندی کوردیش لە هەندەران، بۆیە ئەوان دەیانەوێت ئەم ئەزموونە نەمێنێت بۆ ئەوەی کورد بێ هیوا بێت، بۆیە گرنگە هەموو لە ئاستی ئەم پیلانە هەمەلایەنەیە هۆشیار بین کە بەوەکالەتی زۆر لایەن دەیانەوێت دژی هەرێمی کوردستان بە پەکەکەی جێبەجێ بکەن.

# پەکەکە لە رووبەڕووبوونەوەی پرۆژەی نیشتمانیی کوردستانیدا



سەڵاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە باوەشی دەزگاکانی سەر بەو رژێمە ئیقلیمییانە لەدایك بووە و تەشەنەی کردووە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەمەش بە پیلانی ناوەندە سەربازییە دێرینەکان لە کۆماری تورکیا بەپێی ئەوەی لە بەڵگەنامەکانی (ئەرکنگون) دا هاتووە، لە قۆناخی دواتردا بە چاودێریی راستەوخۆی ماڵباتی سەرۆکی گۆڕبەگۆڕی سووریا حافز ئەسەد راستەوخۆ بەبەر چاوی کوردانی سووریادا، دوای ئەوەش بە پاڵپشتی و پشتگیریی دەزگاکانی رژێمی سەرۆکی لادراوی گۆڕبەگۆڕ سەدام حوسێن، ئەمەشیان بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە میدیاکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بڵاویان کردۆتەوە، لە کۆتاییشدا گیرسانەوەی لەژێر سەرکردایەتیی ناوەندیی سەربازیی پەکەکەدا لە قەندیل و بە سەرپەرشتیی ژەنەراڵ قاسم سولەیمانی، نەخاسمە لە ماوەی دوو دەیەدا کە هاوئاهەنگییەکی مەیدانی بەدی دەکرێت لەنێوان دەزگاکانی هەر دوو رژێمی دیمەشق و تاران تایبەت بە بەکارهێنانی تواناکانی ئەو حزبە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان.

پێشتر و ئێستاش ستراتیژییەتی رژێمە داگیرکارەکانی کوردستان کە زۆرینەیان لەلایەن هێزو رەوتە شۆڤینییەکان بەڕێوەدەچن، نەك هەر دانەنانە بە مافی کورد لە دیاریکردن مافی چارەی خۆنووسین، بگرە دەستیشیان داوەتە جێبەجێکردنی پیلانگەلێکی رەگەزپەرستییانە، هاوکات هەوڵیان داوە دووبەرەکی و لێکترازانی کورد دروست بکەن و بەردەوام هەوڵی دزەکردنیان بۆ نێو ریزەکانی گشت بزووتنەوەیەکی کوردی داوە، دواجار پێکهێنانی حزب و رێکخراوی سیاسیی لایەنگر بە خۆیان، تاکو خەباتی کوردستانی لە هەموو بەشەکاندا لە تێکۆشانی دادپەروەرانە و پرۆژەی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسی و ململانێ لەگەڵ رژێمە تۆتالیتاری و سیۆکراتی و دیکتاتۆرییەکانەوە بگۆڕێت بۆ بە کوردیکردنی ململانێ و لەبارچوونی تواناکان لە رێی شەپۆلێکی شەڕی ناوخۆوە کە کورد بە (شەڕی براکوژی) ناوی دەبەن.

**ڕژێمە داگیرکارەکانی کوردستان بەردەوام هەوڵیان داوە دووبەرەکی و لێکترازانی کورد دروست بکەن و هەوڵی دزەکردنیان بۆ نێو ڕیزەکانی گشت بزووتنەوەیەکی کوردی داوە**

**دەوڵەتی سووریا پەناگە و داڵدە و هێڵی جووڵەی لۆجیستی و ماددی بۆ پەکەکە دابین کرد، تا ئەو ڕاددەیەی حافز ئەسەد براگەورەی خۆی (جەمیل ئەسەدی) ڕاسپارد ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی ڕێگاکانی پارەدارکردنی پەکەکە بکات**

**هاندانی ڕاستەوخۆی ڕژێمە ئیقلیمییەکانە کە وایکردووە پەکەکە هەرگیز باوەڕی بە گفتوگۆی ئاشتییانە نییە، وەک ڕێگایەکی کاری سیاسی، بەڵکو پێیوایە کە تاکە شێواز بۆ مانەوە لەناوبردنی لایەنی پێچەوانەی بەرامبەریەتی**

لەسەر ئەرزی واقیع کاتێ ئەم حزبە دەرکەوت شوێن پێی خۆی وەك بەشێکی تەواوکەر لە ڕەوتێکی سەرکێشی بزووتنەوەی حزبیی کوردستانی کردەوە، بەڵام لەبەردەم پووکانەوەی دەسەڵاتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و شکستهێنانی لە قۆرخکردنی دەسەڵات بەسەر ڕێبازی کوردایەتیدا کە خۆی لە سەرکردایەتیی (بارزانی مستەفا)دا دەبینێتەوە، پەکەکە پێشەنگ بوو لەو ڕەوتە سەرکێشییەدا دوای ئەوەی پێشوازی لە هەزاران گەنجی بێکار و خوێنگەرم کرد لە سەربازگەکانیدا، هاوکات خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە ڕژێمە ئیقلیمییەکان کرد، کە بە هەموو شێوەیەك پشتگیرییان لێ کرد، لەوانەش هاندانی هاووڵاتیان تاکو بێنە ڕیزی ڕێکخستنەکانیەوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی لە سووریا ڕوویدا، کە دەوڵەتی سووریا پەناگە و داڵدە و هێڵی جووڵەی لۆجیستی و ماددی بۆ پەکەکە دابین کرد، تا ئەو ڕاددەیەی حافز ئەسەد براگەورەی خۆی (جەمیل ئەسەد)ی ڕاسپارد کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی ڕێگاکانی پارەدارکردنی پەکەکە بکات.

ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە ئازادیی ڕکابەری و کێبڕکێ هەبوو لەنێوان ئەو هەموو ڕەوت و بیروبۆچوون و سیاسەتانە لە گۆڕەپانی نیشتمانیی کوردستانیدا، بزووتنەوەکە پێش ناکەوێت و تازە نابێتەوە و ئامانجەکانی ناپێکێت، ئەگەر لەنێو ئەمەدا ململانێی فیکریی داهێنەر نەیەتە کایەوە بە شێوازێکی شارستانیی ئاشتییانە و گفتوگۆی هێمنانە، بەتایبەتیش کە بزاڤی کوردی ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاریشەیەکی زۆری کۆمەڵایەتی و ناوچەگەری و هەستەوەریی ئایینی و مەزهەبی دەبێتەوە لەلایەن دەزگا ئەمنییە حوکمڕانەکانەوە، کە بە شێوەیەکی بەردەوام گورزی کاریگەری بەردەکەوێت و لە ناوەوەو دەرەوەشدا پیلانی بۆ دادەڕێژرێت، ئەمە هەمووی پێویستی بە وریایی زیاتر و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە هەیە لەنێوان ڕەوتە جیاوازەکانەوە.

بەڵام لەم بوارەدا ڕەوتێکی سەرکێشی بزووتنەوەی کوردستانی لە سەروویانەوە پەکەکە تاکڕەوانە لە دەرەوەی بازنەدا هەڵسوکەوت دەکات، توندوتیژی و سەرکوتکردن و هەڕەشە بەرامبەر لایەنی جیاواز پەیڕەودەکات، ئەمەش بە هاندانی ڕاستەوخۆی ڕژێمە ئیقلیمییەکانە کە وایکردووە پەکەکە هەرگیز باوەڕی بە گفتوگۆی ئاشتییانە نییە، وەك ڕێگایەکی کاری سیاسی، بەڵکو پێیوایە کە تاکە شێواز بۆ مانەوە لەناوبردنی لایەنی پێچەوانەی بەرامبەریەتی، ئەم ڕەفتارەشی لەوەتەی بە شێوەیەکی گومانلێکراو پەیدابووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەریدا ڕەنگی داوەتەوە.

پەکەکە کاری کوشتن و پاکتاوکردنی بەرامبەر حزب و ڕێکخراوەکان لە کوردستانی تورکیا ئەنجام داوە کە بە دەیان ساڵ پێش ئەو لە گۆڕەپانەکەدا هەبوون، وەك پارتی کرێکارانی کوردستان بە سەرۆکایەتی کۆچکردوو عومەر چەتین و بزووتنەوەی (کوك)، و سەرجەم لایەنەکان، لەمەشدا هەمان شێوازی بەکارهێناوە بەرامبەر حزبەکانی بزووتنەوەی کوردی هەم لە سووریا و هەمیش لە ئێران.

دوابڕیاری سەرانی پەکەکە لە ڕێکخستنێکی بەناو (بەڕێوەبردنێك بە بەرگریی لەخۆکردن) لە ناوچە کوردستانییەکانی عێراق، بریتییە لە خۆتێوەگلانی زیاتر لە کاروباری ناوخۆی هەرێم، ئاشکراشە کە چەندین ساڵە ئەم حزبە لە پێشەوەی هەموو ئەرکێکی خۆیدا تەنیا لەناوبردنی دەستکەوتەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بووە، کە بە پێشکەشکردنی قوربانی و خەباتی بەردەوامی زیاتر لە سەدەیەك هاتوونەتەدی.

بۆیە دەبینین ڕووبەرێکی زۆری زەوی لە ناوچەی زۆر بە پیت و دەوڵەمەندی جووتیاران و هاووڵاتیانی داگیرکردووە و سەرکردایەتییەکەشی لە قەندیل و ناوچەکانی بادینان لە باکوورەوە و لە باشووریش تا دەگاتە شنگال جێگیر کردووە، هەموو ئەو شارۆچکە و گوندانەی کردوون بە مۆڵگەی سەربازی و بە ئاشکراش تەحەددای یاساکانی حکومەتی هەرێم دەکات، لەسەر ئەو حاڵەش دەستوەردەداتە کاروباری ناوخۆی هەرێم، لەوانەش تاکلایەنانە دژی سەرکردایەتیی مێژوویی دەوەستێتەوە، هەروەها دژی ویستی گەلی کوردستان دەجووڵێتەوە لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین وەك ئەوەی لەئێستادا لە کوردستانی سووریا ئەنجامی دەدات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت پەکەکە لەئێستادا زیاتر دەستتێوەردانی ناڕەواو دوژمنکارانە لە دژی هەرێمی کوردستان پەیڕەودەکات، بەتایبەتیش دوای ئەو پەرەسەندنە ئەرێنییانە و دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و دیموکراسییانەی دەسەڵات، هەروەها



پەکەکە بە تێکدانی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی تورکیا، کێشەی کوردی زیاتر بەرەو پاش بردەوە

دەستنیشانکردنی دوو کەسایەتیی سەرکردەو بەتواناو کارامەی گەنج بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت، هاوکات لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتەی هەندێ گرووپ کە ریزی کوردستانییان تێکدا و دژی پرۆسەی ریفراندۆمی سێبتەمبەری ٢٠١٧ وەستانەوە، کە ئەمەش دیسان هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی رژێمی تاران و لایەنگرانی لە بەغدا کە بەچاوی سووك دەڕواننە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و پیلان رێکدەخەن بۆ لەباربردنی ئەو دەستکەوتانەو گەڕانەوە بۆ دواوە.

لە سۆنگەی پەرۆشی و چارەنووسی هاوبەشیشەوە دەڵێم: چارەسەری پێشووی مەترسییەکانی پەکەکە لەلایەن براکانەوە لە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان پێویستیی بە چاوپێداخشانەوەو کاراکردن هەیە، نەك هەر تەنیا لەناو هەرێم، بەڵکو لە قووڵایی دەوروبەریشدا کە سەرچاوەیەکی مەترسیی چاوەڕوانکراوە، مەبەستم لێرەدا قووڵایی کوردیی سووریایە، پێویستییەکی زۆر هەیە بە چاوخشانەوە لەوانەش هاوپەیمانییە کۆنەکان و کرانەوە بە رووی هاونیشتمانییانی بێلایەن و نوێنەرانی لاوان و کۆمەڵگای مەدەنی، لێرەدا نامەوێ داوای رووبەڕووبوونەوەی سەربازی بکەم، بەڵکو بە سیاسەتێکی روون و ئاشکرا، پیادەکردن لەسەر ئەرزی واقیع لە پشتگیریی کوردانی سووریا بەرجەستە دەبێت، لەپێناو بنیاتنانەوەو یەکخستنی بزاڤی نیشتمانیی خۆیان، ئەویش بە بەستنی کۆنگرەی سەرتاسەریی کوردیی سووریا بە زۆرینەی نیشتمانیی بێلایەن، بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو حزبەکان، لەپێناو گەیشتن بە بزاڤێکی بەهێزی شەرعی کە دروشمی پرۆژەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵبگرێت، هەروەها بە شێوەیەکی برایانە و چارەنووسسازانە لەگەڵ رێبازی بارزانی هەماهەنگی بکات.

هەروەها مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان لە برایانی هەرێم دەخوازن، بەتایبەتیش لە سەرۆکایەتیی تازە لە هەرێمی کوردستاندا،کە هەوڵ و کاری بەردەوام بکات بۆ یەکخستنەوەی سەرتاسەری نێوماڵی کوردستانی، ئەویش بە گرێدانی هاوپەیمانیگەلێکی هەماهەنگساز لەسەر چەند بنەمایەکی روون و دیار و ریزگرتنی بەرامبەر، هەروەها لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی یەکدی، بۆیە لەسەر ئێمە پێویستە ددان بەو واقیعە تاڵەی ئێستاماندا بنێین، کە بریتییە لە نەبوونی دامەزراوەیەکی رێکخراو تایبەت بە پێوەندییە کوردستانییەکان، بەڵکو بەداخەوە زۆرکاتیش دەکەوێتە ژێرباری میزاجی تایبەت، یان دەمارگیریی تەسکی حزبایەتی، یاخود بڕیارگەلێکی دیراسەنەکراوی تاکەکەسی.

**پێویستە ددان بەو واقیعە تاڵەی ئێستاماندا بنێین، کە بریتییە لە نەبوونی دامەزراوەیەکی رێکخراو تایبەت بە پێوەندییە کوردستانییەکان**

# حزبی ئایینیی
# ئایینی حزبی بەرهەم دەهێنێت

خوای گەورە خودای هەمووانەو پێغەمبەرەکەیشی (درودی خوای لەسەر) رەحمەتە بۆ هەمووان و، خوداش بۆ بە یەکسان تەماشاکردنی گشت مرۆڤەکان لە دنیادا ناوی (حەکەم)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، چونکە مەرجی بوون بە حەکەم بریتییە لە بە یەکسان سەیرکردنی گشت لایەك و گشت مرۆڤەکان بە یەکسانی، بۆیە خوای گەورە پاداشت و سزای لەسەر پەیڕەوکردن، یان نەکردنی ئایینەکەی بۆ قیامەت هەڵگرتووە، بەڵام لە دنیادا ئازادیی بڕیاردانی بە مرۆڤەکان بەخشیوە و، ئایین بە زۆر ناسەپێنێت بەسەر کەسدا و خەڵکیش ئازادن لە بڕواهێنان، یان نەهێنان.

هەر بۆیە کاتێك خودی ئایین لە هەوڵی گێڕانەوەی رۆڵی حەکەمییانەی خۆیەتی، کەچی شوێنکەوتووە حزبییەکانی ئایین، زیاتر لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە رۆڵی حاکمبوونی ئایین.

پەیامی رەحمەت و مرۆڤدۆستانەی ئایین لە رەحمانییەتی خوای گەورەوە سەرچاوە دەگرێت و، پاداشت و خەڵاتی خواپەرستی و عیبادەتیش لە رەحیمبوونی خواوە سەرچاوە دەگرێت و لە قیامەتدا دەبێت، نەك لە دنیادا.

بۆیە ئەمڕۆ جیهان ئاتاجی رۆحی یەکسانخوازیی ئایینە هەتا پێگەی مرۆڤ و گەورەیی گشت مرۆڤەکان لە ئاوێنەی ئایینـدا نیشان بدات و، درەوشانەوەی ناوەکانی (الحکم) و (العدل)ی خوداش لە گوتار و رەفتاری مرۆڤەکاندا بەرجەستە بن.

ئەم پێشەکییە کورتەم بەپێویست زانی بۆ ئەوەی وردتر ئاماژە بە زۆر جیاوازیی لە نێوان کاری ئایینی و کاری حزبی بکەم، بۆ ئەوەش کە ماناکانی ئەو ناونیشانەی سەرەوەش جوانتر روون ببنەوە:

١. ئامانجی ئایین ئیسڵاحە، ئامانجی حزب مەسڵەحەتە.

٢. ئایین وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی رۆحە، حزب وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی جەستەیە.

٣. ئایین لە چەمکە جێگیرەکان دەدوێت، حزب کار لەسەر چەمکە گۆڕاوەکان دەکات.

٤. ئایین مێرگی ئاشتی و تەباییە، حزب مەیدانی شەڕو ململانێیە.

٥. ئایین دڵی مرۆڤی دەوێت، حزب دەنگی مرۆڤی دەوێت.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

٦. ئایین ڕەزامەندیی خودای مەبەستە، حزب ڕەزامەندیی جەماوەری مەبەستە.

٧. ئایین بە ڕەوشت و ئاكار مرۆڤ رادەگرێت، حزب بە یاسا و دیسپلین مرۆڤ كۆنترۆڵ دەكات.

٨. ئایین بێ بەرامبەرەو پاداشتی دنیایی نییە، حزب پۆست و پێگەی دنیایی دەبەخشێت.

٩. ئایین بایەخ بە چاودێریی خودیی دەدات، حزب كار بە چاودێریی مرۆیی دەكات.

١٠. ئایین بە شوێنكەوتووانی نوێنەرایەتی ڕێبازێك دەكات، حزب بە ڕێبازێك نوێنەرایەتیی خەڵك دەكات.

١١. ئایین دەیەوێت دەقەكانی بكاتە واقیع، حزب دەیەوێت واقیع بكاتە دەقەكان.

١٢. ئایین پەرستگای هەیە بۆ هەمووان، حزب نووسینگە و بارەگای هەیە بۆ ئەندامان.

١٣. ئایین بە مەزهەبەكانی دابەشكردنی لەیەكچووەكانە، حزب بە پەیڕەوەكانی كۆكردنەوەی جیاوازەكانە.

١٤. خەمی سەرەكیی ئایین كۆمەڵگەیە، خەمی سەرەكیی حزب دەوڵەتداریی و حوكمڕانییە.

١٥. ئایین لە بازنەی كوفر و ئیماندا پۆلێنكاری دەكات، حزب لە بازنەی یار و نەیاردا پۆلێنكاری دەكات.

١٦. ئایین ڕێنمایی دەسەڵات دەكات، حزب هەوڵ بۆ وەرگرتنی دەسەڵات دەدات.

١٧. ئایین دەیەوێت بێلایەن و حەكەم بێت، حزب دەیەوێت لایەندار و حاكم بێت.

١٨. ئایین هەوڵ دەدات ڕەفتار بگۆڕێت، حزب دەیەوێت ئەفكار بگۆڕێت.

١٩. ئایین زەمەن لە بەردەمیدا كراوەیە، حزب زەمەن لەكاریدا دیاریكراوە.

٢٠. ئایین بانگەواز دەكات، حزب بانگەشە دەكات، بانگەواز و بانگەشەش جیاوازن:

أ: بانگەواز دەعوەیە، بانگەشە دیعایەیە.

ب: بانگەواز بیروباوەڕ و بەهای باڵایە، بانگەشە ئایدیۆلۆژیایەكی سیاسییە.

ج: بانگەواز قەناعەت هێنانە بە گشت، بانگەشە قەناعەت هێنانە بە بەش.

د: بانگەواز درێژخایەن و هەمیشەییە، بانگەشە كورتخایەن و كاتییە.


# حزباندنی ئایینی ئیسلام لەگەڵ بنەما هزری و شەرعییەکانی ئیسلامدا نایەتەوە

هەمـوو تاکەکانـی موسـڵمان هاوڕایـن لـە سـەر ئـەوەی کـە ئایینـی ئیسـلام ئایینێکـی ئاسمانییە و سـەرچاوەکەی خوداوەنـدی تـاك و تەنیایـە، خوداش بـۆ خـۆی لـە سەرتاسـەری جیهـان پەروەرینـی تێکـڕای مرۆڤایەتییـە و پەروەرینـی بوونەوەرانـە و هـەر بـۆ خۆیشـی مرۆڤـی درووسـتکردووە، بۆیـە ئایینەکەشـی تەنیـا یـەك ئایینـە و ئەویـش یەکتاپەرستییە، کەواتـە هیـچ مرۆڤێـك بـۆی نییـە ئایینـی خـودا لـە سـەر چینێـك، یـان توێژێکـی تایبەتمەنـد قـۆرخ و تاپـۆ بـکات و کەسانی دیکـەی لـێ بێبـەش بـکات، واتـە خاوەنـی ئـەم ئایینـە بریتییـە لـە هـەر بڕوادارێـك لـە سـەر گـۆی زەوی، ئیـدی لەهـەر گۆشـەو کەنارێکـی ئـەم جیهانـە ژیـان بەسـەر ببـات، ئەمـەش بـۆ خـۆی ئـەوە دەگەیەنێـت کـە بەحزبیکردنـی ئایینەکـە لەگـەڵ بنەمـا گشـتییەکانی ئایینـدا یـەك ناگرێتـەوە، ئێمـە ئەگـەر گوزەرێـك بـە دەقـە رەسـەنەکانی ئیسـلامدا بکەیـن، دەگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی کـە ئیمـان و باوەڕداری بە پلەی یەکـەم پەیوەندیی راستەوخۆی بـە ناخـی تـاك و مـرۆڤ خۆیـەوە هەیـە، هـەر بـۆ نموونـە کەسـایەتییەکی زۆر دیـار دەربـاری ئـەو فیرعەونـەی رکابەریی پەیامبـەر مووسـای دەکـرد، بەشـێکی زۆر لـە راڤەکارانـی قورئـان بـە وەزیـری یەکـەم سـەرۆك وەزیرانـی فیرعەونـی لەقەڵـەم دەدەن، ئـەو کەسـێکی ئیمانـدار و بەهەشـتییە و هەڵوێسـتەکانی بـە ناڕاسـتەوخۆ لـە بەرژەوەندیـی ئیماندارانـی سـەردەمی خۆیـدا بـووە، بەبـێ ئـەوەی ئـەو پیـاوە بـە راستەوخۆ چووبێتـە بـەرەی پەیامبـەر مووسـا و هەڵویسـتی راسـتەوخۆی ئاشـکرا بـکات (بڕوانـە سـورەتی غافـر ئایەتـی ٤٠)، هەرخـودی ئاسـیا خانمـی هاوژینـی ئـەو فیرعەونـە یەکێکـە لـەو ئیماندارانـەی خـودا بەڵێنـی بەهەشـتی پێداوە بەبـێ ئـەوەی هەڵوێسـتی ئاشـکرای لەگـەڵ بـەرەی مووسـادا بووبێـت، لـە بەرامبەریشـدا هاوژینـی هـەردوو پەیامبـەر (نـووح و لـووت) ئیمانیـان بـە یەکتاپەرسـتی و پەیامبەرێتـی مێردەکانیـان نەبـووە و دژیـان جووڵاونەتـەوە، لەگەڵیشـیاندا کوڕی نـووح و کچانـی لـووت هەمـان هەڵوێسـتی دایکەکانیـان هەبـووە و لـە بـەرەی نەیارانـدا بـوون. لێـرەوە مەبەسـتمە بڵێـم: ئیمـان و موسـڵمانێتی بـە پلـەی یەکـەم هەڵوێسـت و ناخـی تـاك بـۆ خۆیەتـی، هیـچ کـەس مافـی ئـەوەی نییـە کەسـێکی دی بخاتـە خانـەی ناموسـڵمان و بـێ باوەڕانـەوە، بەتایبەتـی لـە کۆمەڵگەیەکـی وەکـو کۆمەڵگـەی کوردسـتانی زۆرینـە موسـڵماندا، مەگـەر کەسـەکە بـۆ خـۆی بانگەشـەی ئاشـکرا بـۆ ئـەوە بـکات کـە بـڕوای بـە یەکتاپەرسـتی و پەیامەکانـی پەیامبـەران و خوداوەنـد نییـە.

**هاوژینی هەردوو پەیامبەر (نووح و لووت) ئیمانیان بە یەکتاپەرستی و پەیامبەرێتی مێردەکانیان نەبووە و دژیان جووڵاونەتەوە، لەگەڵیشیاندا کوڕی نووح و کچانی لووت هەمان هەڵوێستی دایکەکانیان هەبووە و لە بەرەی نەیاراندا بوون**

**د. عمر ڕەنگینەیی**

**مامۆستای زانکۆی سلێمانی**



**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئایینی ئیسلام لە سەر پێنج بنەمای سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە: شایەتمان، نوێژ و رۆژوو، زەکات، حەج، دواتریش ئیمان بە بوونەوەرو چەمکە پەنهانەکان، لێرەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە ئیسلام وەکو ئایین پێویستی بەوە نییە کە ڤیزای پەڕینەوە لە هیچ مرۆڤێك وەربگرێت و دواجار بڕوانامەی ئاینداری پێ ببەخشێت. خاڵی دوەمی ئیسلام دەمێنێتەوە پابەندبوون بە شەریعەتەوە، ئەوەش دیسانەوە هەر پەیوەستە بە خودی مرۆڤەکە خۆیەوە، کە چۆن و تا چ ئاستێك پابەند دەبێت بەوەی کە خواستی شەریعەتە بۆ مرۆڤ، هەڵبەتە پابەندبوون پاداشی خودای هەیە و پابەندنەبوونیش سزا، بۆیە گرنگترین خاڵی دینداری گوێڕایەڵیی مرۆڤەکە خۆیەتی بۆ ئەوەی وەکو کەسێکی خاوەن هەست و لۆژیکی باڵا بۆ ویستی خوداو ئایینەکەی کە لە دادپەروەریی مرۆڤدۆستیدا خۆی دەبینێتەوە، پابەندبوونی خۆی بخاتە بواری کردەییەوە، نەك سەنگەر گرتن و رووبەڕووبوونەوە و ململانێی توند، یان دروستکردنی ململانێی نابەجێ لە ناو کۆمەڵگەی موسڵمانەتیدا.

کاتێك دێینە سەر دەستەواژەی (حزب) بۆ خۆی ئەو دەستەواژەیە دەستەواژەیەکی سیاسییە و لێوانلێوە لە ململانێ و رووبەڕووبوەنەوە لە پێناو گرتنەدەستی دەستەڵات و وەلاخستنی رکابەرەکان. بەشێکی بەرچاوی زانایانی موسڵمان لەو بڕوایەدان کە سیاسەت و زانستەکانی زیادتر لەوەی پەیوەندییان بە ناخی ئایینەوە هەبێت، پتر زانستی دنیایین، بۆیە ئەو زانستانە هەردەم لە ئاڵوگۆڕی بەردەمدان و چەسپاو نین، هەر بۆیەشە ناکرێت بخزێندرێنە ناو پرەنسیپ و بنەما ئایینییەکان، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام، پەیامبەریش دەفەرموێت: «ئێوە بۆ خۆتان لە کاروباری دنیاتان شارەزاترن»، واتە راپەڕاندنی کارگەلێك کە لە ناواخنی ئاییندا نین، دەبێت بدرێنە دەستی پسپۆڕان و شارەزایانی ئەو بوارە، خۆ ئەگەر بە وردی خوێندنەوە بۆ ئەو حکومەتە بکەین کە پەیامبەری ئیسلام دروودی خودای لەسەر بێت لە مەدینە بونیاتی نا، زۆر بە روونی دەردەکەوێت کە بە دەستەواژەی نوێ دەوڵەتێکی مەدەنی و فرەیی بووە، نەك دەوڵەتی ئایینی و ئیسلامی، چونکە بە روونی دیارە لە بواری یاسا و سزاکاندا هەر ئایینزایەك بە شەریعەتی ئایینەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، نەك بە شەریعەتی ئیسلام، لە هەمان کاتدا پەیامبەر پەیماننامەیەکی لەگەڵ ئایینزاکانی دیکەدا مۆر کردووە کە

**بەشێکی بەرچاوی زانایانی موسڵمان لەو بڕوایەدان کە سیاسەت و زانستەکانی زیادتر لەوەی پەیوەندییان بە ناخی ئایینەوە هەبێت، پتر زانستی دونیایین، بۆیە ئەو زانستانە هەردەم لە ئاڵوگۆڕی بەردەمدان و چەسپاو نین**

**ئەگەر بە وردی خوێندنەوە بۆ ئەو حكومەتە بكەین كە پەیامبەری ئیسلام درودی خودای لەسەر بێت لە مەدینە بونیاتی نا، زۆر بە روونی دەردەكەوێت كە بە دەستەواژەی نوێ دەوڵەتێكی مەدەنی و فرەیی بووە، نەک دەوڵەتی ئایینی و ئیسلامی**

**پەیامبەر پەیماننامەیەكی لەگەڵ ئایینزاكانی دیكەدا مۆر كردووە كە لە پەیماننامەكەدا لە سەر بەندە یاسایی و دەستووری و سیاسییەكان وەكو بەرنامەی كاری حكومەتەكە رێككەوتوون، نەک ئەوەی شەریعەتی ئیسلامیان بە سەردا بسەپێنێت**

**كاتێک ئیسلام دەكرێتە حزب بێجگە لە بچووككردنەوەی ئایین لە چوارچێوەی گرووپێكی سیاسیدا هیچی دیكەی لێ وەدی ناكرێت، چونكە بە ناڕاستەوخۆ سەرانی حزب بە ئایینداران دەڵێن ئیسلام تەنیا ئەوەیە كە لای ئێمە هەیە**

لە پەیماننامەكەدا لە سەر بەندە یاسایی و دەستووری و سیاسییەكان وەكو بەرنامەی كاری حكومەتەكە رێككەوتوون، نەك ئەوەی شەریعەتی ئیسلامیان بە سەردا بسەپێنێت، واتە لە سەر بنەمای لێكتێگەیشتنی موسڵمانان و ئایینزاكانی دیكە ئەو حكومەتەی دامەزراندووە، هەر بۆیە بەشێكی بەرچاو لە زانایانی موسڵمان لە بواری شەریعەتدا رایان وایە كە بەحزبكردنی ئیسلام لەگەڵ بنەماو مەبەستە باڵا و پیرۆزەكانیدا نایەتەوە، بگرە حزبیكردن جۆرێكە لە ناڕەوایی كە بەرامبەر بە بەها باڵاكانی ئایین دەكرێت، نەك خزمەت بێت بەو ئایینە، چونكە پێیان وایە پرۆسەی بەحزبیكردن جۆرێكە لە پەرتكردن و كەرتكردن، هەمیشە بانگەشەی ئیسلامیش بۆ شوێنكەوتووانی خۆی و تەنانەت بۆ ئایینزاكانی دیكە و مرۆڤایەتیش بریتییە لە تەبایی و یەكڕیزی، نەك پەرت و بڵاوكردنی كۆمەڵگە و باوەڕداران، ئایینی ئیسلام بۆ خۆی تەنیا دوو مەبەستی سەرەكی لە بواری هزرو شەریعەتدا هەیە، ئەویش بریتین لە: یەكتاپەرستی و دادپەروەری لە حوكمڕانی و بەڕێوەبردندا، دواجاریش رێزگرتن لە بەها باڵاكانی مرۆڤایەتی.

خۆ ئەگەر سەیری باشووری كوردستانی خۆمان بكەین، وەك نمونە: زۆرینەی دانیشتووانی موسڵمانن بە هەموو ئەوانەشی بەسەر لایەنە سیاسییەكاندا دابەش بوون، بگرە بەشێكی زۆر بە سەركردەكانیشیانەوە ئیمانداری و پابەندبوونی خۆیان بە ئیسلامەوە ناشارنەوە، بۆیە هەر كاتێك ئیسلام كرا بە حزب و حزبی جیا جیا، ئەوا پرۆسەیەكی نابەجێ و نادروست دێتەئاراوە، ئەویش وەدەرنانی زۆرینەی موسڵمانانە، كە بە راستی و بە شێوەیەكی پراكتیكی خاوەن ئیمان و دیندارن، ئەوەش بۆ خۆی ئەو پەرتەوازەبوونەیە كە قورئان و پەیامبەری ئیسلام زۆر بە سەختی دژی وەستاونەتەوە، چونكە مافی هیچ مرۆڤیك نییە كەسانێكی باوەڕدار بخاتە ئەودیوی گۆڕەپانی ئایینی ئیسلام و دینداریییەوە، ئەوە بێجگە لەوەی ئەو بەحزبیكردنە جیاجیایەی ئایینەكە بۆ خۆی ئەو پەرتبوونەیە كە هەردەم جێگەی نیگەرانیی ئیسلام و پەیامبەرەكەی بووە، ئەوەش زۆر بە روونی لە قورئان و فەرموودەكاندا باسی لێ كراوە.

كاتێك ئیسلام دەكرێتە حزب بێجگە لە بچووككردنەوەی ئایین لە چوارچێوەی گرووپێكی سیاسیدا هیچی دیكەی لێ وەدی ناكرێت، چونكە بە ناڕاستەوخۆ سەرانی حزب بە ئایینداران دەڵێن ئیسلام تەنیا ئەوەیە كە لای ئێمە هەیە، ئەوانەشی لە دەرەوەی ئێمەن لە گۆڕەپانی ئیسلام وەدەرن، زۆر جارانیش نەیانشاردۆتەوە ئەم راو چەمكەیان بە راستەوخۆ دەربڕیوە، وەكو ئەوەی دەنگدان بەخۆیان لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا یەكسان بووە بە دەنگدان بە ئایینی ئیسلام و بە وەدەستهێنانی بەهەشتی خودا، پێچەوانەكەشی بە هەمان شێوە ملنانە بەرەو دۆزەخ، باشە ئەگەر كاتێك چەندین حزبی ئیسلامی لە گۆڕێدا بوون، كامیان ئیسلامە راستەقینەكە و كامیان ناڕاستەكەیە، ئەمانە و چەندین شتی هاوشێوە بۆ خۆی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن، كە ناكرێت ناوی پیرۆزی ئیسلام بكرێتە لۆگۆ و ناوی حزب، بەتایبەتی لە كۆمەڵگەیەكی موسڵماننشین و زۆرینە موسڵماندا، چونكە سەرانی حزب هەردەم دەكەونە تەڵەی ئەوەی كە دەڵێن (من لە هەمووان موسڵمانتر و پابەندترم، ئەوانی دیكە، یان موسڵمان نین، یان لە خوار من و حزبی منەوەن، یان لە بواری پابەندبوون بە ئایین و پرەنسیپەكانیدا لادەرن)، ئەوەش لە كاتێكدا كاری سیاسی و ململانێی حزبی پتر لە هەموو شتێك كارێكی دنیایی و پڕململانێیە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبردن، ئەو پرۆسەیەش گۆڕانكارییە هەنووكەیی و نوێكان كاریگەریی زۆری لە سەری هەیە، بەڵام ئایین و ئایینداری و بڕوابوون بە یەكتاپەرستی و كۆڵەكە بنچینەییەكانی ئایین چەسپاو و نەگۆڕن، دەشێت تاك، یان كەسانێكی ئاییندار كاری حزبی بكەن، یان گرووپ و حزبی سیاسییان هەبێت و جێبەجێكردنی پرەنسپەكانی شەریعەتی ئیسلام كەم یان زۆر بەرنامەی حزبەكەیان بێت، بەڵام ئەو رەوشە مافی ئەوەیان پێ نادات ئایینێكی گەورەی وەكو ئیسلام لە حزب و گرووپی سیاسیدا بچووك بكەنەوە، یان ئیسلام بكەنە پێشگر، یان پاشگری حزبەكەیان، هەر بۆ راستی و دروستیی ئەم بۆچوونە، ئێمە

بۆ خۆمان لێرە و لەوێ دەبیسین و دەبینین، کە حزبێکی بەناو ئیسلامی ئەوی دی بە لادان لە ئایینی ئیسلام تۆمەتبار دەکات، یان هەر لەناو خودی حزبێکدا سەرکردەکانی یەکتری بەو لادانە تۆمەتبار دەکەن، ئەمە بۆ خۆی لە لایەك، لەلایەکی دیکەشەوە حزبی بە ناو ئیسلامی و سەرانی ئەو حزبانە بێگومان وەکو هەر حزب و مرۆڤێك دوچاری هەڵەی گەورە و هەڵنگوتن دەبنەوە، ئەوەش چ لە رووی ئایینی و چ ژیاری و سیاسییەوە، ئەو هەڵانەش بۆ خۆیان رەوشێکی ئاسایین، چونکە هیچ مرۆڤ و گرووپێك لە هەڵە بەدوور نییە، بێجگە لە پەیامبەران، کە ئەگەر هەڵەش بکەن، خوداوەند بۆ خۆی هەڵەکانیان بۆ راست دەکاتەوە، کەواتە ئەوەی نائاسایی و نادروستە ئەوەیە ئەگەر ئایینی ئیسلام کرا بە گرووپ و حزب، هەڵەکانی ئەو حزب و گرووپانە بیانەوێت، یان نەیانەوێت، لە سەر ئایینەکە دێنەهەژمار، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ئەوانەی ئیسلام بە حزب دەکەن، گەرەکیان بێت، یان نا، دەیانەوێت پیرۆزی بە خۆیان و کاری سیاسیی خۆیان بدەن، شوێنکەوتووانیشیان بە هەمان شێوە بەو پاشگرە ئیسلامییە رابەر و سەرکردەکانی خۆیان بە جۆرێك لە جۆرەکان پیرۆز دەکەن و بە دوور لە هەڵە هەژماریان دەکەن، چونکە سروشتی ئایین بۆ خۆی هەر وایە هەردەم لکاوە بە پیرۆزییەکانەوە، سەرانی حزبی بە ناو ئیسلامی و شوێنکەوتووانی هەر ئایینێکیش لەم رەوشە بەدەر نین، ئەوە لە کاتێکدا رابەرو سەرکردە حزبییەکانیش مرۆڤن، وەکو هەر مرۆڤێکی دی و ناکرێت بەو پاشگرە ئیسلامییە پیرۆز بکرێن، ئەوەی پیرۆزە لە ئیسلامدا خوداوەند و قورئان و پەیامبەرە، دوای پەیامبەریش ئەوەی چاك بکات، بۆ خۆی لێی بەهرەمەند دەبێت، ئەوەشی باش نەکات، دیسانەوە هەر بۆ خۆی دوچاری سزا دەبێتەوە. خۆ ئەگەر کەمێك وردەکاری لە ناو پرەنسیپ و مەبەستە باڵاکانی ئیسلامدا بکەین، دەستەواژەی پیاوی ئایینی، یان ئیسلامی لەناو ئەو ئایینەدا هیچ جێگەیەکی نییە، چ جای حزبی ئیسلامی، خۆ ئەوەی کە هەیە، زاناو شارەزایە لە ئایینی ئیسلام، نەك پیاوی ئایینی، کەواتە دەکرێت کەسێکی ناموسڵمانیش کە پسپۆڕە و لە ئیسلام شارەزا بێت، پێی بگوترێت زانا لە زانستە ئیسلامییەکاندا، لێرەدا قسەکە ئەوەیە حزبی بە ناو ئیسلامی وەکو هەر حزبێکی دیکە، کاری چاك و خراپیش دەکات، هەڵەی سیاسی و ئیداری و ژیارییش دەکات، رابەرانیشی بە هەمان شێوە لە کردەی باش و خراپدا هەر وەکو سەرانی حزبەکانی دیکەن، بۆیە ناکرێت ئایینی ئیسلام بەرپرسیارێتی هەڵە و پەڵەکانی ئەوان هەڵبگرێت، هیچ کەس و لایەنێکیش بە هیچ شێوەیەك مافی ئەوەی نییە ئایینی ئیسلام لە سەر خۆی تاپۆ بکات و کەسانی دیکەی لێ وەدەر بنێت، چونکە ئەو ئایینە تایبەت نییە بە هیچ گرووپ و کەسێکەوە، ئەو ئایینە تەنیا تاپۆی ئەو کەسانەیە کە قبووڵی پەیامەکەی دەکەن و بەردەوامن لە سەر رێبازەکەی، ئیدی ئەوانە لە هەر سوچ و قورژبنێکی سەر گۆی زەوی بن، بۆیە بەحزبکردنی ئیسلام هێندەی دژ بە ئایین و بە بچووککردنەوەی ئایینەکە دەکەوێتەوە، هێندە لە خزمەتیدا نییە، چونکە ئایین وەکو تیشکی خۆرە و ناکرێت لە سەر گرووپ و حزبی جیا جیا تاپۆی بکەین، بەڵکو پێویستە لێیگەرێین بۆ خۆی دەگاتە گشت شوێنێك، ئیسلام هێندەی پێویستی بە کەسانی دڵسۆز و پابەند هەیە، هێندە پێویستی بە کوێخاو دەمڕاست نییە، دواجاریش پێویستی زۆری بە زانا و پسپۆڕ و شارەزا و راڤەکاری ورد و کارامە هەیە، نەك بەحزبکردنی لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات و خۆپیرۆزکردن، خۆ ئەگەر گوزەرێکیش بە مێژووی هاوچەرخی وڵاتانی موسلماننشیندا بکەین، لە کوێدا ئیسلام کرابێتە حزب، بەو بەحزبیکردنەی هێندەی گورزی کوشندە وەبەر موسڵمانان خۆیان کەوتووە و لێکترازانی گورچکبڕی لە نێوانیاندا دروست کردووە، هێندە سوودیان لەو بەحزبیکردنە نەدیوە، نموونەکانی سووریا و میسر و هەندێك وڵاتی دیکەی موسڵماننشین باشترین گەواهین بۆ ئەو بۆچوونە، لێکترازانی کۆمەڵگەی موسڵمانیش هەردەم ئەو پەتا کوشندەیە کە پەیامبەر بەردەوام لە دژی وەستاوەتەوە و داوای لە موسڵمانان کردووە، خۆیانی لێ وەدوور بگرن.

ئەگەر ئایینی ئیسلام کرا بە گرووپ و حزب، هەڵەکانی ئەو حزب و گرووپانە بیانەوێت، یان نەیانەوێت، لە سەر ئایینەکە دێنەهەژمار، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ئەوانەی ئیسلام بە حزب دەکەن، گەرەکیان بێت، یان نا، دەیانەوێت پیرۆزی بە خۆیان و کاری سیاسیی خۆیان بدەن


حزبی بە ناو ئیسلامی وەکو هەر حزبێکی دیکە، کاری چاك و خراپیش دەکات، هەڵەی سیاسی و ئیداری و ژیارییش دەکات، رابەرانیشی بە هەمان شێوە لە کردەی باش و خراپدا هەر وەکو سەرانی حزبەکانی دیکەن، بۆیە ناکرێت ئایینی ئیسلام بەرپرسیارێتی هەڵە و پەڵەکانی ئەوان هەڵبگرێت

ئیسلام هێندەی پێویستی بە کەسانی دڵسۆز و پابەند هەیە، هێندە پێویستی بە کوێخاو دەمڕاست نییە، دواجاریش پێویستی زۆری بە زانا و پسپۆڕ و شارەزا و راڤەکاری ورد و کارامە هەیە، نەك بەحزبکردنی لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات و خۆپیرۆزکردن

# ئیسلامی سیاسی له شیشان

ناوچەی باشووری قۆقاز لەژێر كۆنترۆڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو، جگە لە ئازەربایجان كە لەژێر دەسەڵاتی سەفەوییەكاندا بوو، زاراوەی باشووری قۆقاز South Cauca-sus (جیۆرجیا Georgia، و ئەرمینیا Arme-nia، و ئازەربایجان Azerbaijan)دەگرێتەوە، ئەو دەوڵەتانەن كە دوای هەڵوەشانەوەی یەكێتیی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٩١ سەربەخۆبوون، ئەوانە بە كۆمارە سەربەخۆكانی قۆقاز ناسراون، عوسمانییەكان لە باكووری قۆقاز دەسەڵاتیان هەبوو، زاراوەی باكووری قۆقاز North Cau-casus (شیشان Chechnya، وئەنگوشیا Ingush-etia وداغستان Dagestan، ئەدیگیا Adygea، و كۆمارەكانی دیكەی رووسیا دەگرێتەوە) ئەو دەوڵەتانەن كە سەربەخۆ نەبوون، بەتایبەتیش كۆماری شیشان كە لەپێناو سەربەخۆییدا دوو جەنگی بەرپاكرد، بەڵام نەیتوانی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و تائێستاش هەر هەوڵی بۆ دەدات، مێژووی خەباتی شیشانییەكان كۆنە، بۆ سەردەمی قەیسەرەكانی رووسیا دەگەڕێتەوە، كاتێك لە ساڵی ١٧٧٢ و لە سەردەمی پۆترۆسی گەورە قۆقازیان داگیركرد، گەلی شیشان بەسەرۆكایەتیی ئیمان مەنیور لە ساڵی ١٧٨٠ تاكو ١٧٩١ بەرگرییان كرد، دواتر ئیمام مەولای محەمەد لە ساڵی ١٨٢٤ تاكو ١٨٣٢ سەركردایەتیی كردن، ئینجا ئیمام حەمزات بەردەوام بوو، تا كوژرا، لەدوای ئەو ئیمان شامل هات، ئەو شارەزایی سەربازیی هەبوو و كاریگەریی بۆسەر لاوان هەبوو، لە ساڵی ١٨٣٩ گەلانی موسڵمانی قۆقاز لەژێر دەسەڵاتی ئەودا رووبەڕووی رووسیای داگیركار بوونەوە، بەڵام شامل لە ١٨٥٩دا خۆی رادەستی قەیسەرەكان كرد، بەمەش رووسیا لە ساڵی ١٨٦٤ تەواوی قۆقازی داگیركرد، ئەو خۆڕادەستكردنەی ئیمام شامل كارێك بوو كە (كۆنت حاجی كیش)ی دامەزرێنەری رێبازی قادریی سۆفیزم لە شیشان هەمان رێچكەی گرتە بەر و داوای لە لایەنگرانی كرد شەڕی هێزەكانی رووسیا نەكەن، چونكە خودا شەڕی ناوێت، رێبازەكەی ئەو بە خێرایی لە قۆقاز بڵاوبۆوە و ئاسەواری نەرێنی بۆسەر بەرگریی شیشانی دژی قەیسەرەكان بەجێهێشت، سەرانی بەرگریی شیشان هەر لە ئیمام مەنسورەوە تاكۆتایی بە ئیمام شاملیشەوە سەر بە رێبازی نەقشبەندی بوون، كە لایەنی رۆحی و خەباتی چەكداریی بەیەكەوە دەبەستەوە، بە پێچەوانەی رێبازی قادری بوون، بەهادین نەقشبەندی ئۆزبەكیی بوخاری ئەم رێبازەی داهێنا، شاملیش فەرمانی دا كە كۆنت حاجی كیشی بگرن، بەڵام هەڵات و خۆی گەیاندە دەوڵەتی عوسمانی، دوای دوو ساڵ بەمەبەستی وەدەستهێنانی داخوازییەكانی گەلی شیشان گەڕایەوە (ئەو كاتەی وتووێژ

**لە ساڵی ١٩٠٣ لە برۆكسل و لەندەن كۆبوونەوەیەكی حزبی دیموكراتی سۆسیالیست ئەنجامدرا، لەوێ دەنگدرا دەربارەی چۆنێتیی مامەڵەكردن لەگەڵ قۆناغی داهاتووی حوكمی قەیسەری، زۆرینە پشتگیرییان لە رای لینین كرد كە پەنابەرێتە بەر چارەسەری سەربازی**



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەگەڵ قەیسەرەکان لەئارادابوو) بەڵام بێ سوود بوو، لایەنگرانی کۆنت حاجی کیشی بێ فەرمانیی ئەویان کردو لە بەرگری دژی رووس لە خەباتی چەکداریدا بەردەوام بوون، لە ساڵی ١٨٧٧ ەوە دەستیان پێکرد، تا رووخانی قەیسەرەکان بە سەرۆکایەتیی نیکۆلاسی دووەم دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی بەلشەڤیکی شیوعی Bolsheviks Revolution بە سەرۆکایەتیی ڤلادیمیر لینین Vladimir LeninK، ئەوەی پەیوەستە بە زاراوەی بەلشەڤیك واتا زۆرینە، لە ساڵی ١٩٠٣ لە برۆکسل و لەندەن کۆبوونەوەیەکی حزبی دیموکراتی سۆسیالیست ئەنجامدرا، لەوێ دەنگدرا دەربارەی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناغی داهاتووی حوکمی قەیسەری، زۆرینە پشتگیرییان لە رای لینین کرد کە پەنابەرێتە بەر چارەسەری سەربازی، بۆیە رەوتەکەی بە رەوتی بەلشەڤیك ناونرا، لینینیش بووە سەرۆکی بەلشەڤیك، لە رامبەردا کەمینە کە مەنشەڤیك Mensheviks بە سەرۆکایەتیی جولیوس مارتۆڤ Julius Martov بۆ رووخاندنی حکومەتی قەیسەری پشتگیرییان لە چارەسەری ئاشتییانە کرد.

دوای شۆڕشی ١٩١٧ شەڕی ناوخۆ لە رووسیا روویدا لەنێوان بەلشەڤیکەکان و لایەنگرانی نیکۆلاسی دووەم بە سەرۆکایەتیی لاڤەر کۆرنیلۆڤ Lavr Kornilov شەڕەکەش تا ساڵی ١٩٢١ بەردەوام بوو، نیکۆلاسی دووەم بەدیلگیراو لەگەڵ هاوژینەکەی و کوڕەکەی و هەر چوار کچەکەی بە فەرمانی لینین لە ١٩١٨ بە دەستی یارکۆڤ یۆرۆسکی لەسێدارەدران، دواتر شەڕی نێوان بەلشەڤیکەکان و بزووتنەوەی سپی White Movement بەردەوام بوو، کە بە پشتیوانیی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو ژاپۆن هەموو هێزەکانی بزووتنەوە نەیارەکانی شۆڕشی بەلشەڤیکی پێکەوە کۆکردەوە، بە کورتی شەڕێك بوو لەنێوان سوپای سوور کە لیۆن ترۆتسکی دایمەزراندو خۆی سەرۆکی لیژنەی شۆڕشی سەربازی بوو بە فەرمانی لینین، لەگەڵ سوپای سپی بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ بارۆن رانگل، لەم شەڕەدا سوپای سووری بەلشەڤیکەکان دوای کەوتنەوەی کوژراوو کاولکارییەکی زۆرەوە سەرکەوت، لە ساڵی ١٩٢٢ یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤییەتی دامەزرا، کە کۆماری رووسیای فیدراڵی سۆسیالیست و کۆماری ئۆکرانیاو کۆماری بیلاڕووسیاو کۆماری ئەودیو قۆقازی لەخۆگرت، لەجیانی پترۆگراد کە دواتر بە لینینگراد ناونرا و لە ساڵی ١٩٩١ بە سان پترسپۆرگ ناسرا، مۆسکۆش ئوکات بوو بە پایتەخت، لە ١٩٢٤ دەستوورێکی تازەیان نووسی، لە هەمان ساڵیشدا هەر یەك لە کۆماری ئۆزبەکستان Uzbekistan وتورکمانستان

**پێشتر شیشانییەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان بە ناوی کۆماری باکووری قۆقاز بە سەرۆکایەتیی تابە چیرمۆییڤ راگەیاندبوو، بەلشەڤییەکان و ئەڵمانییەکان و دەوڵەتی عوسمانی دانیان پێدانابوو**

Turkmenistan هاتنە نێو یەکێتییەکەوەو لە ساڵی ١٩٢٩ تاجیکستان Tajikistan، و لە ساڵی ١٩٣٦ ئازەربایجان Azerbaijan وکازاخستان Ka-zakhstan وقیرغیرستان Kyrgyzstan، و لە ساڵی ١٩٤٠ ئیستۆنیا Estonia ولاتڤیا Latvia ولیتوانیا Lithuania ومۆلدۆڤا Moldova هاتنە ناویەوە. لە ١٩٢٤ لینین کۆچی دوایی کرد، جۆزێف ستالین Josef Stalin شوێنی گرتەوە کە ئەمینداری گشتیی حزبی شیوعی بوو، لە سەردەمی ئەو چەوسانەوەو ستەم و دادگاییکردنی نەیارەکان و کوشتن دەستی پێکرد، لە ١٩٥٣ کۆچی دوایی کرد، لە ساڵی ١٩٦٤ نیکیتا خرۆچۆڤ Ni-kita Khrushchev هاتە شوێنییەوەو دواجار لابراو لیۆنید بریجنیڤ Leonid Brezhnev هات و ئەویش لە ١٩٨٢ کۆچی دوایی کرد، ئینجا سەرۆکی هەواڵگریی رووسیا KGB یوری ئەندرۆپۆڤ Yuri Andropov کە لە ١٩٨٤ مرد و قوستەنتین چیرنینکۆ Konstantin Chernen-ko هات و ئەویش لە ١٩٨٥ مرد، دوای ئەو میخائیل گورباچۆڤ Mikhail Gorbachev کە پلانی پریسترۆیکای Perestroika دانا، واتا بنیاتنانەوەی دەوڵەت کە هەرەسی هێنابوو، ئەو دوا سەرۆکی یەکێتیی سۆڤییەت بوو کە لە ١٩٩١ دەستی لە کار کێشایەوە، لە سەردەمی ئەودا یەکێتیی سۆڤییەت هەرەسی هێنا، دوای ئەو بۆریس یالتسین بوو بە یەکەم سەرۆکی رووسیای فیدراڵ، ڤلادیمیر پوتین Vladimir Putin ی راسپارد ببێتە سەرۆك حکومەت و کاروباری سەرۆکایەتیی کۆمار، دواتر پوتین لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٠ دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بوو بەسەرۆك کۆمار، ئەوە سێ خولیشە هەر لەو پۆستەدا ماوەتەوە.

پێشتر شیشانییەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان بە ناوی کۆماری باکووری قۆقاز بە سەرۆکایەتیی تابە چیرمۆییێڤ راگەیاندبوو، بەلشەڤییەکان و ئەڵمانییەکان و دەوڵەتی عوسمانی ددانیان پێدانابوو، لە ساڵی ١٩٢٢ بەلشەڤییەکان ناوی ولایەتی شیشانیان لەو ناوچەیە نا، لە ١٩٢٥ کۆماری قۆقازی باکووریان لەناوبردو کردیانە بەشێك لە یەکێتیی سۆڤییەت، سەرکردایەتیی بەرگریی شیشانی بۆ سێت ئیسلامبۆڤ گواسترایەوە، ئەو بەرگرییە توندە بووەهۆی ئەوەی سوپای سوور رێککەوتنی رێزگرتن لە مافی شیشان و ئەنگۆشیا لە ساڵی ١٩٣٠ واژۆبکات، بەڵام بەلشەفییەکان پێشێلکارییان کردو ئیسلامبۆڤ و هاورێکانیان لە ساڵی ١٩٣١ کوشت، حەسەن ئیسلامبۆڤی برای هاتە شوێنی و بەرگریش تا ساڵی ١٩٣٥ بەردەوامبوو، لە ١٩٣٦ بەلشەڤییەکان ناوی کۆماری شیشانیی ئەنگۆشیی سۆڤییەتیی سۆسیالیستی خاوەن ئۆتۆنۆمییان بەسەر ولایەتی شیشانیدا سەپاند، لە ١٩٤٢ دامەزراندنەوەی حکومەتی شیشانی راگەیاندرا، لە ساڵی ١٩٤٤ بەلشەڤییەکان شیشانییەکانیان بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئەڵمانییەکان تۆمەتبارکرد، ئەمەش ستالینی هاندا کە گەلی شیشان بۆ سێبیریا و هەندێ شوێنی دووردەستی داغستان رابگوێزێت، هەروەها رەشەکوژی لە ریزیان ئەنجامدا، تا دوای مردنی ستالین سەرۆك خرۆچۆڤ هات و دانی بە مافەکانیاندا نا و رێگەشی پێدان کە بگەرێنەوە، تا ساڵی ١٩٨٨ شیشانییەکان لە بەرگری بەردەوامدا بوون دواتر بەرەیەکیان پێکهێنا کە هەردوو گەلی شیشان و ئەنگۆشی گرتەخۆو حاجی ئەحمەد بیسۆلتانۆڤ بوو بە سەرۆکی ئەو بەرەیە، لە ساڵی ١٩٩٠ کۆنگرەیەکی نیشتمانی لە گرۆزنیی پایتەختی شیشان سازکرا و سەربەخۆبوونیان لە یەکێتیی سۆڤییەت راگەیاند، دوای هەرەسی یەکێتیی سۆڤییەت لە ١٩٩١ هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆ(کۆماری شیشان- ئەنگۆش)ئەنجامدراو جەنەراڵ دۆدایێڤ Dzhokhar Dudayev سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی شیشان بوو بە سەرۆکی کۆمار، رووسیاش دانی پێدا نەنا، شەریان دژی هەڵگیرساند، بۆریس یلتسین لە ساڵی ١٩٩٢ پەیماننامەیەکی یەکێتیی سۆڤییەتی خستە بەردەم دۆدایێڤ، بەڵام رەتی کردەوە، دواتر یلتسین ئۆپۆزسیۆنێکی لەناو شیشان دژی دۆدایێڤ پێکهێنا بۆ لەناوبردنی، بەڵام شکستیان هێنا، بۆیە یلتسین بریاری دا (٣٠) هەزار سەرباز بنێرێت بۆ رووخاندنی دەوڵەتی تازەو لەساڵی ١٩٩٥ گرۆزنیی داگیرکرد، بەڵام هەرێمی ئەنگۆشیا لە شیشان جیابۆوە و بوو بە بەشێك لە رووسیای فیدراڵ، ناوەکەشی بوو بە

**لە ١٩٣٦ بەلشەڤییەکان ناوی کۆماری شیشانیی ئەنگۆشیی سۆڤییەتیی سۆسیالیستی خاوەن ئۆتۆنۆمییان بەسەر ولایەتی شیشانیدا سەپاند**

**لە ساڵی ١٩٤٤ بەلشەڤییەکان شیشانییەکانیان بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئەڵمانییەکان تۆمەتبارکرد، ئەمەش ستالینی هاندا کە گەلی شیشان بۆ سێبیریا و هەندێ شوێنی دووردەستی داغستان رابگوێزێت**

**تا ساڵی ١٩٨٨ شیشانییەکان لە بەرگری بەردەوامدا بوون دواتر بەرەیەکیان پێکهێنا کە هەردوو گەلی شیشان و ئەنگۆشی گرتەخۆو حاجی ئەحمەد بیسۆلتانۆڤ بوو بە سەرۆکی ئەو بەرەیە**

کۆماری شیشان - ئیچکیریا Chechen Republic of Ichkeria، لە هەمان ساڵیشدا شیشانییەکان بە سەرۆکایەتیی شامل باساییڤ نەخۆشخانەی بۆدینۆڤسکیان داگیرکردو چەند کەسێکیان بە بارمتە گرت تا هێزی رووسیا ناچاربکەن لە گرۆزنی بکشێتەوە، بۆیە هێزەکانی رووسیا هاتنە ناوەوە(١٥٠)کەس کوژرا، دواتر ئۆپەراسیۆنێکی مەترسیداریان لەناو مۆسکۆ ئەنجامدا، لەوانە بەبارمتەگرتن لە کیزلیار کە بووەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ و سەد کەسی تێدا کوژرا، لە ساڵی ١٩٩٦ فڕۆکەکانی رووسیا دۆداییڤیان کوشت کە پێشتر فەرماندەی سوپای سووری شیوعی بوو، تەنانەت باوەڕداریش نەبوو، نوێژیشی نەدەزانی! دۆداییڤ بە گۆڤاری تایمی ئەمریکی گوتبوو: (رووسیا ناچاری کردین ڕێگای ئیسلام بگرینەبەر لەگەڵ ئەوەی ئێمە بە تەواوی رازی نەبووین بەهاکانی ئیسلام قبوڵبکەین)، ململانێی دۆداییڤ سەرەتا ئابووری بوو لەسەر نەوت، کە ڕێگایان نەدا رووسیا نەوتی شیشان کۆنترۆڵبکات، شیشان ٩٠٪ی بەنزینی نایاب بەرهەمدێنێت، بۆیە دۆداییڤ مۆرکی ئایینی بەو ململانێیە دابوو، تاکو ململانێی ئایین بگۆڕێت بە شەڕی ئایینی لەنێوان ئیسلام و کوفر، دواتر سەلیم خان یندرباییڤ وەك سەرۆکی کاتی شوێنی گرتەوە، هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی مێژوویی کە هێزەکانی رووسیا دوای ئەوەی لە ١٩٩٧ شکستیان هێنا، بکشێنەوە. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ئەسلان مسخادۆڤ کە وەزیری بەرگری بوو، لە سەلیم خانی سەرۆك کۆمار و ژەنەراڵ شاما باساییڤی بردەوە، لە ساڵی ١٩٩٨ مسخادۆڤرووبەرووی کوشتن بووەوە، تۆمەتیشی خستە پاڵ یندرباییڤ و یاداشتی گرتنی بۆ دەرکرد، بەڵام بەرەو قەتەر رایکرد، دەوڵەتی قەتەریش رازی نەبوو رادەستی رووسیای بکاتەوە، بەڵام دواتر هەوڵگریی رووسیا لە ٢٠٠٤ کوشتی، شیشان کەوتە نێو ئاشووبەوە، بەتایبەتیش چەکدارانی عەرەب و گرووپە ئیسلامییەکان کە پەیوەندییان بە قاعیدەوە هەبوو، بۆیە ئەو چەکدارە ئیسلامییانە پێیان وابوو کە دەبێت لە جیهاد بەردەوام بن تا هەموو کۆمارەکان کۆنتڕۆڵ بکەن و حکومەتە کافرەکانی دژی شەریعەت بڕووخێنن، مسخادۆڤ پەرلەمانی هەڵوەشاندەوەو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٩ ڕاگەیاند، هەر لەو ساڵەدا شامل باساییڤ و ئەمیر خەتاب کۆبوونەوەو سوپای ئیسلامییان بۆ رزگارکردنی داغستان دامەزراند، هەروەك چۆن شیشانیان رزگارکرد، هاوکات جیهادیان دژی رووسیا ڕاگەیاند، مسخادۆڤ بەمە رازی نەبوو، لە راستیدا چەکدارانی عەرەب لەگەڵ خەبات و شەڕکردنی سەختیشیاندا، بەڵام هۆکارێك بوون بۆ رووخانی دەوڵەتی شیشان، چونکە ئەمیر خەتاب کە ناوی سامر سالح سویلمە و لە سعودیەوە هاتووەو بەشداریی شەڕی ئەفغانستانی کردووە، دواتر گەیشتۆتە شیشان، ئەو سەرۆکایەتیی چەکدارانی عەرەبی بۆ جیهاد دەکرد، ئەمیر ئەنوەر شەعبانی میسریش لە شێوەی ئەو کە لە ٢٠٠١ کوژرا، ئەوان بەردەوامن دەبوون لە شەڕ تا شەهیددەبوون، بۆیە دوای سەربەخۆیی شیشان هەماهەنگییان کرد لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیی داغستانی بۆ رووخاندنی حکومەت، بەڵام پوتین لەگەڵ یلتسین جیاوازە، ئەو تەنانەت لە داغستانیش وەدەرینان و بۆردومانیکردن، بەوەش نەوەستا و هێرشی کردە سەر شیشان بە پاساوی دژایەتیی تیرۆر، هەروەها شەرعییەتی دەسەڵاتی مسخادۆڤی بەتاڵکردەوە تاکو ببێتە داواکراوی ژمارە دوو و (١٠)ملیۆن دۆلاری بۆ دەستگیرکردنی تەرخانکرد، هاوکات شامل باساییڤی کردە داواکراوی ژمارە(١)، دوای دەست لە کار کێشانەوەی یلتسین و دوای رۆژێك لە وەرگرتنی سەرۆکایەتیی وڵات لەلایەن پوتینەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ سوپای رووسیا چووە ناو خاکی شیشانەوەو بە بەشێکی رووسیای فیدراڵی راگەیاند و ئاڵای رووسیای تێدا بەرزکردەوە، موفتی ئەحمەد قادیرۆڤ خۆشحاڵیی بەو سەرکەوتنە دەربڕی و بە سەرۆکی کۆماری شیشانی رووسی دامەزرا، ئەوەی پەیوەستە بە ئەمیر خەتاب ئەوا دوای ئەوەی نامەیەکی ژەهراوی رادەستکردبوو لەلایەن ئیبراهیم داغستانی ڕێکگرتەی هەواڵگریی رووسیاوە کوژرا، شامل باساییڤ فەرمانی دا کە لە تۆڵەی هاوڕێکەیدا ئیبراهیم بکوژرێت،

**بۆریس یلتسین لە ساڵی ١٩٩٢ پەیماننامەیەکی یەکێتیی سۆڤییەتی خستە بەردەم دۆداییڤ، بەڵام ڕەتی کردەوە، دواتر یلتسین ئۆپۆزسیۆنێکی لەناو شیشان دژی دۆداییڤ پێکهێنا بۆ لەناوبردنی، بەڵام شکستیان هێنا**

**لە ساڵی ١٩٩٦ فڕۆکەکانی رووسیا دۆداییڤیان کوشت کە پێشتر فەرماندەی سوپای سووری شیوعی بوو، تەنانەت باوەڕداریش نەبوو، نوێژیشی نەدەزانی**

**دۆداییڤ بە گۆڤاری تایمی ئەمریکی گوتبوو: (رووسیا ناچاری کردین ڕێگای ئیسلام بگرینەبەر لەگەڵ ئەوەی ئێمە بە تەواوی رازی نەبووین بەهاکانی ئیسلام قبوڵبکەین)**

**شیشان ٩٠٪ی بەنزینی نایاب بەرهەمدێنێت، بۆیە دۆداییف مۆرکی ئایینی بەو ململانێیە دابوو، تاکو ململانێی ئایین بگۆڕێت بە شەڕی ئایینی لەنێوان ئیسلام و کوفر**

**لە ساڵی ١٩٩٨ مسخادۆڤ روبەڕووی کوشتن بووەوە، تۆمەتیشی خستە پاڵ یندرباییڤ و یاداشتی گرتنی بۆ دەرکرد، بەڵام بەرەو قەتەر رایکرد، دەوڵەتی قەتەریش رازی نەبوو رادەستی رووسیای بکاتەوە، بەڵام دواتر هەوڵگریی رووسیا لە ٢٠٠٤ کوشتی**

**چەکدارانی عەرەب لەگەڵ خەبات و شەڕکردنی سەختیشیاندا، بەڵام هۆکارێک بوون بۆ رووخانی دەوڵەتی شیشان، چونکە ئەمیر خەتاب کە ناوی سامر سالح سوەیلمە و لە سعودیەوە هاتووەو بەشداریی شەڕی ئەفغانستانی کردووە، دواتر گەیشتۆتە شیشان، ئەو سەرۆکایەتیی چەکدارانی عەرەبی بۆ جیهاد دەکرد**

ئەوە بوو ئیبراهیمی لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان کوشت، مسخادۆڤ لە شوێنی ئەو ئەبو وەلید غامدی کرد بە فەرماندەی هێزەکانی شیشان، بەڵام لە ٢٠٠٤ کوژرا، یلتسین لەسەر حەق بوو کاتێ Sergei Ste-pashin سیرگی ستیپاشینی لە سەرۆك وەزیران لابردو لە ساڵی ١٩٩٠ ڤلادیمێر پوتینی کردە سەرۆك حکومەت، ئەمەش دوای نائومێدی هات، مسخادۆڤ پێشنیارێکی بۆ ئاشتی خستەڕوو، بەڵام رووسیا رەتی کردەوە، پوتین بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی رۆژئاواو بەتایبەتیش ئەمریکا لە چوارچێوەی شەڕ دژی تیرۆر لە شەڕ بەردەوام بوو و دروشمی قەڵاچۆکردنی تیرۆری بەرزکردەوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ پوتین رایگەیاند کە شیشان لەژێر دەسەڵاتی رووسیای فیدرِاڵدایە، موفتی شیشان ئەحمەد قادیرۆڤی نزیك لە مۆسکۆی کردە سەرۆکی ئیداریی شیشانی سەر بە مۆسکۆ، سەرەتا قادیرۆڤ لەگەڵ سەربەخۆییدا بوو و بەشداریی کرد لە شەڕی دژ بە رووسیا لەساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦ و بوو بە موفتیی شیشان، بەڵام لەبەر ناکۆکی لەگەڵ مسخادۆڤ بڕیاریدا لێی جیابێتەوەو بێتە نێو رووسەکانەوە و داوایکرد کە رووبەڕووی رووسیا نەبنەوە، مسخادۆڤیش بە دوژمنی ژمارە یەکی ناوبردو لە موفتییەتی دووری خستەوە، بۆ بیرهێنانەوەش قادیرۆڤ سەر بە رێبازی قادری بوو کە رازی نەبوو دژی رووسیای قەیسەرییەکان بەرگری بکات تەنانەت لە سەردەمی کۆنت حاجی کیشی، کەچی مسخادۆڤ و دۆداییف و شامل باساییڤ سەر بە رێبازی نەقشبەندی بوون کە تا ئێستاش دژی رووسیای قەیسەری بەرگری دەکەن، قادیرۆڤ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٣ سەرکەوتنی بەدەسهێناو بوو بە سەرۆکی کۆماری شیشان، بەڵام لە ٢٠٠٤دا لە تەقینەوەیەکدا لە یاریگای پایتەخت و لە بۆنەی ئاهەنگی رۆژی سەرکەوتندا کوژرا، مسخادۆڤ بەرپرسیارێتیی خۆی لە تەقینەوەکەدا راگەیاند، لە ساڵی ٢٠٠٥ مۆسکۆ مسخادۆڤی کوشت و عەبدولحەلیم سەعیدولایڤ شوێنی گرتەوەو شامل باساییڤیش کرا بە سەرۆك وەزیران، سەعیدۆلایڤ لە ٢٠٠٦ کوژرا، و دۆکۆ عومەرۆڤ کە جێگری بوو شوێنی گرتەوە، بەڵام شامل باساییڤ لە ساڵی ٢٠٠٦دا کوژرا.

## ● ئیمارەتی ئیسلامیی لە قۆقاز

کاتێ دۆکا عومەرۆڤ Dokka Umarov بوو بە سەرۆك کۆماری ئەشکیریای شیشانی، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی بەرگری و هێزی چەکداریی گرتەدەست، هەروەها ئەنجوومەنی شورا لە قۆقازو ئەمیری موجاهیدین لەو وڵاتە، بەڵێنیدا کە دژایەتیی حکومەتی شیشان بکات بە سەرۆکایەتیی رەمەزان قادیرۆڤ کە کوڕی سەرۆکی پێشووی شیشان ئەحمەد قادیرۆڤ بوو و مسخادۆڤ لە ٢٠٠٤ کوشتی، دوای کوشتنی ئەحمەد قادیرۆڤ کوڕەکەی خۆی رەمەزان قادیرۆڤ (ئالو ئالخانۆڤ)ی کاندیدکرد کە جێی باوکی بگرێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ پۆتین رەمەزان قادیرۆڤی بە سەرۆك وەزیران دامەزراند و لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ سەرۆك کۆمار کاندیدی کرد، پەرلەمانی شیشانیش بەکۆی دەنگ رەزامەندی لەسەر دا، دیارە ئەو بنەماڵەیەی قادیرۆڤ کە سەر بە رێبازی قادرییەیە بە درێژایی مێژوو و تائێستاش لەگەڵ رووسیادایە، بۆیە رەمەزان قادیرۆڤی سەرۆکی ئێستای شیشان زانکۆی (کۆنت)ی دامەرزراند بەناوی کۆنت حاجی کیشی کە لەگەڵ رووسیا لەسەردەمی خەباتی چەکداریدا دژی گەلەکەی خۆی وەستا، ئاهەنگێکی گەورەی سازکرد و ژمارەیەك قوتابی دەرچوون و لە ئاهەنگەکەدا چەندین زانای سۆفیگەری لە وڵاتانی ئیسلامی ئامادەی بوون، ئەمەش پەیامێك بوو بۆ پەیڕەوکارانی رێبازی نەقشبەندی کە لە سەردەمی قەیسەرەکانەوەو تا ئەمڕۆش بەرگرییان هەڵبژاردووە، لەوانە مسخادۆڤ و باساییف و دۆکۆ عومرۆڤ، رەمەزان قادیرۆڤ بوو بە قارەمانێك لە رووسیا، چونکە دژی جوداخوازان وەستایەوەو نەیارەکانی لەناوبرد، هەروەها شیشانی کردە بەشێکی جیانەبووەوە لە رووسیای فیدرِاڵ، پوتینیش لە ساڵی ٢٠٠٢ بەرزترین میدالیای سەربازیی رووسیای پێ بەخشی تا ببێتە قارەمانی رووسیا، هەندێك بە کوڕە نازدارەکەی پوتین وەسفی دەکەن، رەمەزان قادیرۆڤ دەڵێت: «شیشان ناتوانێت دەستبەرداری رووسیا ببێت، هاوکات قەرزاری پوتینیشە، خۆشی بەتایبەتی

بە ژیان قەرزاریەتی، ئەو تەنیا سەربازێکی پیادەی ژێر فەرمانی پوتینە»، بۆیە پوتین لە شیشان سەرپشکی کرد و دەسەڵاتی رەهای پێ دا، رێکخراوی ئەڵمانی بۆ داکۆکی لە گەلانی هەڕەشەلێکراو لە ساڵی ٢٠٠٧ تۆمەتباری کرد کە زیندانێکی نهێنی هەیەو جوداخوازانی تێدایە و ئەشکەنجەیان دەدات، بە کوشتنی کچە رۆژنامەنووسی رووسی ئانا پۆلیتۆڤیکاو لەناوبردنی نەیارە دیارەکەی سەلیم بامادییڤ لە ساڵی ٢٠٠٨ تۆمەتباری کرد، جگە لە کوشتنی رکابەرەکەی عومەر ئیسرائیلۆڤ لە نەمسا لە ساڵی ٢٠٠٩، هەروەها کوشتنی نایاری رووسی بۆریس نیمتسۆڤ لە ناوەڕاستی مۆسکۆی پایتەخت لە ساڵی ٢٠١٥، لە ساڵی ٢٠١٦ کۆنگرەیەکی رێکخست سەبارەت بە دیاریکردنی چەمکی ئەهلی سوننە، دواتر بەیاننامەی کۆتایی دەرچوو کە تێیدا هاتبوو زاراوەی ئەهلی سوننە ئەشعەری و ماتردی و سۆفییەکان دەگرێتەوە، ئەمە نارەزایی لە وڵاتانی ئیسلام لێکەوتەوە، چونکە زاراوەکە گشتگیرە، کۆمەڵێکی زۆری ئیسلامی لە بازنەی ئەهلی سوننە چوونە دەرەوە، کۆنگرەکە پەیامێك بوو بۆ ئەو دەوڵەتانەی پشتگیریی لە گرووپە ئیسلامییەکانی شیشان دەکەن و کە دژی رووسیا لە شەڕدان.

با بگەڕێینەوە سەر دۆکۆ عومەرۆڤ کە لە ١٩٩٦ تا ١٩٩٩ لە حکومەتی شیشان وەزیری ئاساییش بوو و بەشداری لە هەموو شەڕەکانی دژ بە رووسیا کرد، دواتر بوو بە فەرماندەی گرووپە چەکدارەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ دوای کوشتنی جەنەراڵ رۆیسلان گۆلاییڤ، بەڵام دوای ئەوەی بوو بە سەرۆك کۆمار چەکداران لە سەرجەم شوێنەکان هاتنە پاڵیەوەو دژی رووسیا جەنگان، شامل باسییڤی بە جێگری سەرۆك وەزیران دامەزراند، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ کوژرا، لە ساڵی ٢٠٠٧ دۆکۆ عومەرۆڤ سوفیان عەبدوللەتیفی بە جێگری سەرۆك کۆمار دامەزراند، لە هەمان ساڵیشدا دۆکۆ دامەزراندنی ئیماراتی ئیسلامیی راگەیاند، هەروەها پەرلەمان و حکومەتی هەڵوەشاندەوە و سیستەمی کۆماریی کردە سیستەمی ئیسلامی لەشێوەی ویلایەتەکان، ئەو ئیمارەتەی کە دۆکۆ رایگەیاندبوو هەموو کۆمارە ئیسلامییەکانی قۆقاز لەخۆدەگرێت، شەڕی دژی ئەمریکاو بەریتانیاو ئیسرائیل و رووسیا راگەیاند، زۆر لە سەرکردەکانی شیشان و پەرلەمانتارانی ئەم ئیمارەتە رەتیانکردەوە لەوانە وەزیری دەرەوەی شیشان ئەحمەد زکاییڤ کە لە لەندەن نیشتەجێیەو ئەمیری موجاهیدینی شیشانە لە ئەوروپا، زکاییڤ داوای لە سەرکردە مەیدانییەکان کرد فەرمانەکانی دۆکۆ رەتبکەنەوە، چونکە ئەمە ناوبانگی کێشەی شیشان بۆ سەربەخۆیی دەزڕێنێت، بۆیە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی دژی ئیماراتەکە پێکهێنا، زکاییڤ ئەمیری ئیماراتەکەی تۆمەتبارکرد کە بەکرێگیراوی دەزگای ئاسایشی فیدراڵی رووسییە، لای خۆشیانەوە هەریەکە لە ئەمریکاو کەنەداو رووسیاو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم گرووپەیان لە لیستی تیرۆر پۆلێنکرد، هەروەها ئەمریکا(١٠)ملیۆن دۆلاری بۆ دەستگیرکردنی تەرخانکرد، چونکە پەیوەندیی بە قاعیدەوە هەبووە، دۆکۆ بەرپرسیارێتیی خۆی لە تەقینەوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ی شەمەندەفەری نێوان مۆسکۆ پترسبۆرگ و تەقینەوەی فڕۆکەخانەی دۆمۆدیۆڤۆ راگەیاند، لە ساڵی ٢٠١٣ هەڕەشەی کرد بە بەئامانجگرتنی یارییەکانی زستانەی ئۆڵۆمپی لە هاوینەهەواری سوچی Sochi لەسەر دەریای رەش کە ساڵی ٢٠١٤ سازکرا، لەبەر ئەوەی زۆرجار برینداربووبوو هەشت جاران مردنی دۆکۆ راگەیاندرا، بەڵام دواجار لەبەر سەختیی برینەکەی لە ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد، رەمەزان قادیرۆڤ بەوناوەی رووبەڕووی گرووپەکانی سەر بە قاعیدە دەبێتەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناو دەسەڵاتەکەی بەهێزبوو و لەناو خەڵکی رووسیاو رۆژئاوا ناوبانگی دەرکرد، شیشانییەکان دوای ئەوەی دۆکۆ ئیمارەتی ئیسلامی راگەیاند کێشەکەیان لەدەستدا، زکاییڤ حەقی خۆی بوو کاتێ لە ئەنجامە خراپەکانی راگەیاندنی ئەو ئیمارەتە هوشیاریی دا، بۆیە زکاییڤ و سەرکردە مەدەنی و میانڕەوەکانی شیشان بیریان لە گەڕانەوە بۆ وڵات دەکردەوە، رەمەزان قادیرۆڤ خۆشحاڵیی بە گەڕانەوەی دەربڕی، هەروەها بە هەموو سەرکردەیەکی شیشانی بە مەرجێ بڕوایان هەبێت بەوەی کە شیشان بەشێکە لە رووسیای فیدراڵ و بیر لە سەربەخۆیی نەکەنەوە.

**پوتین بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی رۆژئاواو بەتایبەتیش ئەمریکا لە چوارچێوەی شەڕ دژی تیرۆر لە شەڕ بەردەوام بوو و دروشمی قەلاچۆکردنی تیرۆری بەرزکردەوە**

**رەمەزان قادیرۆڤ بوو بە قارەمانێک لە رووسیا، چونکە دژی جوداخوازان وەستایەوەو نەیارەکانی لەناوبرد، هەروەها شیشانی کردە بەشێکی جیانەبووەوە لە رووسیای فیدراڵ، پوتینیش لە ساڵی ٢٠٠٢ بەرزترین میدالیای سەربازیی رووسیای پێ بەخشی تا ببێتە قارەمانی رووسیا**

**زکاییڤ داوای لە سەرکردە مەیدانییەکان کرد فەرمانەکانی دۆکۆ رەتبکەنەوە، چونکە ئەمە ناوبانگی کێشەی شیشان بۆ سەربەخۆیی دەزڕێنێت، بۆیە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی دژی ئیماراتەکە پێکهێنا**

دیمانەی تایبەت



**ڕۆبی بارێت**

تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# خاڵی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و ئێران ئەوەیە هیچیان نایانەوێت شەڕ ڕووبدات

**رۆبی بارێت سەرۆکی کۆمپانیایەکی راوێژکارییە کە تایبەتمەندە لە بواری سیستم و جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای بەرگری و ئەمنی، لە نێویاندا پرسەکانی پەیوەست بە بواری ئەتۆمی و ئەمنییەتی سنوورەکان و چەند بوارێکی دیکە، پێشتریش راوێژکاری کاروبارە دەرەکییەکان بووە. روبی بارێت بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا لە زانکۆی تێکساس لە ئوستن بەدەست هێناوە. شارەزای کاروباری چەند وڵاتێکی ناوچەکەیە، وەك وڵاتانی کەنداو، ئێران و عێراق و سووریا. لە چەند بوارێکی دیکەشدا تایبەتمەندە، وەك پرسە ئەمنی و تیرۆریستییەکان، بزووتنەوە سیاسیەکان، کاروبارە سیاسی و سەربازییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپی لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی بارگرژییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئێران و چەند پرسێکی دیکەی لەگەڵدا تاوتوێ کرد.**

*** سەرەتا ئێوە چۆن لە بارودۆخەکە دەڕوانن، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی ئەو بارگرژییانەی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من بارودۆخەکە پێشبینینەکراوە، بەتایبەتی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، هەرچۆنێك بێت، من پێم وانییە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ خوازیاری شەڕ بێت، لە هەمان کاتدا باوەڕم وانییە ئێرانیش ویستی ئەوەی هەبێت شەڕ رووبدات، کە دەکرێت بوترێت لەمەدا یەك دەگرنەوە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا روودەدات، ئەوەیە کە ئێران لە دۆخێکی زۆر دژواردایە، من دووپاتی دەکەمەوە کە ئەوەی دەکرێت لە کۆتاییدا رووبدات تەواو چاوەڕواننەکراوە. بە هەرحاڵ ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت ئەوا لەو باوەڕەدا نیم ئێران دەست لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڵبگرێت. دواتر لە نێو خودی ئێراندا کەسانی رادیکاڵ هەن کە خوازیاری دەستێوەردانن لە ناوچەکەدا و خۆیان بە هێزێکی باڵادەست لە ناوچەی کەنداودا دەزانن، لە هەمان کاتدا رۆڵی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی عەرەبی بە دەستێوەردان دەزانن لە ناوچەیەکدا کە بە ناوچەی خۆیانی دەزانن و وەك سەرکردەی کەنداو- وەك هێزی باڵادەست لە کەنداودا-. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران لەبەردەم بڕیارێکدایە، چونکە ئەگەر سیاسەتێکی هاوسەنگتر نەگرێتەبەر لە ناوچەکەدا بە بەراورد بە سیاسەتی دەستێوەردان، ئەوا دۆخ و سیستمە ئابوورییەکەی ئەو وڵاتە خراپتر دەبێت. پێم وایە ئەو بڕیارەش بەندە بەوەی ئێران چ وێنە و پێگەیەك بۆ خۆی بەدی دەکات لە ناوچەکەدا و دەیەوێت چ رۆڵێك ببینێت تێیدا. ئەمەش مایەی ململانێی دەبێت لە نێوان ئەو کەسانەی لە لایەك دەیانەوێت رێچکە و رێگاچارەیەکی پراگماتییانە بگرنەبەر، لەگەڵ لایەنە سەختگیرەکانی نێو سوپای پاسداران.

*** لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا وا دەردەکەوێت کە پێتان وایە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکا ئەگەرێکی دوور بێت، بەتایبەتی کە وەك ئاماژەتان**

**لەو باوەڕەدا نیم ئێران دەست لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڵبگرێت. دواتر لە نێو خودی ئێراندا کەسانی رادیکاڵ هەن کە خوازیاری دەستێوەردانن لە ناوچەکەدا و خۆیان بە هێزێکی باڵادەست لە ناوچەی کەنداودا دەزانن**

**پێکرد هیچ لایەکیان خوازیاری شەڕ نین، ئەی چی دەڵێن دەربارەی ئەگەری گفتوگۆکردن و ڕێککەوتنی ئەم دوو وڵاتە؟**

- لە ڕاستیدا هەرچەندە دەکرێت ئەمە ڕوودات، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ تاران کە هەڵیبگرێت، بە دەربڕینێکی دیکە ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە ئێران سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا بگۆڕێت، بەتایبەتی لە عێراق و سووریا و شوێنەکانی دیکە، ئەمەش هەنگاو و بڕیارێکی گەورەیە و من بە گومانم خودی ڕێبەری باڵا خامەنەیی و سوپای پاسداران ئەم کارە بکەن. هەروەها ئەمە جێی بایەخ دەبێت کە ببینیت چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە. لایەنێکی دیکەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە لە دوای ساڵی ١٩٧٩وە خەڵکی ئێران لە کەشێکی دیاریکراودا ژیاون و هەمیشە ئۆباڵی کێشەکان خراوەتە ئەستۆی لایەنێکی دیکە، ئیدی گرنگی نییە، ئەمریکا بێت یان لایەنێکی دیکە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەم چەشنە. دواتر من نازانم ئایا تا چ ڕادەیەك دەسەڵاتدارانی ئێران ڕووبەڕووی فشاری ناوخۆیی دەبنەوە لەم ڕووەوە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ئەگەری ئەوە بەدی ناکرێت دەسەڵاتدارانی ئێران جڵەوەکەیان لە دەست دەربچێت. واتە ڕاستە ڕەنگە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە ئێران ڕووبدات، بەڵام ئەگەری ئەوە نییە دەسەڵاتدارانی ئێران کۆنترۆڵی دۆخەیان لەدەست دەربچێت. هەرچۆنێك بێت، پێم وانییە ئێران پاشەکشەیەکی زۆر بکات لە هەڵوێستەکانی و لەلایەکی دیکەوە باوەڕم وایە خودی ترەمپ نیگەرانە لە هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا، نیگەرانییەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە سنووربەندییەك هەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێت ئەنجامی بدات. هەروەها ئەگەر شەڕ هەڵبگیرسێت، ئەوا مەترسیی ئەوەی هەیە ببێتە هۆی زیاتر ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە. هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆرێك لەو وڵاتە عەرەبییانە بە ئاشکرا دژی ئێران لە ناخەوە نیگەرانی و ترسیان هەیە لە هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە، چونکە زۆربەی دەرئەنجامەکانی شەڕەکە دوچاری ئەوان دەبێت. چونکە ئێرانی ئێستا ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ یان ١٩٨٨ نییە و توانایەکی زیاتری هەیە و وڵاتانی عەرەبی کەنداو لە بارێکی لاوازتردان. واتە ئەگەر ئەوە ڕووبدات، ئەوا سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی دۆخێکی تەواو پڕ لە پشێوی لە ناوچەی کەنداودا کە زیانێکی زۆر بەر ژێرخانی وڵاتانی عەرەبی دەکەوێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە خودی سوپای ئەمریکا خوازیاری هەڵگیرسانی ئەم شەڕە نییە، بەتایبەتی کە هیچ ئامانجێکی سیاسیی ڕوون بەدی ناکرێت کە لە ئارادا بێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئامانجێکی سیاسیی ڕوون بەدی ناکرێت کە هەندێ کەس لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکەن ئەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەیگرێتەبەر لە ئاست ئێران و پێی دەڵێن دیپلۆماسییەتی ناچارکردن زیاتر ناچارکردنە وەك لەوەی دیپلۆماسییەت لەخۆبگرێت، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- با من بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکەم، من پێم وانییە ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا ئەنجامدرا خۆی لە خۆیدا ڕێککەوتنێکی خراپ بووبێت، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما چاوی لە کردەوەکانی دیکەی ئێران دەپۆشی، واتە جگە لە مەسەلە ئەتۆمییەکە ستراتیژیەتێکی دیکەی نەبوو لە پەیوەندی بە لایەنەکانی دیکەی کردەوەکانی ئێرانەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە سووریاوە کە ئێمە دەزانین دەرئەنجامەکەی کارەساتێکی تەواو بوو، ئێستاش خودی ئیدارەی ترەمپ باوەڕی بە هەموو ئەوانە هەیە کە ئیدارەی ئۆباما باوەڕی پێی بوو، بەڵام دەیەوێت لە ڕێی سزاکانەوە دەرئەنجام بەدەست بهێنێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە سزاکان سەرکەوتوو نابن، جگە لەوەی دژوارییەکی زۆر دەخوڵقێنن. کەواتە لەلایەك تۆ ڕێککەوتنێکت هەبوو بە بێ ناچارکردن- لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك ئۆبامادا-، لەلایەکی دیکەوە — لە سایەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا- ڕێککەوتنێك نییە، بەڵام ڕادەیەکی زۆر لە ناچارکردن هەیە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە هیچ یەکێك لەم دوو سیاسەت و ڕێگاچارەیە کارا نین. ئێستاش دۆخەکە ئەوەیە کە ئێران هەوڵ دەدات پارێزگاری لە وێنەی خۆی و لە بڕەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بکات لە ناوچەکەدا لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی فشار و سزایەکی زۆری ئەمریکا بۆتەوە. هەروەها دەمەوێت جەخت

**ڕەنگە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە ئێران ڕووبدات، بەڵام ئەگەری ئەوە نییە دەسەڵاتدارانی ئێران کۆنترۆڵی دۆخەیان لەدەست دەربچێت**

**پێم وانییە ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا ئەنجامدرا خۆی لە خۆیدا ڕێککەوتنێکی خراپ بووبێت، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما چاوی لە کردەوەکانی دیکەی ئێران دەپۆشی**

**ئیدارەی ترەمپ خۆی خستۆتە دۆخێکەوە کە نە دەتوانێت هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت و نە دەشتوانێت پاشەکشە بکات. ئێرانیش خۆی لە دۆخێکەوە تێوەگلاندووە کە توانای ئەوەی نییە شتێک ببەخشێت بۆ ئەوەی سزاکانی لەسەر هەڵبگیرێت**



لەسەر ئەوە بکەم کە من ناتوانم وێنای ئەوە بکەم کە ئەمریکا دەست بە هێرش و پەلامار و داگیرکاری ئێران بکات، لە هەمان کاتدا پێم وانییە ئەنجامدانی هێرش و هەڵمەتی ئاسمانی ببێتە هۆی راگرتنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران، دواتر با ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە کارێکی لەم چەشنە چ کێشەیەکی لە عێراقدا خوڵقاند، ئەمە لە کاتێکدا ئێران کێشەیەکی تەواو جیاوازە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەگەر بێت و هەڵەیەك رووبدات، ئەوا ئەگەری روودانی ئەم رووبەڕووبوونەوەیە دێتەئاراوە. لەلایەکی دیکەوە پێم وایە ئەو هێرشەی بڕیار بوو ئەنجام بدرێت و سەرۆك ترەمپ رایگرت، نەدەبووە هۆی ساردکردنەوەی سوپای پاسداران، یان خودی ئێران، ئێستاش خودی ئیدارەی ترەمپ خۆی خستۆتە دۆخێکەوە کە نە دەتوانێت هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت و نە دەشتوانێت پاشەکشە بکات. هەروەها ئێرانیش خۆی لە دۆخێکەوە تێوەگلاندووە کە توانای ئەوەی نییە شتێك ببەخشێت بۆ ئەوەی سزاکانی لەسەر هەڵبگیرێت بە بێ ئەوەی ئەمە سازشێکی گەورە لەخۆبگرێت. کەواتە ئەمە دۆخەکەیە و دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببین بزانین چی روودەدات.

*** باشە کەوایێت چ خەسڵەت و رەهەندێك سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ جیادەکاتەوە بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ئێرانەوە؟**

بە تێڕوانینی من ئەو سیاسەتەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەیگرێتەبەر لە ئاست تاراندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی کە ئەمریکا لە ئاست ئێراندا گرتیەبەر لە نێوان ساڵی ١٩٧٩ و ٢٠١٥دا، کە ئەو سیاسەتەش سزای قورسی لەخۆگرت، بەڵام دەرئەنجامەکە گەیشتن بوو بە بنبەست و بە رێگایەکی داخراو. چونکە کاتێك تۆ دەڵێیت سیاسەت، ئەوا دەبێت بزانیت چۆن ئامانجەکانت بەدی دەهێنیت، بەڵام ئەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئەنجامیداوە، بۆتە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە گۆشەیەکدا بمێنێتەوە، چونکە ئامانجەکان تەنیا بە سەپاندنی سزاکان بەدی نایەن. هەروەها پێم وانییە خودی سەرۆك ترەمپ خوازیاری روودانی شەڕ بێت، لە هەمان کاتیشدا ئێرانیش خوازیاری شەڕ نییە، بەڵام دەیەوێت سزاکانی لەسەر هەڵبگیرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە نایەوێت پاشەکشە بکات لەوەی پێی وایە مافی رەوای خۆیەتی بەتایبەتی لە عێراق و سووریا و شوێنەکانی دیکە. هەروەها ئێران نایەوێت دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی و پرۆگرامی مووشەکییەکانی بێت و تەنانەت ئەگەر بیەوێت، ناتوانێت دەستبەرداریان بێت. کەوابێت هیچ لایەکیان دیدگایەکی روونیان نییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و ئەمریکا نازانێت چۆن ئەم کارە بکات بە بێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی کە ئاشکرایە ئیدارەی ئەمریکا نایەوێت هێزی سەربازی بەکار بهێنێت، لە هەمان کاتدا ئێرانیش نازانێت چۆن ئەمە بەدی بێنێت، بە بێ پاشەکشەیەکی گەورە لە بەرامبەر فشاری ئەمریکا. هەرچۆنێك بێت ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ باوەڕی وایە بە سەپاندنی فشار و سزای زیاتر ئێران دێتە ژێربار، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی ئەمە حاڵەتەکە بێت.

## دیمانەی تایبەت



مالیك موفتی پرۆفیسۆره لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی توفتس و وانەبێژی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەستن بەو هەلومەرجەی لە ئێستادا باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بەوەی پێی دەوترێت: «دووەم بەهاری عەرەبی» بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە جەزائیر و بەتایبەتی لە سوداندا روودەدات، هەروەها دەستپێشخەرییەکەی ئەم دواییەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ کێشە و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، لەگەڵ پرسی حوکمڕانی و چۆنیەتی خۆلادان لەوەی کە بە «نەفرەتی سەرچاوەکان» ناونراوە.

**مالیک موفتی**

**شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# بە بێ گۆڕینی فۆرمی حکومەتەکان گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا روونادات

*** هەروەك ئاشكرایە كە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین کێشە و تەنگژەی سەخت و قووڵەوە دەناڵێنێت، ئێوە وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەندی ئەم ناوچەیە پێتان وایە ئاراستەی پەرەسەندن و رووداوەکان ئەم ناوچەیە بە چ ئاقارێکدا دەبەن؟ ئایا دەبێت چاوەڕوانی پشێوی و ناسەقامگیریی زیاتر بین، یا ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە بە چەشنێك بگۆڕێت کە ئاشتی و ئارامی بۆ بگەڕێتەوە و لە وڵاتەکانیدا حوکمڕانێتییەکی کارا بکرێت؟**

- ئەوە راستە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوچاری ژمارەیەکی زۆر تەحەددی و قەیران بۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەداخەوە بارودۆخەکە ئەوەندە ناسەقامگیر و هێندە نائارامە کە ناتوانین بڵێین خراپترین هەلومەرجەکانمان تێپەڕاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا، من باوەڕم بەوە هەیە کە پشێوی و نائارامییەکانی ئێستا ئاماژەن بۆ کۆتاییهاتنی سیاسەتی کۆن کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە ناوچەکەدا باڵادەست بووە و باڵی بەسەردا کێشاوە، ئومێدەواریشم کە لە مەودای دووردا و لە ئایندەیەکی درێژخایەندا ناوچەکە پێ بنێتە نێو دۆخێکەوە کە حوکمڕانییەکی کارا و شەفافی تێدا بەرقەرار بێت و خەسڵەتی نوێنەرایەتی تێدا بەرجەستە بێت.

*** ئاشکرایە کە گەلانی ئەم ناوچەیە خەبات و تێکۆشانێکی سەختیان کردووە لە پێناوی هێنانەدی مافەکانیان و دەستەبەرکردنی حوکمڕانییەکی باش و کارا، هەروەك ئەوەی لە سەرەوەختی بەهاری عەرەبیدا بەدی کرا، بەڵام هەروەك دەزانین بەهاری عەرەبی بە نائومێدییەکی قووڵ کۆتایی هات لە هەندێ وڵاتدا و بگرە بارودۆخەکە بە رادەیەکی گەورە ناسەقامگیر بوو، پشێویش باڵی بەسەر وڵاتەکەدا کێشا، ئێستا**

**پشێوی و نائارامییەکانی ئێستا ئاماژەن بۆ کۆتاییهاتنی سیاسەتی کۆن کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە ناوچەکەدا باڵادەست بووە**

**چەند کاراکتەرێکی بەهێز هەن، هەم لە ناوخۆدا و هەم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەدەن بۆ ئەوەی رێگاچارەی سەربازی لە دژی ئێران بگرێتەبەر**

**دووبارە دەبیین لە هەندێ وڵات- لە جەزائیر و سودان- دووبارە خۆپیشاندانەکان روودەدەنەوە، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن و ئایا دەکرێت ئەم بازنەیە بشکێندرێت و هەنگاوی راستەقینە بۆ دیموکراسی لەم ناوچەیەدا هەڵبگیرێت؟**

- لە کاتێکدا راپەڕینەکان لە سەرەتادا و لە زۆر شوێندا سەرکوتکران و لە کاتێکدا دەرکەوتنەوە و سەرهەڵدانەوەی خۆسەپێنی پاڵپشتی لێکرا لەلایەن زۆرێك لە دەوڵەتە بەهێزەکانەوە، هەم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەم لە دەرەوەی ئەم ناوچەیەدا، ئەوا بەهاری عەرەبی- کە دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی دەبینین لە وڵاتانی وەك سودان و جەزائیر- ئاماژەن بە روودانی دوو بەرەوپێشچوونی گەورە و گرنگ کە قابیلی ئەوە نین پێچەوانە بکرێنەوە: بۆ یەکەمجار گەلانی ناوچەکە ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ئەوان خوازیاری بەدیهاتنی حکومەتێکی دیموکراتی و نوێنەرایەتین و ئەمەش بۆتە ئامانجی سیاسیی سەرەکیی ئەوان، هەروەها بۆ یەکەمجار ئەوەیان پیشاندا کە ئەوان دیواری ترسیان شکاندووە، تەنانەت لەبەرامبەر دڵڕەقترین رژێمەکاندا. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین: ئەگەرچی لێرە و لەوێ پاشەکشە و شکستیش روویداوە، بەڵام ئەو پرۆسەیەی کە لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١١ روویان دا، ناتوانرێت پێچەوانە بکرێنەوە، لەم رووەوە دەکرێت بوترێت ئەگەری ئەوە هەیە کە بازنەی سەرهەڵدانی راپەڕینی جەماوەری و سەرکوتکردنی لەلایەن دەسەڵات و رژێمە خۆسەپێنەکانەوە بەردەوام بێت، لەگەڵ بازنەی حکومەتی هەڵبژێردراو و کودەتای سەربازی، تا ئەو کاتەی کە وردە وردە هاوسەنگییەکە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە ئاراستەی دیموکراسیدا دەگۆڕێت. بەڵام رەنگە ئەم پەرەسەندنە دەیان دەیەی پێ بچێت بۆ ئەوەی رووبدات، نەك چەند ساڵێك.

*** ئەوەی لە واقیعدا بەدی دەکرێت و بەرچاوە، ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی خاوەن سەرچاوەی سروشتین بەدەست حوکمڕانیی خراپەوە دەناڵێنن، کە لە ئەنجامدانی سەرچاوە سروشتییەکان و ئەو داهاتەی بەهۆی ئەم سەرچاوانە بەدەست دەهێنرێن، بە هەدەر دەدرێن، کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین بوونی ئەم سەرچاوانە خۆیان لە خۆیاندا هۆکارێکی ئاسانکارن بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی ناکارا و ناکاریگەر؟ یان بوونی سەرچاوە سروشتییەکان بە شێوەیەکی حەتمی سەردەکێشن بۆ حوکمڕانیی خراپ و ناکارا و خۆ ئەگەر ئەزموونی سەرکەوتوو هەبێت، ئایا ئەو رێگاچارە و میکانیزمانە چین کە دەکرێت بگیرێنەبەر بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوانە بگۆڕدرێن بۆ ئامرازێك کە بە هۆیەوە حوکمڕانییەکی باش و کارا دابمەزرێنرێت و دەستەبەر بکرێت، ئایا باشترین ستراتیژییەت و سیاسەت لەم رووەوە چییە؟**

- توێژینەوەکانی لە بواری ئابووریی سیاسیدا بە رادەیەکی گەورە ئاماژە بەوە دەکەن کە بوونی سەرچاوەی بەهادار (بە چەشنی نەوت) کە حکومەتەکان دەتوانن قۆرخی بکەن و کەڵکی خراپی لێوەربگرن، لە بری ئەوەی پشت بە گەلەکانیان ببەستن و لە رێی سەپاندن باج بەسەریانەوە داهات بەدەست بهێنن، کاریگەری و ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی. لەم روانگەیەوە دەکرێت بوترێت کە رێی تێناچێت بتوانرێت بارودۆخەکە پێچەوانە بکرێتەوە بە بێ ئەوەی سەرەتا ئاڵوگۆڕ بەسەر فۆرمی حکومەتدا نەهێنرێت،



بە چەشنێك حكومەتێكی پتر شەفاف بێت و بە سەروەریی یاساوە پابەند بێت.

*** هەروەك ئاشكرایە كە یەكێك لە پەرەسەندنە بەرچاوەكانی دیكەی ئەم ناوچەیە كە هەموو لایەكی بەخۆوە سەرقاڵ كردووە، كێشە و ناكۆكیی نێوان ئەمریكا و ئێرانە، تێڕوانینی ئێوە چییە لەسەر ئەو فشار و سزایانەی كە ئەمریكا سەپاندوونی بەسەر ئێراندا كە دەیەوێت ئەو وڵاتە لە رووی ئابوورییەوە بەچۆكدا بێنێت، ئایا پێت وایە ئەم سزایانە سەربكێشن بۆ ئەوەی هەردوولا بگەنە رێككەوتن، یان ئێران و ئەمریكا بە شێوەیەكی حەتمی لەسەر رێڕەوی پێكدانن؟**

- لە راستیدا زۆر دژوارە بتوانین پێشبینی ئەوە بكەین كە روودەدات، لەبەر ئەوەی چەند گۆڕدراو هەن كە هەردوو وڵاتەكە بەرەو بارودۆخی هەڵكشان دەبەن. پێدەچێت سزاكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەسەر ئێران كاریگەری گەورەیان هەبێت، بە شێوەیەك كە بۆی هەیە سەركردایەتیی ئێران ناچار بكات هەنگاوێك هەڵبگرێت كە ئەم شێوازی كاركردنە گران لەسەر ئەمریكا بوەستێت لە رێی ئەوەی كە ئێران پەرچەكرداری هەبێت لەبەرامبەر فشارەكانی ئەمریكا لە عێراق، یان لوبنان یان لە فەلەستین، یان هەروەك ئەوەی ئەمریكا ئاماژەی پێكردووە كە ئەگەری روودانی لێدەكرێت، لە هێڵەكانی گواستنەوەی نەوت لە دەریادا. لە هەمان كاتدا، چەند كاراكتەرێكی بەهێز هەن، هەم لە ناوخۆدا و هەم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، كە هانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەدەن بۆ ئەوەی رێگاچارەی سەربازی لە دژی ئێران بگرێتەبەر، خۆ ئەگەر بێت و راپرسییەكان بەردەوام ئەوە پیشان بدەن و ئاماژە بەوە بكەن كە سەرۆك ترەمپ لە هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ساڵی داهاتوودا ئەدا و دەرئەنجامێكی خراپی دەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین مەحاڵ نابێت كە رەنگە مەیلی ئەوەی بۆ دروست بێت كە پەنا بباتەبەر سەركێشی سەربازی بۆ باشتركردنی پێگەی خۆی لە هەڵبژاردنەكاندا.

*** ناكۆكی و كێشەیەكی درێژخایەن و ئاڵۆزی دیكەی ئەم ناوچەیە بریتییە لە ناكۆكیی فەلەستین و ئیسرائیل، كە بەم دواییە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەشێك لەو دەستپێشخەرییەی ئاشكرا كرد كە ناونرا سەفقەی سەدە، كە ئاشكرایە چەقی قورسایی ئەم دەستپێشخەرییە بریتییە لە پرسی ئابووری و بنیاتنانی ژێرخان، پرسیارەكە ئەوەیە كە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە لە بەدیهێنانی دەرئەنجامێكی خوازراو سەركەوتوو بێت؟**

- ئەوەی بەدی دەكرێت لەم رووەوە ئەوەیە كە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە ئاشكرا لایەنگری دەكات بۆ بەرژەوەندیی حكومەتی هاوپەیمانێتی راستڕەو لە ئیسرائیل، بۆ نموونە، ئەوەتا باڵیۆزی ئەمریكا لەو وڵاتە بەم دواییە دووپاتی ئەوە دەكاتەوە كە یەزدان پشتیوانی ئیسرائیل دەكات، لەم روانگەیەوە رێی تێناچێت كە هەر دەستپێشخەرییەك بخرێتەڕوو قابیلی قبووڵكردن بێت بەلای فەلەستینیەكانەوە. هەرچەندە ئەوە راستە كە هاوكاریی ئابووری پێداویستییەكی بەپەلەیە بۆ دانیشتووانی كەناری رۆژئاوا و كەرتی غەززە، بەڵام تاوەكو ئەم كارە هاوشان نەبێت بە هەڵگرتنی هەنگاوی راستەقینە بۆ كۆتاییهێنان بە داگیركاری ئیسرائیل، ئەوا نابێتەهۆی بەدیهێنانی دەرئەنجامی خوازراو. لەبەر ئەوە بە دیدی من چارەنووسی ئەم پلانە شكست دەبێت.

**پێدەچێت سزاكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەسەر ئێران كاریگەری گەورەیان هەبێت، بە شێوەیەک كە بۆی هەیە سەركردایەتیی ئێران ناچار بكات هەنگاوێك هەڵبگرێت كە ئەم شێوازی كاركردنە گران لەسەر ئەمریكا بوەستێت لە رێی ئەوەی كە ئێران پەرچەكرداری هەبێت**

**بوونی سەرچاوەی بەهادار (بە چەشنی نەوت) كە حكومەتەكان دەتوانن قۆرخی بكەن و كەڵكی خراپی لێوەربگرن، لە بری ئەوەی پشت بە گەلەكانیان ببەستن و لە رێی سەپاندنی باج بەسەریانەوە داهات بەدەست بهێنن، كاریگەری و ئاكامی خراپی لێدەكەوێتەوە لەسەر پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی**



# ئۆپیک دێ گوهرینەکا مەزن پەیداکەت



د.بێوار خنسی
راوێژکارێ ئاسایشا ئابووریا پاراستنا هەرێما کوردستانێ

تایبەت ژ بۆ گولان ئامادە کریە

رێکخراوا وەلاتێن هنارتنا خاما نەفتێ کو پێك هاتیە ژ ١٤ وەلاتان، یا نافدارکری ب بنافێ(ئۆپیك) وە ب هاریکاریا ١٠ وەلاتێن دەرفەی ئۆپیك ل کونفراس خووی ێ ١٦٧ ل باژێری (فینا) بریارەکی دیروکی وێرانە لسەر (کێمکرنا بەرهەمێ هنارتنا خاما نەفتێ بو ٩ مەهیێن دیتربو ناف سویکا جیهانییا نەفتێ ب قەبارا -١,٢ ملیونەك ودوو سەد هزار برمیلێ نەفتا خام دایە) بو مەبەستا راگرتنا پارسەنگا دناف بەرا قەبارا بەرهەمێ نەفتا روژانە وقەبارا داخازا لسەر هەی) بو سەخمەراتیا (راگرتنا بەهایێ نەفتا خام) لسەر ئاستێ سویکا چیهانیا نە فتێ .

د ڤێ کومبونێدا (وان هەر ٢٤ وەلاتنا پروتوکولەکا بەردەوامی) ئیمزاکرینە).بەها وسەنگا وێ پروتوکولێ د ڤان خالیێن خوارێدا یا دیارە:

١. پروتوکول یا چورێ دائمی یە) دناف بەرا وان ٢٤ وەلاتان دا بو راگرتن وبەرزکردنا بەهایێ خاما نەفتێ د بەرژەوەندیا وەلات وەگەلیێن خودان هنارتنا بەرهەمێ نەفتا خام بن.

٢. بەرهەمێ وان ٢٤ وەلاتان ٤٧٪ ژ هەمێ بەرهەمێ روژانەیا خاما نەفتێ یە کە روژانە نێزیکی ٩٨ ملیون بەرمیلێت خاما نەفتێ بەرهەم تێن. قەبارا بەرهەمێ وان ٢٤ وەلاتا رولەکێ راستەخوو دێ هەبیت لسەر (کونترول کردنا بەهایێ نەفتا خام) وچورییێت دیترێێن مشتقاتێن بەرهەمێ پیشەسازیا نەفتا خام وگازا سروشتی.

٣. بو چارا ئێکێ یە، وەلاتیێن خودان شیانێن بەرهەمهینانا نەفتا خام ل هەمی کشورەییێن چیهانێ پشك داری د وێ پروتوکولێ دا کری، وەکو (روسیا، مکسیك، کازخستان،مالیزیا)، ئەفە ژی دێ بیتە پالدەر وهێز بو پشکداریا وەلاتێن دیتر یێن خودان بەرهەمیێن فروتنا نەفتا خام ل کومبونا داهاتیدا بێتەکردن ل مەها کانونا ئێکێ یا ئەف سالەدا.

٥. ئەف بریارە هاتیە دانان لسەر زوریا کەێشە



وئالوزی ونەسەقامگیریا چەند وەلاتێن ئەندام دناف رێکخراو (ئۆپیك)دا،، وەکو رەوشا وەلاتێن (فنزویلا، لیبیا، ئیرانێ) کەبوینە هوویا دابەزینا بەرهەمێ نەفتا خام دناف وان ٣ێ وەلاتان دا).

کاودان وکێشێن وەلاتێن خودان فروتنا خاما نەفتێ:

ئەو کاودان وکێشە ل جورێ نافخوی ودەرڤەینە، لەوانێ یاپ سەناهی نینە کو وەلاتێن خودان بەرهەمهینان وفروتنا نەفتا خام بشێین (کونترول کردنا سویك وبەهایێ نەفتێ بکەن)، لەوانێ ژی بەهایێ نەفتا خام لڤان چەند سالاندا ب (گور بەرزبویە ودابەزیە دناف بەرا (٣٠ $ تا ١٤٧ $ / بەرمیلەکا نەفتا خام) ئەفە ژی یا بویە، ودێ بیتە هوویا نەسەقامکیریێ وترسێ لسەر ئابووریا وەلاتێن نەفت وکازێ دفروشێن و دکرێن، ژبەر فێ چەندێ ژی (ئۆپیك وەلاتێن دەرفەی ئۆپیك) داخازێ وهەول ددن کو بەهایێ نەفتا خام وەکو ژێدەرەکیێ سەرەکیێ یێ زاخا چیهانیە بێتە کونترول کردن، وتوخیبەك بو بەهایێ نەفتا خام (٨٠$/ بەرمیلەکا نەفتا خام بێتە دانان،کو د بەرژەوەندیا هەمی وەلاتا ندا بیت.

کێشین دکەڤنە بەرا بەری کونترول کردنا بەهایێ نەفتا خام بڤان خالا تێنە دیار کردن :

١. پاشکەتن وپێشکەتنا ئاستێ ئابووریا وەلاتێن جیهانێ، بو نمونە پێشکەتنا ئاستێ ئابووری ل چینێ وهندستانێ بەران بەری پاشکەتنا وێ ل ئەمریکا وئێکەتیا ئەوروپا، ئەفە ژی راستە خوو تەشنە دکەتە سەر سویکا بازرگانییێ وپێش کەتنا ژین وژیان ل وان وەلاتاندا، لەوانێ هەر وەلاتەك هەول ددەت وان پێتگافا پافێت د خزمەتا وان وهەڤپەیمانێن واندا بیت،وە ئەفە دبێتە هوویا ململانێ ونەسەقامکیریێ دناف وەلاتان دا.

٢. شەرێ راستە خوو ونەراستە دهێتە کردن دژی وەلاتێن ئەندام دناف رێکخراوا (ئۆپیك) دا بو مەبەستا لەوازکردنا رولێ ئۆپیك، بو نمونە نووکە ٣ێ وەلاتێن ب هێز دناف ئۆپیك دا د وێ

قەیرانــێ دا دژین، وەکو (فنزویــلا، ئیران، لیبیا)،وە بــو هوویــا دابەزینا بەرهەمێ نەفتا خــام دناف وان ٣ێ وەلاتــان دا. وەلاتێــن ئۆپیــك خــودان ٧٥٪ ژ قەبــارا ئیحتیاتــێ نەفتا خاما چیهانــێ یە و٣٤٪ ژ بەرهەمهینانــا نەفتــا خــام وقەبــارەکا زورا کازا سروشــتیە. لەوانێ ژی ئۆپیك شــیان هەنە ل ئەفرو وســوباهی رولەکــێ مــەزن بکەت لســەر پێشــکەتن وپاشــکەتنا ئابــووری وبازرکانیــا وەلاتێــن جیهانێ برێــکا کونتــرول کردنــا بەرهەمی وبەهایــێ نەفتا خــام ل بازار وســویکا نەفتــا خام دا.

٣. بەرزبونــا قەبــارا بەرهەمــێ نەفتــا خــام ژ (بــەرێ زیتــێ) ا ل ئەمریــکا تــا نووکە کەهشــتیە نێزیکــی ٩ ملیــون بەرمیــلا / روژێدا. بــەرا بەری بەرزبونا بەهەمی نەفتا خام ل روســیا تا ١١ میلون بەرمیلا / روژێدا. لێ روســیا خودان شــانە وخودان بەرهەمــی فروتنــا نەفتــا خــام مــە، زێدەبــاری مەســترین وەلاتــە بــو فروتنــا کازا سروشــتی، لێ ئەمریــکا پێویســتیا ب ٢١-٢٣ ملیــون بەرمیــلا هــەی / روژێــدا، یان کــو بەرهەمــێ وێ تیرا وی وەلاتــێ نــا کــەت، کــە ناچــاراە روژانــە ١٢-١٣ ملیــون بەرمیلێــت نەفتــا خــام بکریــت، ژبلێ وێ چەنــدێ کــو شــانێت تکنولوجیا نوویــا یا کولان ودەێخســتنا نەفتــا خام وپــاگ کردنا شــوێنەوارین لەوتینــا ژینگەهێ یا کاتیە) وگرانیەکا زورە لســەر وان کومپانیێــت نەفتا خام بەرهەم دهینێن ژ (بەرێ زەیتــی)، چونکە بەهایێ دەرێخســتنا ئێك بەرمیلا نەفتــا خــام دکەهتە (٦٠ تــا ٨٠$).

٤. کریــن وفروتنــا نەفتــا خــام ب (دولاری-$) تێتــە کریــن وفروتــن، ل دەمەکــێ بەهایــێ دولاری ئاکنچــی نینــە، نووکە بەهایێ دولاری شکەســتیە، ئەڤــە ژی بارکرانیــەکا مە زنە لســەر وەلاتێن نەفتا خام دفروشــێن، وەکو وەلاتێن (ئۆپیــك)، بەرا بەری ژی، وەلاتێــن نەفتــا خــام دکرن (نەخاســمە وەلاتێن پیشەســازی) زور نەفتــا خــام دکرن بــو کارهینانێ بــو عومبارکردنا نەفتا خام) بــو تەنگاڤیا (ازمات) ل ئەکــرا راکرتنا و یــان گیروکردنا گەهاندنا نەفتا خــام بــو ناف ســویکا چیهانــی، وەکو نووکــە دیار کــو (گــەف وترســەکا مەزنا هــەی لســەر رێکیێن ڤەگوهاســتنا نەفتــا خــام - ل تەدگافــا هورمز و عەدەن گەمییێن فەکوهاســتنا نەفتا خام)بو ســویکا جیهانێ.

٥. داتاییــن لســەر قەربــارا عومبارکریــا نەفتــا خــام ل وەلاتێــن پیشەســازی وەکو ئەمریــکا بو ٥٦ ١روژا، المانیــا ١٢٠ فرنســا ٩٠ روژا،یاپــان ١٧٠ روژا،چینــێ ٦٥ روژا، هندســتان ٤٥ روژا) یــا بویــە هوویەکا قورس بــو راگرتنا پارســەنگا قابارا دگەهتە بازاری وقەبارا داخازا روژانە لســەر نەفتا خام.ئەفە ژی شــپا خوو کریە ســەر نەســەقامکیریا بەهایــێ نەفتــا خام

٦. هەر وەســا نەبونا داتاییێن راستگوییێن چیهانێ لســەر ئاستێ پێشکەتن وپاشــکەتنا ئابووریا وەلاتێن زور نەفــت وکازا سرزشــتی بکاردهینێــن، بوینــە ئاســتەنك بــو کونتــرول کردنا بەهایــێ نەفتا خام.

٧. کارهینانــا تکنولوچیــا نــووی بــو پەداکــردن وبەرزکردنــا ریژەهیــا ٪ ژێدەرێن زاخــێ دەنکویەکی بــلاف کریــە کو لپاشــە روژێــدا داخاز لســەر نەفتا خــام دێ کێــم بیــت، لــێ زور بەیــا داتاییێن دیتر، وەکــو( زێدەبونــا مروفــا، پێشــکەتنا ئابــووری، ئەرزانیــا نەفتا خام بــەران بەری بەهایــێ ژیدرییێن دیترێــن زاخــی )دیار دکە کو داخازی لســەر نەفتا خــام بــەرف بەرزبونــەکا مەزن دچیت وترســەك ژی پەیداکریــە کــو لپاشــە روژێ دێ ئابووریا چیهانێ بــەر خرابیفــە چیــت، چونکــە قەبــارا ئیحتیاتــێ نەفتا خام ل چیهانێ بەشــی ٤٠-٤٥ ســالییێن دیتر دکــەت وقەبــارا کازا سروشــتی بو ٦٠-٦٥ ســالییێن دیتر دکەن، لەوانی هەر نووکە وەلاتێن پیشــە ســازی هــەول دەدن بو پێشــکەتنا کارهینانا ژیدلاییێن دیترێن زاخــێ بــدەن داکو پیشــێن ڤالاهیــا کێمبونــا نەفت وکازێ پربکــەن پشــتی ٤٠-٦٥ ســالییێن بوریدا.

٨. قەربــارا نەفتــا خام یــا نە ئاکنجیــە لبەر ٧ هوویێــن ســەری هاتینــە دیار کــردن زێدەبــاری بەر فرەهبونــا مللملانێ ورگاتییــا -وتیروری- الارهاب، و گــەف بــو کارهانینــا هیزییێــن لەشــکەری بــو چارەســەکردنا ئالــوزی وکیشــان دناف بــەرا وەلاتێن پیشەســازی و وەلاتێــن خــودان ژێدەریــن ئیحتیــات وبەرهەمــی نەفــت وکازا سروشــتی بوینــە هوییێــن کارتێکردنــی لســەر بەرزبــون ودابەزینــا بەهایــێ فروتــن وکرینــا نەفتا خــام وکازا سروشــتی

٩. جاران ژی فاکتریێن سروشــتی،وەکو (سەقای، بەربزبونــا پێلیــت ئافــێ، هــوورە باییــت دژوار،خول باریــن، زلــزال وبەراکین) کارێ خوو لســەر بەرزبون ودابەزینا بەهایێ نەفتا خام وکازا سروشــتی هەیە.

قازانجــی ٢٤ وەلاتێــن رێکەفتنا فینــا ئیمزاکری بــو دابەزرینــا بەرهەمێ نەفتا خام بــو ٩ مانگیت دیتر؟

ئــەف بریارە د خزمەتا هەمــی وەلاتێن نەفتا خام

دفروشن، وە دێ بیتە هووسا پتر سەقامگیرێ وهێمنیێ لسەر ئاستی زاخا جیهانی، تایبەت لسەر (ژیدەرێن سەرچاف ودەرهینان وهنارتنا نەفتا خام وکازا سروشتی بو ناف بازارا چیهانیدا)،نەخاسمە ل حەوزا کەندافی (تەنگافا هورمز، عەدن، زێرەفانیا گەمییێت بارهەلکردنا نەفتا خام وگەمییێن دیترێن بازرکانی).

قازانجا ئێراقا فیدرال دناف وان ٢٤ وەلاتاندا وەکو نمونە:

ئێراقا فیدرالی لسەر ئاستێ بەرهەمئینانا نەفتا خام د ریزا ٣ێ دایە پشتی روسیا وسعودییێ.

زوربەیا بسپورییێن جیولوجی وئابووری وبازرگانی هووشداری دابو رێکخراوا ئۆپیك وەلاتێن دەرفەی ئۆپیك) دا کو (نووکە روشا سویکا جیهانیا نەفتیێ وکازێ د ئاستەکی خراب دایە، قەبارا نەفتا خام ل سویکا نەفتیێ پترە ژ قەبارا داخازا لسەر کرینا نەفتیێ، ئەفە ژی دی بیتە هوویا ئەرزانبونا نەفتا خام،؟ لەوانێ هەکەر کومبونا ١٦٧ یا رێکخراوا ئۆپیك وەلاتێن دیترییێن خودان بەرهەم هینان وفرۆیتنا نەفتا خام) کار پێکفە بکەن بە کێمکردنا بەرهەمێ نەفتا خام ب قەبارا ١,٢ تا ١,٨ ملیون بەرمیلا / روژێدا بو دەمی ٦تا٩ مانکێ دیتر)، ئەو بریارە دێ بیتە هوویا بەرزبونا بەهاییێ نەفتێ تا ١٠ دولارا/ بەرمیلا، وە هەکر بریاری کیمکردنا نەفتا خام نەدەن؟ دێ بەهاییێ نەفتا خام ب کێمی بو ١٠ دولارا / بەرمیلا نەفتا خام دێ کێمتری نووکە لێ هێت.

پشتی چەند (کات ژمێرا ل بریارا کێمکردنا بەرهەمێ نەفتا خام دناف وان ٢٤ وەلاتان دا)، (بەهاییێ نەفتا خام ب رێژەها ٢,٧٪ - نێزیکی ٢ دولارا کران تر لێ هات)، وە هەر دەمێ بریار بدرستی بکەفتە کاری دناف وان ٢٤ وەلاندا ب ر یژە وقەبارا بو وان هاتیە دیار کردن ؟ دێ بەهاییێ نەفتاخام دێ بەرز بیت تا نێزیکی ١٠ دولارا بەران بەری بەهاییێ بەری بریارێ وان ٢٤ وەلاتان دای.

ئێراقا فیدرال ل مەها گولان (١١٠ ملیون بەرمیلێت نەفتا خام فروتبون ب بەهاییێ ٦٦$/ بەرمیلیێ،و ل مەها خزیرانیێ دا،قەبارا (١٠٧ ملیون بەرمیل) فروتینە، ب بەهاییێ(٦٠$/ بەرمیلیێ)، ب قەبارا ٣,٥٢٠ ملیون برمیلا / روژیدا).

هەکەر بێت ل مەها نووکەیا تیرمەهێ (روژانە ٣,٥٢٠ بەرمیلا بفروشیت ؟ دێ روژانە ٢-تا ١٠ دولار - یا ٦٢ تا ٧٠$/ بەرمیلەکێ)) کران تری مە بەهاییێ مەها خزیرانیێ(٦٠ $/بەرمیلا نەفتا خام هیتە فروتن. ئەفە قازانجی ئیراقا فیدرال د وی بریاری دا بە قەبارا دناف بەرا(٢١١,٢٠٠ ملیون$ / مەها تیرمەهێ تا ١,٠٥ ملیار وپێنج ملیون دولارا/ مەها تیرمەهێ دا). ئەف ژی قەبارەکا بەرزە داهاتیێ یە بو ئێراقا فیدرالی و پالدەرەکە بو بروسێسا ریچفەبەریا وەلاتی. هەکەر ئیراقا فیدرالی ب قەبارا پارا خوو ١٤١ هزار برمیلا کێم بکەت ،لدویف بەهایی سەری هاتیە تەخمین کردن (٢- تا ١٠ $ / بەرمیلا نەفتا خام ، ئەفە داهاتیێ،وێ دی نیریکی (٨٤٨ هزار دولارا بو ٥٢,٣ ملیون دولارا کێم کەت،بەران بەرای بەرزاهیا بێتە کردن بو (٢١١,٢٠٠ ملیون دولارا تا ١,٠٥ ملیار دولار د ما تیرمەهێدا). ژبلی بەهاییێ ١٤١ هزار بەمیلا(٦٠$/ بەرمیلی کو دکەهتە نێزیکی (٢٥٣,٨ ملیون دولارم مەهێدا). ئەف ژی زێدە دێ بو ئێراقا فیدرال زڤریت.

ئەف قازانچە بو هەمی ئێراقا فیدرالە، وە ژوان ژی بو هەرێما کوردستانێ، راتکرتن وبەرزکردنا بەهاییێ نەفتا خام دێ بیتە هوویا زێدەبونا داهاتیێ هەرێما کوردستانێ و دی بیتە پالدەرەك بو (کابینا داهاتیا حکومە تا هەرێما کوردستانێ) بو پەرەپێدان و گەشەپێدانا ژین وژیانا خەلکێ کوردستانێ.

هەر دەمی بریاریا وا ن٢٤ وەلاتان بکەفتە د کارێ پراکتیکی – عملی دا بو کێمکردنا بەرهەمێ نەفتا خام ب وێ قەبارا دیار کری، زێدەباری رولێ وان ٢٤ وەلاتا ب بەرهەم وقەبارا ئیحتیاتێ نەفتی ل چیهانێ، دێ گوهرینێن پێش چاف پەیدابین، وبەری هەر شتەکی دی بەرهەمی وان کورهینا د خرمە تا گەل وەلاتیێن خودان شان یێن ئیحتیات وبەرهەمێ فروتنا نەفتا خام بیت.

ل گوتاهییێ دا، ئەف (بریارە یاپ سەناهی ژی نابیت)، لێ مەزن دبێژن (سەد گوتن گوری کریارەکی بن) لەوانێ ژی، ئەو ٢٤ وەلات بەران بەری تاقیگەها – امتحان – پر ئومێد هەینە، وان ژی بریارەکێ شێرانە ودیروکی دایە، دڤێت چوو فشارییێن دەرەکی یێت خوازکری ونە خوازکری نە بینە هوویێن سێست بونا وان ٢٤ وەلاتان لسەر وی بریارێ دیروکی.




## دارا جەلیل خەیات
### سەرۆکی یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم:

# ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دۆخەکە بۆ کاری وەبەرهێنان لە هەموو کات لەبارترە

هاتنی شاندێکی باڵای ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق و بە یاوەریی دەیان وەبەرهێن و بیزنسکارو گەورە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە، ئاماژە و پەیامێکی گرنگ بوو، بەوەی ئەمریکا و جیهان بە گرنگییەوە دەڕواننە هەرێمی کوردستان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی پەیوەندیداری دیکەی تایبەت بە ئاسۆی کرانەوەی کوردستان بە رووی دەرەوە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم کرد، ئەویش بەم جۆره وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** هەموو نیشانە و ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە هەرێمی کوردستان پێشڤەچوون و گەشەسەندنی گەورە بەخۆوە دەبینێت، وەکو سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، چۆن دەڕوانیتە ئەو نیشانە و قۆناغە نوێیەی کە کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی و ئابووریدا پێیدا تێپەڕ دەبێت؟**

- شکاندنی ئابڵوقەی ئابووری و دەستپێکردنی جموجووڵی بازرگانی و بووژانەوەی ئابووری کارێکی ئاسان نەبوو، دەستکەوتێکی گەورەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی پێشووی حکومەت بوو، کە بەپاڵپشتی جەنابی مسعود بارزانی توانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق ئاسایی بکاتەوە، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا و وڵاتانی دیکە، لەمەش گرنگتر سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ بوو، هەر لە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و هاتنی بەلێشاوی ئاوارە و پەناهەندە، تاوەکو دابەزینی بەهای نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانیەکاندا، بەڵام خۆشبەختانە توانرا سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لەم هەرێمەدا بپارێزرێت و هەرێم لە عێراق و ناوچەکەدا وەکو شوێنێکی سەقامگیر و ئارام بمێنێتەوە، بەمەش بازاڕەکانی کوردستان بووژانەوە، چونکە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بنەمای سەرەکیی هەموو جموجووڵێکی بازاڕ و بازرگانی و پێشڤەچوونێکە، هەرچۆنێك بێت وردە وردە تەحەدداکانمان تێپەڕاند و بازاڕەکانی کوردستان جموجووڵی تێکەوتۆتەوە و ڕەوشی بارزگانی بەرەو باشی دەچێت و ژمارەی هاتنی کۆمپانیا بیانییەکانیش رووی لە زیادبوون کردووە، داهاتەکانی کوردستان زیادیان کردووە و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە دێت و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نزیك بووەتەوە، کە ئەوەندەی دیکە ئاسۆکانی گەشەسەندن و سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی پتەوتر دەکات، چونکە حکومەتێکی بەهێز ئابوورییەکی بەهێز دابین دەکات، هەموو ئەم گۆڕانکاری و سەقامگیرییانەش هۆکارن بۆ باشبوونی ڕەوشی ئابووری و گەیشتن بە قۆناغی سەقامگیریی ئابووری، بەتایبەتی ئەگەر بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی پەرلەمانی کوردستان دەستکاریی کۆمەڵێك یاسا و ڕێنمایی بکات، کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی کارو پرۆژەی کۆمپانیاکان و بەگەڕخستنی وەبەرهێنان لە هەر سێ کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا، هەروەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی گەشتیاریدا بە ڕوونی دەستی خستەسەر گرفت و کێشەکانی ئەم کەرتە.

*** هەر سەبارەت بە هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان و واژۆکردنی پرۆتۆکۆڵ و یاداشتەکانی لێکتێگەیشتنی ئابووری لەنێوان ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم و وڵاتانی بیانی، کە دواجار واژۆکردنی پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتنی نێوان ژووری بازرگانی ئەمریکای لێکەوتەوە، ئایا ئەم پرۆتۆکۆڵە بۆ ئایندەی ئابووریی هەرێمی کوردستان چ ئاماژەیەك دەگەیەنێت؟**

- ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەردەوام هاوکاریی هەرێمی کوردستانی کردووە، ئەو زلهێزە ئابووری و سیاسییەی جیهان مەبەستێتی ئەم هاوکارییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت و تەنیا لە هاوکاری لۆجستیی و سیاسیدا نەوەستێت، بەڵکو مەبەستییێتی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەوتر بکات و گەورە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتەش لە ڕێگەی کوردستانەوە پێگەی خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەموو عێراق بەهێز بکەن، لە ڕوویەکی دیکەوە پاڵپشتیی ئابووریی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان واتا پاڵپشتیکردنی گەورەترین ئابووریی جیهان و سەقامگیری و ئارامی بە سەرمایە و بیزنسکاران و وەبەرهێنانی کوردستان دەدات، دروستکردنی گەورەترین کونسوڵخانە لە هەولێر سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هەرێمی کوردستان بە ستراتیژیەتی خۆی دادەنێت، لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی ئەمریکا دروست کردووە، ئەو ژوورەی کە ١٠٠ ژووری لە سەرانسەری ولایەتەکانی ئەمریکادا لەخۆگرتووە و سێ ملیۆن ئەندامیان هەیە، هەڵبەتە جگە لە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی بازرگان و بیزنسکارانی ئەمریکا کە لەهەرێمدا بەدوای هەلی کارو پرۆژەدا دەگەڕێن، هاوکات ژمارەیەك کۆمپانیای بواری نەوت و بەڵێندەرایەتی و بازرگانیی ئەمریکاش لەم هەرێمە هەن، هاتنی ئەم شاندە باڵایەش بە سەرۆکایەتی (ستیف لوتەس) جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە یاوەریی باڵیۆزی ئەو وڵاتە و ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیاو گەورە بازرگان و بیزنسکار ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەقامگیریی ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی

**شکاندنی ئابڵوقەی ئابووری و دەستپێکردنی جموجووڵی بازرگانی و بووژانەوەی ئابووری دەستکەوتێکی گەورەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بوو، کە بەپاڵپشتی جەنابی مسعود بارزانی توانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق ئاسایی بکاتەوە**

**وردە وردە تەحەدداکانمان تێپەڕاند و بازاڕەکانی کوردستان جموجووڵی تێکەوتۆتەوە و ڕەوشی بارزگانی بەرەو باشی دەچێت و ژمارەی هاتنی کۆمپانیا بیانییەکانیش رووی لە زیادبوون کردووە**

**دروستکردنی گەورەترین کونسوڵخانە لەهەولێر سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هەرێمی کوردستان بە ستراتیژیەتی خۆی دادەنێت**

**پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ ژووره بازرگانییەکانی ئەمریکا دروست کردووه، ئەو ژوورەی کە ١٠٠ ژووری لە سەرانسەری ولایەتەکانی ئەمریکادا لەخۆگرتووه و سێ ملیۆن ئەندامیان هەیە**

**بەردەوام لە ڕێگەی ژووره بازرگانییەکانی عێراقەوه بەلایەنی حکومەتی عێراقیمان وتووه، کە گەمارۆ و سزادانی ئابووری تەنیا زیان بە خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناگەیەنێت، بەڵکو زیانی بۆ تەواوی عێراق و ئابوورییەکەی دەبێت**

**لەنێوان بازرگان و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان و بازرگان و کۆمپانیاکانی وڵاتانی فەرەنسا، تورکیا، ئیمارات، ئیسپانیا، سعودییە، لوبنان، ئەڵمانیا، هیندستان و چەندین وڵاتی دیکە هەنگاوی باش نراوە**

**زۆربوونی ژمارەی پێشانگا بازرگانی و پسپۆڕییەکانیش بەڵگەن بۆ بەهێزبوونی ئەو پەیوەندییانەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە کۆمپانیاو وەبەرهێنە بەناوبانگەکانی جیهان، ئەمەش بۆ کەرتی تایبەت و بووژانەوەی بازارەکانی ناوخۆ جێی ئومێد و دڵخۆشییە**

هەرێمی کوردستان و باشبوونی دۆخی دارایی کوردستان، ئەوان بە گرنگییەوه دەڕواننە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەربۆیە ئێمەش سوپاسی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان کرد، بۆ ئەو پێشوازی و ئامادەبوونەی بەڕێزیان کە لە ڕێوڕەسمی واژۆکردنی پڕۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتن و بەهێزبوونی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان کوردستان و ئەمریکا نواندی، دوای ئەم سەردانەی شاندی باڵای ژووره بازرگانیەکانی ئەمریکا چەندین دیدارو چاوپێکەوتنی گرنگیان لەگەڵ گەوره بەرپرسانی هەرێم و پارێزگارەکانی کوردستان ئەنجامدا، ئەوەشیان نەشاردەوه کە ئەوان خوازیارن لەهەرێمی کوردستانەوه بۆ تەواوی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕوو لە ئاوەدانکردنەوه و بەدەستهێنانی هەلی کار بکەن، ئەمەش ئومێدێکی زۆر بەکەرتی تایبەت و بووژانەوەی کاری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستاندا دەدات، بەتایبەتی ئەگەر بێت و بەم نزیکانە یاداشتنامەکە بکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوه و ببێتە هۆی بەهێزبوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی سەدان هەلی کار بۆ گەنجەکانمان.

*** عێراق بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕ دەبێت و هەموو ئەگەرەکان بەرەو ئەوه دەچن کە هەڵمەتێکی فراوانی ئاوەدانکردنەوه لەم وڵاتەدا ڕوودات، ئایا ئێوه وەکو نوێنەری بازرگان و پیشەسازیکارانی کوردستان لەم ڕووەوه ڕاوبۆچوون و پێشنیارەکانتان چین، تاوەکو پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق بچێتە چوارچێوەی ستراتیژی و ململانێ سیاسییەکان کاریگەریی نەرێنیان لەسەر ئەم پەیوەندییانە نەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، ئێمە بەردەوام لە ڕێگەی ژووره بازرگانییەکانی عێراقەوه بەلایەنی حکومەتی عێراقیمان وتووه، کە گەمارۆ و سزادانی ئابووری تەنیا زیان بە خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناگەیەنێت، بەڵکو زیانی بۆ تەواوی عێراق و ئابوورییەکەی دەبێت، تەنانەت پەیوەندیی ئابووریی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەشەکانی دیکەی عێراق تەواوکاریی ئابوورییە و بۆ هەردوو لا گرنگن، بۆیە بەردەوام داوامان لە حکومەتی عێراق کردووه، هاوکاریی کەرتی تایبەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، کە سوودی بۆ هەردوولایەنی عێراقی و کوردستانی هەیە، پێویستە لەمپەرەکانی بەردەم پێشکەوتنی کەرتی تایبەت هەڵبگیرێت، بەتایبەتی لەمپەرەکانی بەردەم ئاڵوێری بازرگانی و ڕۆتین، کە کاریگەریی خۆی لە سەر لاوازیی چالاکیی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو لا هەیە، لە بەرنامەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی-یشدا هاتووه کە پەیوەندییەکانی ناوەند لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوه و لە خزمەتی هەموو گەلانی عێراقدا بێت.

*** ئایا جگە لە بیزنسکار و وەبەرهێنەرانی وڵاتی ئەمریکا، شاندە بازرگانی و ئابوورییەکانی وڵاتانی دیکەی ئەوروپایی و ئەفریقیایی و عەرەبی، ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووه؟**

- هاتنی شاندە بازرگانی و وەبەرهێنە بیانییەکان لەسەرانسەری دنیاوه دەستی پێکردووه، لەم ڕووەوه وەك یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان چەندین پڕۆتۆکۆڵ و ڕێکەوتنی لێکتێگەیشتنمان واژۆ کردووه، بۆ نموونە لەگەڵ ژووری بازرگانیی میلانۆ، لە ڕووی هاتنی شاندە بیانییەکان و ئەنجامدانی دیدارەکانیشەوه لەنێوان بازرگان و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان و بازرگان و کۆمپانیاکانی وڵاتانی فەرەنسا و تورکیاو ئیمارات و ئیسپانیا و سعودییە و لوبنان و ئەڵمانیاو هیندستان و چەندین وڵاتی دیکە هەنگاوی باش نراوە، هەروەها چەند پڕۆتۆکۆڵێکیشمان لەگەڵ یەکێتیی ژووره بازرگانییەکانی وڵاتی چیکدا واژۆ کردووه، ئەمە وێڕای بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئابووریی عێراق لە لەندەن، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییە بازرگانیەکانمان لەگەڵ وڵاتی بیانی بەهێز کردووەو لە چەندین کۆنفرانسی بازرگانی و ئاوەدانکردنەوه لە دەرەوەی وڵات بەشدار بووین، لەوانە لە یۆنان لە کۆڕبەندی کاری وەبەرهێنانی عێراقی ئەورووپی بەشدار بووین، لە پاریس لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و کۆڕبەندی ئابووریی جەزائیر بەشدار بووین، لە هانۆڤەری وڵاتی ئەڵمانیاش کۆنفرانسی وەبەرهێنان لەنێوان ئەڵمانیا و عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، زۆربوونی ژمارەی پێشانگا بازرگانی و پسپۆڕییەکانیش بەڵگەن بۆ بەهێزبوونی ئەو پەیوەندییانەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەوره کۆمپانیاو وەبەرهێنە بەناوبانگەکانی جیهان، ئەمەش بۆ کەرتی تایبەت و بووژانەوەی بازارەکانی ناوخۆ جێی ئومێد و دڵخۆشییە.

*** لە سەرەتای قسەکانتدا باسی ئاساییبوونەوه و پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانت**

**کرد لەگەڵ هەردوو وڵاتی دراوسێ (تورکیا و ئێران)، کە پەیوەندییەکی لەمێژینە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەو دوو وڵاتەدا هەیە، ئایا پەیوەندییەکانی ئابووری لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە لە چ ئاستێکدایە؟**

- ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی پیشەسازیکاران و پیاوانی کاری تورکی – عێراقی پەیوەندیی باشمان هەیە و پەنێڵێکمان لەژێر ناونیشانی (دەرفەتی بازرگانی و وەبەرهێنان لە عێراق و هەرێمی کوردستان) سازکردووە، لەم دواییەشدا لەسەر ئاستی لوتکە و بە بەشداریی دەیان کۆمپانیای تورکیا، کۆنگرەیەکی فراوان لەهەولێر ئەنجامدرا. سەبارەت بە وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران پەیوەندییەکی لەمێژینەیە لەهەموو ئاست و بوارێکدا، تا ئەمرۆش بازاڕەکانی کوردستان لەبەردەم بەرهەمەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کراوەن، ئەم پەیوەندییە وێڕای گرفت و کێشە سیاسییەکان و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئێمە ویستوومانە خۆمان لە گرفتە سیاسییەکان بەدوور بگرین، هەربۆیە قەبارەی بازرگانیی نێوان ئێمەو کۆماری ئیسلامی ئێران گەیشتۆتە سەرووی شەش ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، بەدەیان کۆمپانیای ئێرانی و کارگەی ئەو وڵاتەش لە کوردستان کار دەکەن و سەرمایەی خۆیان بەگەڕ دەخەن، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئابووری هەردوو لا هەیە، لەژێر چاودێریی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان یەکێتی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان گەورەترین کۆنفرانسی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لەهەولێر کرایەوە، ئەو کات وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و کانزانی ئێران و وەزیری پیشەسازی حکومەتی عێراق نوێنەرانی سەرجەم پارێزگاکانی تاران و ئەسفەهان و ورمێ و کرماشان و سنە و ئازەربایجانی رۆژئاوا و هەمەدان و ژمارەیەکی یەکجار زۆری گەورە وەبەرهێن و کۆمپانیای ئەو وڵاتە ئامادەبوون، تەنانەت بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، وەزیری دەرەوەی ئێرانیش لە کۆنفرانسێکی دیکەدا سەردانی یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کرد، ئەمانە هەمووی نیشانەیەکە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چەندین کۆنفرانس و بۆنەدا جەختی لەسەر گرنگی و رۆڵی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان کردۆتەوە، ئایا تا چ رادەیەك کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست گۆڕانکاری و قۆناغە نوێیەکەدایە؟**

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێ پەنجەی لەسەر دەربازبوون لە قۆناغی قەیران دیارە و بەڕێزیان لە چەندین بۆنەدا بەتایبەتی لە کردنەوەی پێشانگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەشتیاری لە وتارەکەیدا زۆر بە روونی باسی لە رۆڵی کەرتی تایبەتی لە پەرەپێدانی ئابووری کوردستان کرد، بگرە هەموو گیروگرفتەکانی کەرتی گەشتیاریی دەستنیشان کرد و رێنمایی پێویستیان ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت کرد، هەروەها کەرتی گەشتیاری وەکو کۆڵەگەیەکی پەرەپێدانی ئابووری سەیر کردو بەڵێنی فەراهەمکردنی کارئاسانی بۆ ئەم کەرتە دا، لەلایەکی دیکەوە لە کۆنفرانسی پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی کە لەمانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٨ لەهەولێر بەڕێوەچوو، بە وردی باسی کێشەو گرفتەکانی کەرتی پیشەسازیی کرا. هەروەها بە داتاو ژمارە لە پانێڵەکانی ژوورەکەماندا دەرمانخست، بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر ٣٨٤٠ پرۆژەی بازرگانی و پیشەسازی هەن و نزیکەی هەشت ملیار دۆلار سەرمایەیانە و ٢٥ هەزار دەرفەتی کاری دەستەبەر کردووە. لەدوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەت هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕ دەبین، هەربۆیە پێویستە جگە لەنەوت پەرە بە سێکتەرەکانی دیکەش بدرێت، داهاتی خەڵك بەرز بکرێتەوە و هەلی کاری زۆر دابین بکرێت، کەرتی تایبەتمان روو لەبازاڕە نوێیەکان بکات و بازاڕەکانی عێراقیش فەرامۆش نەکات، چونکە بازاڕێکی گرنگە بۆ کۆمپانیاو ساخکردنەوەی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان، پێویستە ئێمە خۆمان بۆ قۆناغی نوێ ئامادە بکەین و لەئاست بەرهەمی بیانی و کوالێتی بەرز و متمانەی بازاڕەکانی عێراقدا بین، پەرلەمان و حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لە قاڵبی دابڕان و چەقبەستوویی بێنە دەرەوە و روو لەکاری هاوبەش و لێکتێگەیشتن بکەن، چونکە ئەمرۆ بۆ کاری وەبەرهێنان و بیزنس لە هەرێمی کوردستان دۆخەکە لەهەموو کات لەبارترە، بەتایبەتی کە ناوخۆی هەرێمی کوردستان سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی تێدایە.

**پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران پەیوەندییەکی لەمێژینەیە لەهەموو ئاست و بوارێکدا، تا ئەمرۆش بازاڕەکانی کوردستان لەبەردەم بەرهەمەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کراوەن**

**قەبارەی بازرگانیی نێوان ئێمەو کۆماری ئیسلامی ئێران گەیشتۆتە سەرووی شەش ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، بەدەیان کۆمپانیای ئێرانی و کارگەی ئەو وڵاتەش لە کوردستان کار دەکەن و سەرمایەی خۆیان بەگەڕ دەخەن**

**لەدوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەت هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕ دەبین، هەربۆیە پێویستە جگە لەنەوت پەرە بە سێکتەرەکانی دیکەش بدرێت**

**پێویستە ئێمە خۆمان بۆ قۆناغی نوێ ئامادە بکەین و لەئاست بەرهەمی بیانی و کوالێتی بەرز و متمانەی بازاڕەکانی عێراقدا بین، پەرلەمان و حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لە قاڵبی دابڕان و چەقبەستوویی بێنە دەرەوە**

# سۆشیاڵ میدیا و دروستکردنی رۆژنامەنووسی دیجیتاڵی

دیاریکردنی رۆژێك بە تەنیا لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسانی جیهانی لە ئەمساڵدا کە لە رۆژی ٢٠١٩/٤/١١ لە شاری تونس بۆ باسکردن لە «رۆژنامەنووسی دیجیتاڵی» بەسترا، تایبەتمەندی و گرفت و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵی نیشانەی گرنگیی ئەم بابەتەیە، کە دەرهاویشتەی سۆشیال میدیا و پەیج و ئەکاونتە کەسییەکانە، کە دروستکەری، یان شوێنی کارکردنی زۆرێك لەو جۆرە رۆژنامەنووسەیە کە پێی دەوترێت رۆژنامەنووسی «دیجیتاڵ»، لەوێ نزیکەی نۆ بابەت لەلایەن نوێنەری سەندیکاکانی جیهان و کەسانی ئەکادیمییەوە پێشکەش کرا، لەبارەی ئەوەی کە چۆن سەندیکاکانی رۆژنامەنووسانی جیهان رووبەڕووی جۆرێك لە رۆژنامەنووس بوونەتەوە، کە لە زۆر رووەوە لە رۆژنامەنوسە نەریتییەکانی دەزگاکانی راگەیاندنی وەك رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن جیاوازن، تا ئەو راددەیەی کە رەنگە سەندیکاکانی پێشوو نەتوانن ببنە لانەیەك، یان ئۆرگانێك کە ئەو رۆژنامەنووسە دیجیتاڵییانە لەخۆبگرن و داکۆکیکاری ماف و پێداویستییەکانیان بن. چونکە جیاوازیی تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە لە رۆژنامەنووسە «دیجیتاڵ رۆژنامەنووس» لە رووی پرۆفیشناڵی، ئیتیك، یاسایی، جۆری کارکردن و سیستمی کارکردن و کرێ و داخوازییەکانەوە لە رۆژنامەنووسە نەریتییەکان جیاوازە، زۆربەیان خاوەن ناسنامەیەکی رۆژنامەنووسی نین، کە لەلایەن دەزگایەکی راگەیاندن، یان سەندیکاوە پێیان درابێت، ئیتر چۆن دەتواندرێت بدۆزرێنەوە، یان دیسپلین بکرێن، یان پابەندی بنەما پیشەیی و ئیتیکییەکان بکرێن، یان ئەوانەی کە ئامێری نوێی تەکنەلۆژیا جۆرێك لە کاری رۆژنامەنووسی بۆ هێناونەتە بوون، کە لە ماڵەکەی خۆیاندا بە مۆبایل، یان کۆمپیوتەر چەندین کاری پارچە و رۆژنامەنووسی دەکەن و دەیفرۆشن بە دەزگاکانی



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕاگەیاندن، یان کارگە و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان بە بێ پابەندبوونیان بە یاسا و ئیتیك و ڕێنمایی هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن، یان سەندیکایەکی ڕۆژنامەنووسییەوە. بۆیە ئەم باسانە پرسیارگەلێکی لای ئامادەبووانی کۆنگرەکە ورووژاند و دیارترینیشیان ئەوە بوو کە ئایا پێویستمان بە کۆکردنەوەی ئەمانە دەبێت لە ژێر ناوی سەندیکایەکدا کە ناوی سەندیکای «دیجیتاڵی» بێت، یان چۆن سەندیکاکانی پێشووی ڕۆژنامەنووسان بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە لە ڕۆژنامەنووس بکەن، یان کێ پارێزەری ماف و داواکارییەکانیان بێت، لەکاتێکدا دەزانین پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە زۆربەی پارچەکانی جیهاندا پیشەیەکی مەترسیدارە و ڕۆژنامەنووس بە کۆن و دیجیتاڵییەوە ڕووبەڕووی جۆرەکانی پێشێلکاری دەبنەوە، ئیدی هەر لە کوشتنەوە بیگرە تا ڕێگریکردن و لێدان و گرتن و.. هتد، ئەمە جگە لەوەی بوونی میدیا بە پیشەسازی و سەرهەڵدانی کۆمپانیا زەبەلاح و بەرهەمهێنەرەکنی میدیا لە ئەمڕۆدا وایکردووە کە ڕۆژنامەنووس وەك کرێکار، ڕۆژانە لەو کارگانەدا کاردەکات، بە پێی سەعاتی کارکردن وەك فەرمانبەر، یان پارچە، تا ئەوا ڕاددەیەی لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەمریکا بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بە هۆی پیشەسازیی میدیاوە دروست بوون و لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمە میدیاییەکاندا کاردەکەن، سەندیکایەك بە ناوی (سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانەی میدیا) دامەزراوە.

ئەمانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە سۆشیاڵ میدیا و میدیای نوێ، بەرهەم و ڕۆژنامەنووس و ژینگەیەکی ڕۆژنامەگەریی نوێی هێناوەتەبوون، کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا سەرلەنوێ هەموارکردنەوەی یاسای ڕاگەیاندن و یاسای تایبەت بە ڕۆژنامەنووس و سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسمان پێویستە.